
## چاپکراوی نوێ

(ڕۆدان) ناونیشانی کتێبێکە لە نووسین و ئامادەکردنی حەمە هاشم، ئەم کتێبە هەر وەك نووسەر دەڵێت: ئەو خولیایە بوو هاتە دی، کاتێ سەفەری پاریسی پایتەختی فەرەنسای کردووەو چۆتە موزەخانەیەکەوە کە پەیکەرێکی بیرمەند( فرانسوا ئۆگێست رنێە ڕۆدان)ی تێدایە و بەناوی ئاویش ناسراوە، ڕۆدان لە ساڵی ١٨٤٠ لەدایك بووەو لە ساڵی ١٩١٧ کۆچی دوایی کردووە.. ناوبراو یەکێکە لە بەناوبانگترین هونەرمەندی پەیکەسازی فەرەنسی و پێشەنگی پەیکەرتاشە گەورەکانی سەدەی نۆزدە هەژماردەکرێت، نووسەر لەم کتێبەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆدان پەیکەرو کارە هونەرییەکانی بە جۆرێك دەچنە خانەی هونەری ئیمپرێشیزمی تازەوە، ژیاننامەو گۆڕانکاری و قۆناغەکانی ژیانی ئەو هونەرمەندە لاپەڕەکانی دیکەی کتێبەکەی گرتۆتەوە..

وێڕای باسکردنی ژیان و بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە، چەندین وێنەی پەیکەر لەنێو ئەم کتێبەدا خراوەتە بەر دیدی خوێنەرانەوە، کتێبەکە (٧٢)لاپەڕەی لە خۆگرتووەو گرافیك و دیزاینی لەلایەن هاوکارمان لوقمان ڕەشیدییەوە ئەنجامدراوە.. پیرۆزبایی لە نووسەرو هونەرمەند(حەمە هاشم)دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.






د. سیروان ئەحمەد قادر



## نیعمەتی نیشتمان

دکتۆر عەرەفات کەرەم ستونی:



## پێکهێنانی هاوپەیمانیی کوردستانی لە بەغدا یەکهەڵوێستی و یەکدەنگیی کورد بەهێزتردەکات

نەدا مێرگەسۆری



## هەرێمی کوردستان وەک کارەکتەرێکی سیاسیی بێ دەوڵەت لەتەک دەوڵەتە زلهێزەکان

ڕەجائی فاید



## سیزیفەکەی یۆنان لە عێراق زیندوو بووەوە!!

نیهاد لەتیف قۆجە



## قەڵای هەولێر دەبێتە ناوەندێکی ڕۆشنبیریی شوێنەوار و گەشتیاری

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:


Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی خانی - دهۆک

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulan-media.com*

د.فازڵ نەبی:



## ئەو بەشە بودجەیەی بۆ کوردستان دیاری کراوە بەشی مووچە و جێبەجێکردنی هەندێ پڕۆژەی گرنگ دەکات

دهـۆک بارزانی



## لە هەر شوێنێک ژن هەبێت توندوتیژییش هەیە!

## کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر رەفتاری تاک




## میسی شوێنگەرەوەی خۆی دەستنیشان کرد




## چۆن فیلمی سەر کاسێتەکان بخەینە سەر کۆمپیوتەر؟



## راستییەکانی ڤیتامین F



## لە ساڵیادی د. محەمەد ئەمین هەورامانی





# خۆپیشاندانەکانی عەرەبی شیعە.. پەیامی مەرجەعییەت..
# دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی



پاش نیوەڕۆی رۆژی هەینیی رابردوو (٢٠١٩/١١/٢٩)، دوای ئەوەی د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ داواكارییەكەی مەرجەعییەتی نەجەف دەست لەكاركێشانەوەی خۆی راگەیاند، هاوپەیمانیی سائیرون ئەمەی وەك دەستكەوتێك بۆ داواكەی موقتەدا سەدر لە قەڵەم دا كە لە رۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٩ ئاراستەی د.عادل عەبدولمەهدی كردبوو، بەڵام هەر هەمان رۆژ عەبدولمەهدی وەڵامی سەدری دایەوە كە دەست لەكار ناكێشێتەوە، هەر چەند رۆژێك دوای داواكەی سەدر، د.بەرهەم ساڵح-ی سەرۆك كۆماری عێراقیش لە رۆژی ٢٠١٩/١١/٢ رایگەیاند كە د.عادل عەبدولمەهدی-یان رازی كردووە كە دەست لەكاركێشانەوەی خۆی پێشكەش بكات، بەڵام نە هادی عامری سەرۆكی هاوپەیمانیی فەتح و نە د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق، هیچ وەڵام و لێدوانێكیان لەسەر داواكەی سەرۆك كۆماری عێراق نەدا.

لە بەرامبەر ئەم داواكارییانەی سەرۆك كۆماری عێراق و سەرۆكی هاوپەیمانیی سائیرون، شەوی ٢٠١٩/١١//٢٣ و لە دیمانەیەكیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی (دیجلە)، قەیس غەزعەلی فەرماندەی هێزەكانی عەسائیبی ئەهلی هەق، سەبارەت بە بەردەوامبوونی عادل عەبدولمەهدی وەك سەرۆكی وەزیرانی عێراق رایگەیاند: «دوای ئەوەی لایەنە سیاسییە عێراقییەكان لەسەر ئەوە رێككەوتن كە ماوەی ٤٥ رۆژ بدەنە حكومەتەكەی عادل عەبدولمەهدی بۆ ئەوەی تەواوی ئەو چاكسازییانە ئەنجام بدات كە بەڵێنی داوە، خۆم چوومە لای عەبدولمەهدی و پێم گوت: تۆ بە هەموو هێزی ئەقڵی خۆتەوە لەو قەناعەتەی كە لە ماوەی ٤٥ رۆژدا بەڵێنەكانی خۆت جێبەجێی بكەیت؟ لە وەڵامدا عەبدولمەهدی پێی گوتم: بەڵێ، بە هەموو قەناعەت و هێزی ئەقڵمەوە پێت دەڵێم بەڵێ دەتوانم. دیسان لێم دووبارە كردەوە، ئەگەر ئەم ماوەیە كەمە با ماوەكەت بۆ زیاد بكەین، ئەویش دیسان جەختی لە سەر ئەوە كردەوە لەو ماوەیەدا دەتوانێت بەڵێنەكانی جێبەجێ بكات.» لە دوای ئەم قسانەی قەیس غەزعەلی جارێكی دیكە جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە «هێزەكانی حەشدی شەعبی پشتگیریی تەواوی داوای خۆپیشاندەران دەكەن و دەیانەوێت گوتاری خۆپیشاندەران لەوەی ئێستا زۆر توندتر بێت و ئەگەر عەبدولمەهدی لە دوای ئەو ٤٥ رۆژە نەیتوانی بەڵێنەكانی جێبەجێ بكات، دەستی پێ لەكار دەكێشینەوە.»

ئاماژەكردنمان بۆ ئەم سێ لێدوانە، بۆ پیشاندانی دووریی و نزیكیی بۆچوونەكانە لەگەڵ فەتوا و لێدوانەكانی مەرجەعییەت كە هەموو هەفتەیەك لەگەڵ نوێژی هەینی رایدەگەیەنێت. ئەگەر لەمەوە سەرنج بدەین، لەو كاتەی موقتەدا سەدر و د.بەرهەم ساڵح داوای دەست لەكاركێشانەوەی د.عادل عەبدولمەهدی-یان دەكرد، حەشدی شەعبی پشتگیری لە مانەوەی عەبدولەمەهدی دەكرد و مەرجەعییەتیش لە گوتارەكانی رۆژی هەینی پشتگیری لە مانەوەی عەبدولمەهدی دەكرد، بەڵام كە قەیس غەزعەلی فەرماندەی هێزەكانی عەسائیبی ئەهلی هەق، لە شەوی ٢٠١٩/١١/٢٣ جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە عەبدولمەهدی ناتوانێت لەو ماوەیەدا بەڵێنەكانی جێبەجێ بكات، هەر لەیەكەم هەینی دوای قسەكانی غەزعەلی، مەرجەعیەتیش رایگەیاند: «بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی لە ماوەی دوو مانگی رابردوو وڵاتی پێدا تێپەڕیوە و دەستەوەستانی لایەنە پەیوەندیدارەكان لە مامەڵەكردنیان لەگەڵ پێشهاتە تازەكانی ئەو دوو مانگەی دوایی، ئەوا دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران وەك ئەوەی ئەم حكومەتەی ئێستا لەوێوە متمانەی وەرگرتووە، چاو بخشێنێتەوە بە بژارەكانی خۆیدا و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەكانی عێراق و پارێزگاریكردن لە خوێنی رۆڵەكانی مامەڵە بكات.» لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری ناوەڕۆكی وتارەكەی نوێژی هەینیی رابردووی مەرجەعییەت بكەین و لەگەڵ قسەكانی غەزعەلی بەراوردیان بكەین، ئەوا راشكاوانە هەست دەكەین، كە گوتارەكەی مەرجەعییەت هەمان ناوەڕۆكی قسەكانی غەزعەلی هەبووە.

**نەک هەر هیچ داواکارییەکی خۆپیشاندەران دژی بەرژەوەندییەکانی هاوپەیمانیی فەتح (هاوپەیمانیی حەشدی شەعبی) نییە، بەڵکو هەر ئەم هاوپەیمانییە لەناو پەرلەماندا داواکاریی خۆپیشاندەرانی شیعە دەکات بە بەرنامە و پڕۆژەی یاسایی**

**بە دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی لە پۆستی سەرۆک وەزیریان، یان هەتا بە دەرکردنی یاسایەکی تازە بۆ کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، جڵەوگیریی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لە دەستی لایەنەکانی حەشدی شەعبی نایەتە دەرەوە**

**کۆی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا جڵەوەکەی دەدرێتە دەستی مەرجەعییەتی شیعە لە نەجەف کە پەیام و فەتواکانی، کۆپی پەیامە سیاسییەکانی حەشدی شەعبییە**

### سەدر و سائیرون

## هاوپەیمانییەکی گەورەی پەرلەمانی و رۆڵێکی زۆر بچووك لە پرۆسەی سیاسیدا

لەناو خۆپیشاندانەکانی ئەم دوو مانگەی دوایی عەرەبی شیعەی عێراقدا، تەواوی لایەنەکانی حەشدی شەعبی زۆر بە نهێنی و بە هێمنی رۆڵی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو گێڕاوە و، ئەو داوایانەی خۆپیشاندەرانی شیعە (هەموارکردنەوەی دەستوور، گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی، کۆتاییهێنان بە سیاسەتی دابەشکردنی پشکپشکێن و پێکهێنانی حکومەتی تەکنۆکرات و.. هتد)، هەموویان ئەو داواکارییانەن کە لایەنەکانی حەشدی شەعبی بە پشتگیریی مەرجەعییەت کردوویانن بە دروشمی خۆپیشاندەرانی شیعە، هەر بۆیە ئەگەر چاودێری سیاسی بە وردی بەدواداچوون بۆ رەفتارەکانی حەشدی شەعبی بکات و لەگەڵ داواکاریی خۆپیشاندەرانی شیعە بەراوردیان بکات، ئەوا نەك هەر هیچ داواکارییەکی خۆپیشاندەران دژی بەرژەوەندییەکانی هاوپەیمانیی فەتح (هاوپەیمانیی حەشدی شەعبی) نییە، بەڵکو هەر ئەم هاوپەیمانییە لەناو پەرلەماندا داواکاریی خۆپیشاندەرانی شیعە دەکات بە بەرنامە و پڕۆژەی یاسایی، هەروەك لە ئێستادا لیژنەیەك بۆ دووبارە هەموارکردنەوەی یاسای کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان و لیژنەیەك بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور لەناو پەرلەماندا پێکهێنراوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا بەبێ پشتیوانیی هاوپەیمانیی فەتح، هیچ یاسایەك، یان لیژنەیەك، یان تەنانەت متمانەسەندنەوە لە سەرۆك وەزیران تێپەڕ دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە شێوازی کارکردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەیداتەوە، لە پرۆسەی پێکهێنانی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی-دا کە سەرنجام کابینەی تازەی ئێستای حکومەت بەو جۆرە پێکهات کە هاوپەیمانیی فەتح دەیویست.

لێرەدا پرسیارێکی دیکە سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە: باشە کە حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی، حکومەتی هاوپەیمانیی فەتح بێت، بۆچی لە ئێستادا هاوپەیمانیی فەتح دەیەوێت مەرجەعییەتی نەجەف هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەم حکومەتە بگۆڕێت و داوای دەست لەکارکێشانەوەی د.عادل عەبدولمەهدی بکات؟ یان بە شێوازێکی دیکە بۆچی هاوپەیمانیی فەتح پێشوازی لە داواکەی مەرجەعییەتی نەجەف دەکات؟ یان ئایا جیاوازییەك، یان هاودژییەك لە نێوان گوتاری مەرجەعییەت و گوتاری هاوپەیمانیی فەتح بوونی هەیە؟

ئەگەر بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پەنا بەرینە بەر شێوازی مامەڵەکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەگەڵ خۆپیشاندەران، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە حەشدی شەعبی هەوڵیداوە خۆی وەك لایەنێکی پشتیوان لە خۆپیشاندەران پیشان بدات، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی شیعە هەوڵیانداوە وای پیشان بدەن کە هێزەکانی حەشدی شەعبی بەشدارن لە سەرکوتکردنی هاووڵاتیاندا، بەڵام ئەم هەواڵانە سەرتاپای لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە رەتکراوەتەوە، هەر بۆ نموونە لە شەوی ٢٠١٩/١١/٢٩ سەبارەت بەو کوشتارەی لە نەجەف رووی دابوو، لوئەی جەواد ئەلیاسری پارێزگاری نەجەف و سەرکردەیەکی دیاری حزبی دەعوا، رایگەیاند کە هێزەکانی سەرایای عاشورای حەشدی شەعبی، بۆ پاراستنی مەزاری حەکیم دەستڕێژی گوللەیان لە خۆپیشاندەران کردووە و بە هۆیە چەندین کەس کوژاون و چەندینی دیکەش بریندار بوون، بەڵام هەر هەمان شەو پاش کەمتر لە نیو سەعات، کازم جابری فەرماندەی هێزەکانی سەرایای عاشورا رایگەیاند، ئەو هەواڵە نەك هەر درۆیە بەڵکو هێزەکانی سەرایای عاشورا لە بەغدان و هیچ چەکدارێکیان لە نەجەف بوونی نییە.

ئەم دوو لێدوانە دژبەیەکەی پارێزگاری نەجەف وەك سەرکردەیەکی حزبی دەعوا و کازم جابری وەك سەرکردەیەکی حەشدی شەعبی ئەوەمان پێ دەڵێن، کە لەناو لایەنە سەرەکییەکانی شیعەی عێراقدا، چەندین لایەن هەن دژی ئەو هەژموون و باڵادەستییەن کە ئێستا لایەنەکانی حەشدی شەعبی لەناو پرۆسە سیاسییەکەدا

**لای حەشدی شەعبی و تەواوی ئەو هێزانەی کە وەک حەشدی شەعبی بیردەکەنەوە و لە رووی عەقیدییەوە بڕوایان بە هەناردەکردنی شۆڕش و هەژموون و باڵادەستیی شیعە هەیە، دەوڵەت بریتییە لەو دامەزراوە سیاسییەی کە مەرجەعییەتی شیعە (کە هەتا ئێستا خامەنەئی و قوم) ئاراستەی دەکات و کاراکتەرە سیاسییەکان هەڵدەسووڕێنێت و پێناسەی هاووڵاتیبوون دەگۆڕێت بۆ ناسنامەی شیعە بوون**

**شێوازەی دەوڵەت بە تێگەیشتنی شیعە، لە چوارچێوەی دەستوورێکی مەدەنیدا جێگای نابێتەوە کە بە هاوشێوەی دەستووری عێراق نووسرابێتەوە**

**هەر لەسەرەتای پەسەندکردنی دەستوور و پێکهێنانی حکومەت و حوکمڕانی لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەدا، ئەوا دەسەڵاتدارانی شیعە لە بەغدا (سەر بەهەر لایەنێکی سیاسی بوون)، هەرگیز هەوڵیان نەداوە لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە حوکمڕانی بکەن، یان ئەو دەستوورە جێبەجێ بکەن**

هەیانە، لەمەش زیاتر ئەو رۆڵ و باڵادەستییەشە کە ئێستا لایەنەکانی حەشدی شەعبی لەناو خۆپیشاندەرانی شیعەدا هەیانە.

ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا سەیری رۆڵی شەخسی موقتەدا سەدر بکەین کە دەیەوێت وەك کاریزمایەکی شیعە خۆی وێنا بکات و هاوپەیمانییەکەی دەیەوێت وەك هاوپەیمانیی یەکەم لە ناو ئەنجومەنی نوێنەراندا خۆی پیشان بدات، ئەوا لە ماوەی ئەم دوو مانگەی دوایی خۆپیشاندانەکانی عێراقدا، هەر جارێك ویستبێتی بە بێ هەماهەنگی و ئاگاداریی هاوپەیمانیی فەتح هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوا نەك لە هەنگاوەکەی سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکو زۆر بە راشکاوانە شکستی هێناوە، هەر بۆ نموونە لەگەڵ دەستپێکی خۆپیشاندانەکان سەدر بانگەشەی ئەوەی کرد کە خۆی دێتە ناو خۆپیشاندەران، بەڵام ئەم داوایە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە رەتکرایەوە، هەورەها داوای لە عەبدولمەهدی کرد دەست لەکار بکێشێتەوە، لەمەش زیاتر بۆ سڕینی ئارەقەی نێوچاوانی نامەیەکیشی بۆ هادی عامری سەرۆکی هاوپەیمانیی فەتح نارد، بۆ ئەوەی لە رێگەی عامری-یەوە، عەبدولمەهدی دەست لەکار بکێشێتەوە، بەڵام نە لەلایەن عەبدولمەهدی و نە لەلایەن عامرییەوە وەڵامێکی پۆزەتیڤی وەرنەگرتەوە، لە ئێوارەی هەینیی رابردووشەوە جارێکی دیکە موقتەدا سەدر کەوتۆتەوە ناردنی تویت و مەسج بەوەی دەبێت پێنج کەس بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق کاندید بن و راستەوخۆ لەناو خۆپیشاندەرانەوە هەڵبژێردرێن، ئەم داوایەشی جیا لەوەی یاسایی و دەستووری نییە، لە هەمانکاتدا لەلایەن هیچ هاوپەیمانییەکی شیعە و تەنانەت خۆپیشاندەرانیشەوە پێشوازی لێ نەکراوە.

خستنەڕووی ئەم واقیعە تازەیەی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق بەگشتی و پرۆسەی سیاسیی نێوان لایەنە شیعەکان بەتایبەتی، بۆ ئەوەیە ئاماژە بەوە بکەین، کە بە دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی لە پۆستی سەرۆك وەزیریان، یان هەتا بە دەرکردنی یاسایەکی تازە بۆ کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، جڵەوگیریی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لە دەستی لایەنەکانی حەشدی شەعبی نایەتە دەرەوە، لەمەش زیاتر کۆی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا جڵەوەکەی دەدرێتە دەستی مەرجەعییەتی شیعە لە نەجەف کە پەیام و فەتواکانی، کۆپی پەیامە سیاسییەکانی حەشدی شەعبییە.

## حەشدی شەعبی چ جۆرە دەوڵەتێکی لە عێراقدا دەوێت؟

بەشی هەرە زۆری لایەنەکانی حەشدی شەعبی، ئەو میلیشیا چەکدارانەی شیعەن کە پێش دامەزراندنی حەشدی شەعبی وەك میلیشیای چەکدار بوونیان هەبووە و لە رووی عەقیدییەوە بروایان بە سنووره نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرژەوەندیی هەژموون و باڵادەستیی شیعە نییە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییە عەقیدییەش بە پراکتیکی هاوشانی هێزەکانی حزبوڵای لوبنانی، بە بەردەوامی لەسەر خاکی عێراق و سووریا بوونیان هەبووە، بەڵام کاتێك مەترسیی تیرۆریستانی داعش گەیشتە دەوروبەری بەغدا و مەرجەعییەتی نەجەف فەتوای بۆ دروستکردنی هێزی حەشدی شەعبی دەرکرد، ئەو میلیشیا چەکدارانە بوونە کرۆکیی ئەو هێزە، لەمەش زیاتر راوێژکارە سەربازییەکانی سوپای قودس و هێزەکانی حزبوڵای لوبنانی، بوونە راهێنەر و مەشقپێکەری حەشدی شەعبی و بەشی زۆری هێزەکانی حەشدیش لە رووی عەقیدییەوە بوونە شوێنکەوتووی عەقیدەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران و هێزەکانی حزبوڵای لوبنانی و ئەو میلیشیا چەکدارانەی شیعەی عێراق کە پێش دروستکردنی حەشدی شەعبی لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا بوونیان هەبووە، دوای سەرکەوتنیشیان لە شەڕی دی داعش، ئەم هێزانەی حەشدی شەعبی، بوونە لایەنی سیاسی و بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد و توانییان جڵەوگیری پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی لە عێراقدا بکەن.

ئەم چەند دێڕە وەك دەروازەیەك بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گرنگ بوون کە دەڵێت: حەشدی شەعبی چ دەوڵەتێکی لە عێراقدا دەوێت؟ یان ئەگەر پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە دابڕێژینەوە: ئایا تێگەیشتنی حەشدی شەعبی بۆ دەوڵەت چییە؟ بێگومان لای حەشدی شەعبی و

**ئەو دەستنیشانکردنە وردەی ئەمجارەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە سەبارەت بە هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق کە رایگەیاند: «کێشەکانی عێراق ئەوە نین کە ماددە دەستوورییەکان پێویستیان بە هەموارکردنەوە هەیە، بەڵکو ریشەی کێشەکانی عێراق ئەوەیە کە خودی دەستوورەکە جێبەجێ نەکراوە.»**

**دیارە دەوڵەتی فیدراڵیش بەو چەمک و مانایەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە و ئامانج لە داڕشتنی دەستوورەکە بەو شێوەیە بۆ ئەوە بووە کە لەسەر بنەمای ناسنامەی هاووڵاتیبوون لە عێراقدا حوکمڕانی بکرێت، نەک لەسەر بنەمای ئایینی و مەزهەبگەرایی، کە ئەمە بەو لایەنە سیاسییە باڵادەستانەی ئێستای شیعە قبووڵ ناکرێت کە ئامانجیان دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی شیعەیە**



تەواوی ئەو هێزانەی کە وەك حەشدی شەعبی بیردەکەنەوە و لە رووی عەقیدییەوە بڕوایان بە هەناردەکردنی شۆڕش و هەژموون و باڵادەستیی شیعە هەیە، دەوڵەت بریتییە لەو دامەزراوە سیاسییەی کە مەرجەعییەتی شیعە (کە هەتا ئێستا خامەنەئی و قوم) ئاراستەی دەکات و کاراکتەرە سیاسییەکان هەڵدەسووڕێنێت و پێناسەی هاووڵاتیبوون دەگۆڕێت بۆ ناسنامەی شیعەبوون، ئەمە بەو مانایەی دەوڵەتی ئیسلامیی شیعە ئەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێت بەرگری لە مافی هەر شیعەیەك بکات، ئەوجا ئەو شیعەیە هاووڵاتیی هەر وڵاتێك بێت، لەسەر ئەم بنەمایەش سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا لە هەموو ئەو وڵاتانە بوونی هەیە کە ڕێژەیەك لە پێڕەوانی شیعە مەزهەبی تێدایە، ئەوجا ئەو شیعەیانە عەرەبن وەك شیعەکانی سووریا و عێراق و لوبنان و یەمەن و بەحرێن، یان ئەفغانی و پاکستانی بن، لە دیدی سوپای پاسدرانەوە لەگەڵ هاووڵاتیانی ئێران جیاوازییان نییە و دوای ئەوەی ماوەیەکی دیاریکراو لە ناو هێزەکانی سەر بە سوپای پاسداران بەسەر دەبەن، ئەوا کۆماری ئیسلامیی ئێران رەگەزنامەی ئێرانییان پێ دەبەخشێت.

ئەم شێوازەی دەوڵەت بە تێگەیشتنی شیعە، لە چوارچێوەی دەستوورێکی مەدەنیدا جێگای نابێتەوە کە بە هاوشێوەی دەستووری عێراق نووسرابێتەوە، بۆیە هەر لەسەرەتای پەسەندکردنی دەستوور و پێکهێنانی حکومەت و حوکمڕانی لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەدا، ئەوا دەسەڵاتدارانی شیعە لە بەغدا (سەر بەهەر لایەنێکی سیاسی بوون)، هەرگیز هەوڵیان نەداوە لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە حوکمڕانی بکەن، یان ئەو دەستوورە جێبەجێ بکەن، ئەمەش دروست وەك ئەو دەستنیشانکردنە وردەی ئەمجارەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە سەبارەت بە هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق کە رایگەیاند: «کێشەکانی عێراق ئەوە نین کە مادده دەستوورییەکان پێویستیان بە هەموارکردنەوە هەیە، بەڵکو ریشەی کێشەکانی عێراق ئەوەیە کە خودی دەستوورەکە جێبەجێ نەکراوە.»

دیارە لە دوای ئەوەی بە گوشاری خۆپیشاندەرانی ئەمجارەی شیعە، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لیژنەیەکی بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق پێکهێنا، ئێستا لەناو

میدیاکانی کوردستان و هەروەها لە میانەی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە لەسەر پرسی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق دەکرێت، زۆر باس لەوە دەکرێت، لەگەڵ هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق، ئیدی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی بوونی نامێنێت، دیارە دەوڵەتی فیدراڵیش بەو چەمك و مانایەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە و ئامانج لە داڕشتنی دەستوورەکە بەو شێوەیە بۆ ئەوە بووە کە لەسەر بنەمای ناسنامەی هاووڵاتیبوون لە عێراقدا حوکمڕانی بکرێت، نەك لەسەر بنەمای ئایینی و مەزهەبگەرایی، کە ئەمە بەو لایەنە سیاسییە باڵادەستانەی ئێستای شیعە قبووڵ ناکرێت کە ئامانجیان دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی شیعەیە. لایەنێکی دیکە کە لایەنەکانی حەشدی شەعبی وا پیشانی دەدەن، کە پرسی هەموارکردنەوەی دەستوور داواکاریی ئەو خۆپیشاندەرانەیە کە تەمەنیان لە نێوان ١٥-٢٥ ساڵیدایە و بە سەرسوڕمانەوە دەپرسن کەی پرسی هەموارکردنەوەی دەستوور پەیوەندی بە داواکاری خۆپیشاندەرانەوە هەیە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێین: هەر لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١ لە عێراقدا و لە کابینەی دووەمی نوری مالکی-یەوە، پرسی هەموارکردنەوەی دەستوور و گۆڕینی شێوازی حوکمڕانی لە عێراقدا، دروشمی سەرەکیی ئەو لایەنە سیاسییانەی شیعە بووە کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە، دیارە ئەوەش مێژوویەکی ئەوەندە دوور نییە و هەموو چەند ساڵێك پێش ئێستایە کە نووری مالیکی و هاوپەیمانەکانی بە ئاشکرا داوای حکومەتی کەمینە و زۆرینەیان دەکرد و داوایان دەکرد حکومەتی پشك پشکێنەی پێکهاتەکان دەبێت کۆتایی پێ بهێنرێت، بۆیە لە ئێستاشدا کە هەمان قەوانە کۆنەکەی هەموارکردنەوەی دەستوور لەژێر پەردەی داواکاریی خۆپیشاندەران لێ دەدرێتەوە، ئەمەش داوای ئەو لایەنە سیاسییانەیە کە ئێستا لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیی عێراقدا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، لەم ڕوانگەیەوە کاتێك هەندێك بە وردەکاری چاو بەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دەگێڕین، دەبینین ئەوەی بۆتە هاندەر و داینەمۆی پێداگری لە سەر هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق، ئەو بێدەنگییەی لایەنەکانی حەشدی شەعبییە کە دەیانەوێت لەژێر پەردەی داواکاریی خۆپیشاندەرانی شیعە، ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان بەدەست بهێنن، واتە ئەو دەوڵەتە دروست بکەن کە خۆیان ئامانجیانە.

لەناو ئەم وەرچەرخان و باڵادەستییەی لایەنەکانی حەشدی شەعبی لەناو پرۆسەکەدا، مەرجەعییەتی نەجەفیش، بەتایبەتی ئەوانەی ئێستا لە دەوری سیستانی-ن و بە ناوی سیستانییەوە پەیامی مەرجەعییەت رادەگەیەنن، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، کە مەرجەعییەتی نەجەفیش بە هاوشێوەی مەرجەعییەتی قوم گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت مەرجەعییەت رۆڵی گەورە و یەکلاکەرەوەی لە سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا هەبێت، بۆیە ئەوە هەروەها وەرچەرخانێکی کتوپڕ نییە کە وێنەی سیستانی دەکرێتە دروشمی سەرەکیی خۆپیشاندەران و هەروەها ئەوەش وەرچەرخانێکی کتوپڕ نییە کە سەرۆك وەزیرانی عێراق لە دوای یەك کاتژمێر لە پەیامەکەی نەجەف دەست لەکارکێشانەوەی خۆی رابگەیەنێت.

## ● هەرێمی کوردستان لەناو گێژاوی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا

بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان هەر لەدەستپێکی شۆڕشی ئەیلولەوە، ستراتیژیەتی خەباتی خۆی بەو جۆرە داڕشتووە کە بە هەر دوو ڕێگەی شەڕ و ئاشتی داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکات، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەزموونێکی گەورە و نەخشە ڕێگەیەکی باشی بۆ دروست کردووین، ئەمەش بەو مانایەی شێوازی حوکمڕانی لە عێراقدا هەر چۆنێك بێت و هەر حزبێکی سیاسی، یان هەر مەزهەبێك تیایدا باڵادەست بێت، ئەوا ستراتیژیەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان هەر بەوشێوەیە دەبێت کە راستەوخۆ لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکات، ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە شێوازی مامەڵەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق، پەیوەست نییە بەوەی لە بەغدا کێ حوکمڕانی دەکات و بە چ شێوازێك حوکمڕانی دەکات، بەڵکو مامەڵەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لەگەڵ بەغدا لەگەڵ ئەو میتۆد و دانوستاندنانەیە کە دەبنە

**ئەوەی بۆتە هاندەر و داینەمۆی پێداگری لە سەر هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق، ئەو بێدەنگییەی لایەنەکانی حەشدی شەعبییە کە دەیانەوێت لە ژێر پەردەی داواکاری خۆپیشاندەرانی شیعە، ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان بەدەست بهێنن، واتە ئەو دەوڵەتە دروست بکەن کە خۆیان ئامانجیانە**

**مەرجەعییەتی نەجەفیش بە هاوشێوەی مەرجەعییەتی قوم گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت مەرجەعییەت رۆڵی گەورە و یەکلاکەرەوەی لە سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا هەبێت**

**بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان هەر لەدەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولەوە، ستراتیژیەتی خەباتی خۆی بەو جۆرە داڕشتووە کە بە هەر دوو ڕێگەی شەڕ و ئاشتی داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکات**

چوارچێوەیەك بۆ بەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا.

پێش رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، گەورەترین کێشە لەگەڵ ئەو لایەنە سیاسییانەی ناویان لە خۆیان نابوو (ئۆپۆزسیۆنی عێراق)، ئەوە بوو کە دەبێت سیستمی حوکمڕانی لە دوای رژێمی بەعس لە عێراقدا چۆن بێت؟ لەسەر ئەم پرسە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هیچ کام لە لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق (بە عەرەبی شیعە و سوننەوە)، پێشوازییان لە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی نەکردووە، بەڵام بە زۆر بوو‌بێت، یان بە تکا، ناچار بوون ددان بەوەدا بنێن کە شێوازی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراقدا، شێوازێکە وەك پەیوەندیی هەرێمێك لەناو دەوڵەتێکی فیدراڵیدا، ئەمەشیان بە ئاسانی بۆ قبووڵ نەکراوە، هەر بۆیە لە ماوەی ١٥-١٦ ساڵی رابردووی دوای پەسەندکردنی دەستووری عێراقیش، هیچ حکومەتێکی عێراق نەیتوانیوە بەپێی ئەو دەستووورە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات و گێچەڵ و کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست نەکات.

کەواتە بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان کە لە چوارچێوەی رێککەوتنێکدا لەگەڵ ئەو هاوپەیمانییەی حکومەتی ئێستای عێراقی پێکهێناوە و کۆمەڵێك هەوڵ بەردەوام بوون بۆ رێکخستنەوەی شێوازی پەیوەندییەکانی هەرێم و ناوەند، هەمان سیاسەت و ستراتیژیەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانە و ئامانجی ئێستای هەرێمی کوردستانیش ئەوەیە کە لە چوارچێوەیەکدا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق رێکبخرێت و ئەو مافە دەستوورییانەی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکرێن کە لە ناو دەستووری عێراقدا هاتوون، لەمەش زیاتر ئامانجی سەرەکیی پرۆسەی ریفراندۆمی ئەیلوولی ٢٠١٧ ش هەر ئەوە بوو بە جیهانی رابگەیەنین کە گەلی کوردستان نابێتە بەشێك لەو پرۆسە سیاسییە پاشاگەردانییە کە لە عێراقدا هەیە، بەڵام هەرێمی کوردستان ئامادەیە دانوستاندن لەسەر شێوازی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەند بکاتەوە.

دیارە سەبارەت بە ئامادەباشییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتە تازەکان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێش ئەوەی هەڵوێستی راشکاوانەی خۆی لەسەر پرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق رابگەیەنێت، سەردانی بەغدای کرد و جیا لەوەی لەگەڵ هەر سێ سەرۆکایەتیی (کۆمار و حکومەت و پەرلەمان) کۆبووەوە، لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییە شیعەکانیش کۆبووە کە بەشدارن لە حکومەتی ئێستای عێراقدا و راشکاوانە ئەو پەیامەی پێ راگەیاندوون، چۆن دەستکاریی دەستوور دەکەن، بیکەن، بەڵام ناکرێت دەستکاریی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت، بەو ماددانەشی کە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان چارەسەر دەکات، لەدوای ئەم سەردانەشیەوە دیسان راشکاوانە رایگەیاندووە، کە هەرێمی کوردستان ئامادەیە پشتگیریی هەموارکردنەوەی هەر ماددەیەکی دەستووری بکات کە ببێتە هۆکاری ئەوەی وەڵامی خواستی خۆپیشاندەران بداتەوە، یان بار و گوزەرانی خەڵکی عێراق باشتر بکات.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئەم پەیامەی سەرۆکایەتیی هەرێم بکات بە پەیامێکی نیشتمانی و هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کوردستان لە دەوری کۆبکاتەوە، جیا لەوەی لە تەلاری سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان و نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان کۆبۆوە، لە دوای ئەوەش سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان خۆی سەردانی بەشێك لە لایەنە سیاسییەکانی کردووە و بڕیاریشە ئەم سەردانانە بەردەوام بن و هەموو لایەنە سیاسییەکان بگرێتەوە.

ئەم هەنگاوانەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەو پەیامە راشکاوانەیە رادەگەیەنێت، کە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لە سەروبەندی وەرچەرخانێکی گەورە و ئاڵۆزدایە، ئەوەی پێویستە کوردستان ئامادەباشی بۆ بکات، ئەوەیە کە وەك هەرێمی کوردستان هەموو پێکەوە بە یەکدەنگی و یەك ئیرادەی بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکرێت و رێگە نەدرێت مافەکانی خەڵکی کوردستان بە ناوی هەموارکردنەوەی دەستوور گەمەیان پێ بکرێت.

**شێوازی حوکمڕانی لە عێراقدا هەر چۆنێک بێت و هەر حزبێکی سیاسی، یان هەر مەزهەبێک تیایدا باڵادەست بێت، ئەوا ستراتیژیەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان هەر بەوشێوەیە دەبێت کە راستەوخۆ لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکات**

**ئامانجی سەرەکیی پرۆسەی ریفراندۆمی ئەیلوولی ٢٠١٧ ش هەر ئەوە بوو کە بە جیهانی رابگەیەنین کە گەلی کوردستان نابێتە بەشێک لەو پرۆسە سیاسییە پاشاگەردانییە کە لە عێراقدا هەیە، بەڵام هەرێمی کوردستان ئامادەیە دانوستاندن لەسەر شێوازی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەند بکاتەوە**

**ئەوەی پێویستە کوردستان ئامادەباشی بۆ بکات، ئەوەیە کە وەک هەرێمی کوردستان هەموو پێکەوە بە یەکدەنگی و یەک ئیرادەی بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکرێت و رێگە نەدرێت مافەکانی خەڵکی کوردستان بە ناوی هەموارکردنەوەی دەستوور گەمەیان پێ بکرێت**



**د. فازڵ نەبی**

**بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی حکوومەتی عێراق بۆ گوڵان:**

# ئەو بەشە بودجەیەی بۆ کوردستان دیاری کراوە بەشی مووچە و جێبەجێکردنی هەندێ پڕۆژەی گرنگ دەکات

**هەولێر و بەغدا وێڕای ئەوەی لێکتێگەیشتنی هاوبەشیان لەسەر کۆمەڵێك پرس هەیە، هاوكات لەسەر پرسی بودجەش ڕێککەوتنێکی سەرەتایی کراوە، هەرێمی کوردستانیش ئامادەیی دەربڕیوە لەسەر تەسلیمکردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، بۆ گرنگیی ئەم ڕێککەوتنە سەرەتاییە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی د.فازڵ نەبی بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراق کرد، کە جگە لەوەی شارەزایە لە ئامادەکردنی بودجە، لە پێش ساڵانی ٢٠١٣ ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە ئامادەکردنی بودجەی گشتیی عێراق، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** لەکاتێکدا هەمووان باس لە پرسی بودجە دەکەن و عێراق بەبارودۆخێکی ئابووری خراپدا تێپەڕ دەبێت، دەنگۆی نزیکبوونەوەو ڕێکەوتنی سەرەتایی نێوان هەرێم و بەغدا لەمەڕ پرسی بودجە هەواڵێکی ئومێد بەخش بوو، راوبۆچوونی بەڕێزت لەمبارەیەوە چۆنە؟**

- ئەو گەشبینییەی هەیە، هەواڵێکی دڵخۆشکەرە و ئومێد دەکەین هەواڵی خۆشتری بەدوادا بێت. بەتایبەتی کە بینیمان کەسانی تایبەتمەند لە دۆخی دارایی کوردستان لە نێو شاندەکەی هەرێم بۆ بەغدا هەبوون، ئەمە کارێکی باش و ئیجابییە. گرنگە ئێستا بزانین کە پشکی هەرێمی کوردستان چەند دەبێت لە دوای ئامادەکردنی بودجەکە، چونکە گرنگە بزانین دوای رادەستکردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیلەکە پشکی هەرێمی کوردستان چەند دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەم دۆخەی لە ئێستادا هەیە و ئەو دۆخەی دواتر دێتەئاراوە. ئێستاش بە پێی لێدوانی بەرپرسان ڕێککەوتنێکی بەرایی هاتۆتەئاراوە لە نێوان هەرێم و بەغدا لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردستان ٢٥٠ هەزار بەرمیل رادەست بکات و حکومەتی بەغداش نزیکەی لە سەتا ١٤ بۆ ١٥ی بودجەی عێراق بە کوردستان بدات، بەڵام دواتر باسی ئەوە کرا کە ئەو بڕە پارەیە تەنیا ١٠ تا ١١ ترلیۆن دینارە- وەك پشکی هەرێم-کە بە دڵی من نەبوو. هیوادارم لەم ڕووەوە شاندی هەرێمی کوردستان کە دەچنەوە بەغدا وردتر لەسەر ئەم پرسە هەڵوێستە بکەن، چونکە ڕەوا نییە بودجەی عێراق ١٥٠ ترلیۆن دینار بێت و پشکی هەرێمی کوردستان تەنیا ١٠ بۆ ١١ ترلیۆن دینار بێت. بەشێوەیەکی گشتی پڕۆژە یاسای بودجە خاڵی زۆر گرنگی تێدایە کە دەتوانیت لە ڕێگەی ئەو خاڵانەوە زۆر شت بکەیت و مافێکی زۆری هەرێم و شایستە داراییەکانی کوردستان دەستەبەر بکەیت و بیگەڕێنینەوە، بۆیە ئومێدەوارم ئەمجارەش لە کاتی ئەنجامدانی گفتوگۆکاندا لە بەغدا شاندی هەرێمی کوردستان ئەو شارەزایانەی دارایی لەگەڵ خۆیان ببەنەوە و دەرئەنجامێکی باش بەدەست بهێنن. راستە لە ئێستادا بودجەکە لە وەزارەتی دارایی عێراق دانراوە و نێردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام وەکو ڕەشنووسێکە و وردەکاری تێدا ڕەچاو نەکراوە و ئەو ڕەشنووسەی پڕۆژە یاسای بودجە لە ئەنجومەنی وەزیران بەپێی دوا ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا دووبارە هەموار دەکرێتەوە.

**ئەو ڕەشنووسەی پڕۆژە یاسای بودجە لە ئەنجومەنی وەزیران بەپێی دواڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا دووبارە هەموار دەکرێتەوە**

*** باس لەوە دەکرێت خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی عێراق کاریگەریی زۆری لەسەر پڕۆژە یاسای بودجەکە هەبووە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری هێزی چەکدارەوە هەیە، ئایا تاچەند دامەزراندنی هێزەکانی سەربازی و حەشدی شەعبی کاریگەریی لەسەر بودجەکە دەبێت؟**

- بە هۆی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی عێراق حکومەت پلەی وەزیفیی زۆری داوەتە هەر دوو وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری و هەروەها هێزەکانی حەشدی شەعبی، ڕەنگە دەرەجە وەزیفییەکانی ناو وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئێمە زۆر کاریگەر نەبێت، چونکە ئەم وەزارەتە لە دەرەوەی بودجەی سیادییە، بەڵام هەرچی وەزارەتی بەرگریی و حەشدی شەعبی هەیە کە دامەزراندن و خەرجییەکانیان لەناو بودجەی سیادی جێگای کراوەتەوە، لەمەدا بۆ ئێمە خراپە، چونکە بەپێی ئەو زانیارییانەی من لەبەردەستمدایە لە وەزارەتی بەرگری و حەشدی

**بە هۆی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی عێراق حکومەت پلەی وەزیفیی زۆری داوەتە هەر دوو وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری و هەروەها هێزەکانی حەشدی شەعبی**

**پێویستە شاندی دانوستانکار لەگەڵ بەغدا قسەیەکی جددیی لەسەر پشکی وەزارەتی پێشمەرگە لە بودجە بکات، نەک تەنیا لەسەر مووچە بەڵکو قسە لەسەر پڕچەککردن و دابینکردنی پێداویستییە سەربازییەکانیش بکات**

**ئەگەر لەسەر تەسلیمکردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕێککەوتین، خۆ دەبێت بەغدا لانیکەم هێندەی ئەو بەرهەمە خەرجی کۆمپانیاکان و پترۆ دۆلار بۆ کوردستان خەرج بکات**

**لە ساڵی ٢٠٢٠ بودجەی عێراق ١٥٠ تریلیۆن و پشکی کوردستان ناگاتە ١١ تریلیۆن دینار، ئەمە وێڕای ئەوەی پێشتر هەرێم تەنیا ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕادەستی بەغدا دەکرد و ئێستا ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی دەکات**

شەعبی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار دەرەجەی وەزیفی گەڕێندراونەتەوە، یان دادەمەزرێن، ئا لێرەدا پێویستە شاندی دانوستانکار لەگەڵ بەغدا قسەیەکی جددیی لەسەر پشکی وەزارەتی پێشمەرگە لە بودجە بکات، نەک تەنیا لەسەر مووچە بەڵکو لەسەر پڕچەککردن و دابینکردنی پێداویستییە سەربازییەکانیش. چەندین خاڵی دیکە هەیە کە لەبەر ئەوەی تا ئێستا وردەکاریی بودجەکە ڕوون نییە، بۆیە ناتوانم قسەی لەسەر بکەم .

*** مەسەلەی نەوت لەنێوان هەرێم و عێراقدا بە یەکێک لەو دۆسیە هەستیارانە دادەنرێت کە قسەو باسێکی زۆری لەسەر دەکرێت، بەپێی ڕێککەوتنە بەراییەکانیش بێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی دەربڕیوە بۆ تەسلیمکردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، ئایا تا چەند زانیارییەکان لەسەر ئەم مەلەفە ڕوونە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە قەرزی کۆمپانیا نەوتییەکان و خەرجی ئەو کۆمپانیایانەی بەرهەمهێنانی نەوتەوە هەیە؟**

- یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی گفتوگۆکان دۆسێی نەوت و مەسەلەی تەسلیمکردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت و خەرجی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت بووە، پێ دەچێت بەغدا زۆر ڕەزامەندی نەدابێت لەسەر ئەم داواکارییەی هەرێم، بەڵام دەبێت لە دانوستان و گفتوگۆکاندا مرونەتمان هەبێت و وا بە ئاسانی دەستبەرداری داواکارییەکانمان نەبین، خۆ ئەگەر بەغدا ڕەزامەندی لەسەر زۆربەی داواکارییەکانیشمان نەکردبێت، خۆ دەبێت لەسەر خەرجییەکانی ئەو کۆمپانیایانە ڕازی بێت کە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتەکە بەرهەم دەهێنن، ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان لەنێوان ٥٥٠-٦٠٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە بەرهەم دەهێنرێت و بەشێکی لە ناوخۆدا بەکار دەهێنرێت و بەشەکەی دیکە دەنێردرێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئەگەر لەسەر تەسلیمکردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕێککەوتین، خۆ دەبێت بەغدا لانیکەم هێندەی ئەو بەرهەمە خەرجی کۆمپانیاکان و پترۆ دۆلار بۆ کوردستان خەرج بکات.

*** ئەگەر لەسەر ناردنی ١٠-١١ تریلیۆن دینار ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا بکرێت و لە پرۆژە یاساکە جێگیر بکرێت، تاچەند هەرێمی کوردستان لەتوانایدا هەیە بەو بڕە پارەیە لەگەڵ هەندێک لە داهاتەکانی ناوخۆدا جگە لە مووچەی فەرمانبەران خەرجی پرۆژەکانیش دابین بکات؟**

- هەرچەندە ئەم ڕێککەوتنە بەو شێوەیە ئومێدبەخش نییە کە ئێمە تا کۆتاییەکانی ساڵانی ٢٠١٣ پشکی بودجەمان هەبوو، بەڵام ڕەشبینیش نیم، چونکە بەو بڕە پارەیە دەتوانین مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان زامن بکەین و هەندێک پرۆژەی پێویست و بەردەوامیش جێبەجێ بکەین. لێرەدا با بە ژمارە قسە بکەین:

- لەساڵی ٢٠١٢ بودجەی عێراق ١٢٠ تریلیۆن دینار و پشکی کوردستان ١٣ تریلیۆن دینار بووە.
- لەساڵی ٢٠١٣بودجەی عێراق ١٣٠ تریلیۆن و پشکی کوردستان ١٥ تریلیۆن دینار بووە.
- بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بودجەی عێراق ١٥٠ تریلیۆن و پشکی کوردستان ناگاتە ١١ تریلیۆن دینار.

ئەمە وێڕای ئەوەی ئەو کات هەرێم تەنیا ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕادەستی بەغدا دەکرد و ئێستا ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی دەکات. کەواتە ڕاستە ئێمە بەو بودجەیە ناتوانین ئابووریی هەرێم وەك پێویست ببووژێنینەوە، بەڵام دەتوانین مووچەی فەرمانبەران و هەندێك پرۆژەی گرنگ و پێویست جێبەجێ بکەین.

*** ئایا کورتهێنانی بودجە و پێشبینیی خراپ بۆ ئابووریی عێراق لەسەر ئەو بنەمایەش نییە کە سەرەڕای کێشە ئاڵۆز و گەورەکانی ئابووری و دارایی عێراق کەچی حکومەت و پەرلەمان لە ژێر فشاری خۆپیشاندەراندا بەڵێنی گەورەیان داوە و جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەش قورسایی زیاتر دەخاتە سەر حکومەت؟**

- گەورەبوون و زیادبوونی کورتهێنانی بودجە فشاری شەقامە لەسەر حکومەت کە ناچاری کردووە کۆمەڵێك بەڵێن و پرۆژە بخاتە ناو بودجەی ٢٠٢٠ کە پێشتر تێیدا نەبووە، ئەو بڕگانەی لە بودجەکەشدا هەبووە، زیادی کردووە، بۆ نموونە بودجەی ساڵی ڕابردوو لە سنووری ١٣١ تریلیۆن بوو، ئەمساڵ بووە



١٥٠ تریلیۆن دینار واتا نزیکەی ٢٠ تریلیۆن دیناری هاتەسەر، پێشبینی دەکرێت زۆر لەو زیادکردنانە زیادکردنی وەهمی بێت و تەنیا بۆ دامرکاندنەوەی شەقام بێت، چونکە مومکین نییە بەو ماوە کەمە حکومەت بتوانێت هەموو بەڵێنەکان جێبەجێی بکات، بە واتایەکی دیکە ئەگەر کورتهێنان زۆر گەورە بوو، حکومەت ناتوانێت پڕی بکاتەوە و لە کۆتاجاردا زۆربەی بەڵێنەکان ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت. بەداخەوە حکومەتی عێراق دەبوایە لەمەدا زۆر وردتر بوایە و تەنیا ئەو بڕگانەی بخستایەتە ناو بودجەکە کە دەیتوانی جێبەجێیان بکات.

*** وا دیارە پرۆسەی ئامادەکردن و ڕێککەوتن لە سەر بودجە بە باشی بەڕێوەبچێت و واچاوەڕوانیش دەکرێت لە پەرلەمان دوای گفتوگۆ بودجەکە پەسەند بکرێت، لەم حاڵەتەدا تاچەند گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لە پرۆسەی چاکسازی لێرەش کار بۆ پڕۆژە یاسای بودجەی هەرێم بکرێت؟**

- ئامادەکردنی بودجە نەك تەنیا پێویستە، بەڵکو پشتگوێخستنی یان دانەنانی بودجەکە سەرپێچییە و پێچەوانەی لایەنی یاسایی دارایی دەوڵەتە، پڕۆژەی بودجە زۆر لایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تێدایە، بەڵام لەمەش گرنگتر لایەنی یاساییە کە تۆ لە ڕێگەی بودجە دەسەڵات دەدەیتە حکومەت داهاتی میللەت خەرج بکات، ئەمەش لە ڕێگەی نوێنەرانی خۆی لە پەرلەمان ئەو دەسەڵاتە دەدەیتە حکومەت بۆ ئەوەی داهاتەکەی بۆ خزمەتگوزاری و بەڕێوەبردنی وڵات خەرج بکات، من پێشبینی دەکەم لەگەڵ ئاشکرابوونی ئەو بڕە پارەیەی کە لە بەغدا بۆ بودجەی هەرێم دادەنرێت، حکومەتی هەرێم دەتوانێت لەماوەی چەند هەفتەیەکدا بڕیاری بودجەکە بدات و دایبنێت و لە ڕێگەی حکومەتەوە بنێردرێتە پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی. هەر لەم ڕووەوە داواکارم لەو شاندەی کە دەچێتە عێراق لە گفتوگۆکانیان زۆر وردبین بن، چونکە جار هەیە خاڵێکی بچووك زیانێکی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان و حکومەت دەبێت، وەکو ئەوەی لە ٢٠١٨ و ٢٠١٩ کرابوو، ئومێدەوارم بتوانن بڕە پارەیەکی باش لە ڕێگەی بودجەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکەن بۆ دابینکردنی مووچە و جێبەجێکردنی پڕۆژەکان کە لە ساڵی ٢٠١٤وە کارکردن لە پڕۆژەکان راوەستاوە، تاوەکو هەرێمی کوردستانیش وەکو وڵاتانی جیهان بە لانیکەم وەکو وڵاتانی دەوروبەرمان گەشە بکات.

**گەورەبوون و زیادبوونی کورتهێنانی بودجە فشاری شەقامە لەسەر حکومەت کە ناچاری کردووە کۆمەڵێک بەڵێن و پڕۆژە بخاتە ناو بودجەی ٢٠٢٠ کە پێشتر تێیدا نەبووە**

**ئامادەکردنی بودجە نەک تەنیا پێویستە، بەڵکو پشتگوێخستنی یان دانەنانی بودجەکە سەرپێچییە و پێچەوانەی لایەنی یاسایی دارایی دەوڵەتە**

# هەرێمی کوردستان وەک کارەکتەرێکی سیاسیی بێ دەوڵەت لەتەک دەوڵەتە زلهێزەکان

**هێزو توانایی شاندی دانوستاندنی کورد لە بەغداو هێزو پێگەی جەنابی سەرۆک (مسعود بارزانی) وەک مەرجەع و کەسایەتییەکی سیاسیی پڕ لە ئەزموونی ناوچەکە، ئەم کیانەی هەرێمی کوردستانی وەک کیانێکی بەهێز خستە سەرپێ**

هەرێمی کوردستان وەك کیانێکی سیاسی - دەستووری و لە هەمووشی گرنگتر مێژوویی، لە ناوچەکە خاوەن پێگەو هێزێکی گرنگە کە ئەم هێزەشی لەم چەند ساڵەی دواییدا و بەتایبەت لە سەردەمی لەسەرپێ خستنەوەی عێراق و دوبارە بنیاتنانەوەی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)وە پتر خۆی دەرخست و بووە هۆکاری چارەسەرکردنی زۆر لەو گرفت و کێشانەی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە هەبوون.

هەرێم وەك دیفاکتۆیەکی قۆناخی ئەو کاتی عێراق، کە عێراقی دوای سەدام حوسێنی تێدا بنیات دەنرایەوە، بووە هاوپەیمانی وڵاتی زلهێزێکی دونیا (ئەمریکا)، کە دوای شەڕی ساردی نێوان هەردوو جەمسەر (ئەمریکاو یەکێتی سۆفیەتی جاران)و لە ساڵەکانی نەوەدەوەو دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و لە سەردەمی (بۆشی باوك) سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هێدی هێدی هەیمەنەی خۆی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێناو بووە کارەکتەری سەرەکیی سیاسەتکردن لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو رۆژهەڵاتە ناوەڕاستەی کە لە شەڕی یەکەمی جیهانی و تاکوو کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانییش بەسەر وڵاتانی وەك فەرەنسا و ئیتالیا و بەریتانیا، وەك سیستەمی ئیستیعمار و ئینتداب دابەش کرابوو و هەیمنەیان بە سەریەوە هەبوو.

ئەم لاوازبوونەی رۆڵی ئەو وڵاتانەی کە ببوونە (دایباب)ی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت وڵاتە عەرەبییەکان بە عێراقی هەمە رەنگ و هەمە نەتەوەشەوە، بووە هۆی ئەوەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی وەك براوەی شەڕی دووەمی جیهانی هێدی بخشێنە نێو خاکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاوکێشە سیاسییەکانی خۆیان لە ناوچەکە پیادە بکەن.

لە شەڕی دووەمی کەنداو، یان باشتر بڵێین لە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی (گەردەلوولی بیابان) کە (بۆشی باوك) لە نەوەدەکان ئەنجامی داو بە هۆیەوە هێرشی سەربازی کردە



**نەدا مێرگەسۆری**

پەرلەمانتاری خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سەر رژێمی سەدام حوسێن، ئەو رژێمەی کە دوای پەلاماردانی ئێران لە شەڕی یەکەمی کەنداو، ئەوا پەلاماری کوێتیشی دابوو، ببووە مەترسییەکی ناوچەکە و هۆکارێکیش بوو بۆ ئەوەی ئەمریکا بە مەبەستی راوەستاندنی هێرشەکانی عێراق، هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بە هاوکاری نزیکەی (٣٤) دەوڵەت پێکبهێنێت بۆ پشتیوانیکردن لە کوێت، ئەم هێرشکردنەی ئەمریکا بۆ سەر رژێمی عێراق بە یەکەم هەنگاوی سەربازی ئەمریکا دادەنرێت بۆ هاتنە نێو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

راستە ئەو کات بەرەی کوردستانی وەك هاوپەیمانێك و کارەکتەرێکی گرنگ سوودی لە (گەردەلوولی بیابان) وەرگرت و بە هاوکاری وڵاتانی ئەورووپی و بەتایبەت فەرەنسا و دروستبوونی ناوچەی دژە فڕین، ئەم بەشە خاکەی کوردستانی لە دەست زوڵم و ستەمی سەدام و ئەنفال و جینوساید و راگواستن رزگار کرد و هێدی هێدی لەسەر پێی خۆی وەستا و بووە خاوەن نیمچە دەوڵەتێکی دیفاکتۆی ناوچەکە، بەڵام دەکرێت بگوترێت (باشووری کوردستان) ئەو کارەکتەرە، وەك کیانێکی بێ دەوڵەت، دەرخستنی هێز و پێگەکەی بە رووی تەواوی جیهان، پتر خۆی لە شەڕی سێیەمی کەنداو، یان هەمان شەڕی ئازادیی عێراق لە سەردەمی (بۆش)ی کوڕ لەساڵی (٢٠٠٣) بینییەوە.

(بۆش)ی کوڕ وەك سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمریکا، هەر یەکە لە پرەنسیپەکانی (شەڕی دژی تیرۆر و بنبڕکردنی چەکی کۆکوژ و بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و لە هەمووشی گرنگتر پرەنسیپی شەڕی خۆپارێزی (الحرب الاستبقایة) یان (الحرب الوقائیة)ی هێنایە نێو قامووسی سیاسەتی نێودەوڵەتی کە ماوەیەکی زۆر بوو ئەمریکا وەك سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەکاری دەهێنا بۆ هاتنە نێو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر ئەمانەش بوونە هۆکاری ئەوەی (جۆرج

**بۆش)ی کوڕ پرەنسیپی شەڕی خۆپارێزی (الحرب الاستبقایە) یان (الحرب الوقائیە)ی هێنایە نێو قامووسی سیاسەتی نێودەوڵەتی کە ماوەیەکی زۆر بوو ئەمریکا وەک سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەکاری دەهێنا بۆ هاتنە نێو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**(جۆرج بۆش)ی کوڕ هەر یەکە لە وڵاتانی (ئێران و کۆریای باکوور و عێراق)ی بە میحوەری فیتنە (محور الشر) و پاڵپشتیکەری تیرۆری دەزانی**

**دوای (١٦) ساڵ لە حوکمڕانی، عێراق گەیشتۆتەوە لێواری دارمانی ناوخۆیی لە هەموو روویەکەوە کە رۆژ بە رۆژ کێشەکانی بێ چارەسەر دەمێننەوە**

**هەرێمی کوردستان رۆژ بە رۆژ پێگەکەی بەهێز و بەهێزتر دەبێت و وەک تاکە کارەکتەری سیاسیی بێ دەوڵەت لە ناوچەکە شان بەشانی دەوڵەتانی زلهێزی ناوچەکە لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە و بگرە نێودەوڵەتیش رۆڵی کارای هەیە**

**گیانبەختکردنی پێشمەرگە و شەڕکردنی لە جیاتی تەواوی دونیا بۆ پاراستنی ئەمنییەتی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ئەمنییەتی وڵاتانی ئەورووپی، رۆژ بە رۆژ پێگەی کوردستانیان بەهێزتر کرد**

بۆش)ی کوڕ لە دوای هێرشە تیرۆریستیەکەی (١١)ی ئەیلوولی (٢٠٠١) بۆ سەر ئەمریکا، ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق دەست پێکرد، بۆ رووبەڕووبوونەوەی تالیبان و قاعیدە و رژێمی سەدام، ئەمەش بۆ خۆپارێزی لە تیرۆر و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بوو، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە (جۆرج بۆش)ی کوڕ هەر یەکە لە وڵاتانی (ئێران و کۆریای باکوور و عێراق)ی بە میحوەری فیتنە (محور الشر) و پاڵپشتیکەری تیرۆری دەزانی.

لە شەڕی ئازادکردنی عێراقی ساڵی(٢٠٠٣) بوو کە پێگەی کورد و کوردستان وەك هاوپەیمانی سەرەکیی هاوپەیمانیی ئازادکردنی عێراق گەیشتە ترۆپکی خۆی.

هێزو توانایی شاندی دانوستاندنی کورد لە بەغداو هێزو پێگەی جەنابی سەرۆك (مسعود بارزانی) وەك مەرجەع و کەسایەتییەکی سیاسیی پڕ لە ئەزموونی ناوچەکە، هەرێمی کوردستانی وەك کیانێکی بەهێز خستە سەرپێ و بە شێوەیەکی جددی و لە تەك سیاسەتمەدارەکانی دیکەی کورد بووە پارێزەری خاك و ئاڵاو دامودەزگا شەرعییەکان و پێشمەرگە و بە دەستکەوتی مەزن لە بەغداوە گەڕانەوە کوردستان و عێراقیشیان بۆ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق خستە سەر پێ، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق نەیانزانی چۆن چۆنی حوکمڕانی بکەن و دوای (١٦) ساڵ لە حوکمڕانی، عێراق گەیشتۆتەوە لێواری دارمانی ناوخۆیی لە هەموو روویەکەوە کە رۆژ بە رۆژ کێشەکانی بێ چارەسەر دەمێننەوە.

ئەم دەستکەوتە مەزنانە و پرەنسیپە دیموکراسییەکان و پاراستنی مافی مروڤ و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و پاراستنی مافی پێکهاتەکان و بەهێزکردنی پێگەی ئابووریی هەرێم و کرانەوەی ئابووریی کوردستان بە رووی کۆمپانیا زلهێزەکانی بواری نەوتی ئەمریکا و رووسیا و سیاسەتکردنێکی حەکیمانەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و رووبەڕووبوونەوەی شەڕی دژی داعش و گیانبەختکردنی پێشمەرگە و شەڕکردنی لە جیاتی تەواوی دونیا بۆ پاراستنی ئەمنییەتی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ئەمنییەتی وڵاتانی ئەورووپی، رۆژ بە رۆژ پێگەی کوردستانیان بەهێزتر کرد، بە جۆرێك کە هەرێمی کوردستان ئێستا بۆتە هۆکاری چارەسەر بۆ زۆربەی کێشەکانی نێو عێراق و بگرە ناوچەکەش.

کۆبوونەوەکانی جەنابی سەرۆکی هەرێم بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان و سەردانی بەڕێزیان بۆ بەغدا لەو تەنگژە و گێژاوەی کە بەرۆکی عێراقی گرتۆتەوە، بەتایبەت دوای خۆپێشاندانەکانی ئۆکتۆبەر کە شەقامی باشوور وناوەڕاستی عێراق پێی دەکولێت، هەروەها هاتنی بەڕێز (سێرگی لاڤرۆڤ) وەزیری دەرەوەی وڵاتی رووسیا لە ئان و ساتی هێرشی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان، وەك زلهێزێکی پڕ لە هەیمەنەی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت لە سووریا، هەروەها هاتنی بەڕێز (مایك پێنس) جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ کوردستان و کۆبوونەوەکانی لەگەل هەر یەکە لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و دەرخستنی خوشحاڵی خۆی بە سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان و دووپاتکردنەوەی پاڵپشتیی ئەمریکا بۆ کورد لە لایەن ئەوەوە، لە کاتێکدا هیچ یەك لە دەسەڵاتدارەکانی عێراقی نەبینیبوو و بە تەلەفۆن گفتوگۆی لەگەڵ کردبوون، هەروەها نزیکبوونی کۆتاییهاتنی رێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لەسەر پرسە هەڵواسراوەکانی نێوانیان، بەتایبەت کێشەی بوجەی (٢٠٢٠) و بابەتی ناردنی نەوت و سەردانە فەرمییەکەی سەرۆك وەزیرانی کوردستان بەڕێز (مسرور بارزانی) بۆ تورکیا لەو ئان و ساتەی کە رۆژئاوای کوردستان هێشتا لە ئاڵۆزییەکانی دوای هێرشی تورکیا رزگاری نەبووە، هەموویان دەرخەری ئەوەن کە هەرێمی کوردستان رۆژ بە رۆژ پێگەکەی بەهێز و بەهێزتر دەبێت و وەك تاکە کارەکتەری سیاسیی بێ دەوڵەت لە ناوچەکە شان بەشانی دەوڵەتانی زلهێزی ناوچەکە لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە و بگرە نێودەوڵەتیش رۆڵی کارای هەیە و هۆکاری خێر و چارەسەرە و هاوپەیمانێکی بەهێز و کاریگەر و خودان متمانە و بڕیارە کە دەتوانێت هاوکێشەکان لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان بگۆڕێت.

# سیزیفەکەی یۆنان لە عێراق زیندوو بووەوە!!



**ڕەجائی فاید**
سەرۆکی ناوەندی میسری بۆ دیراسات و لێکۆڵینەوە کوردی و ئەندامی کاروباری دەرەوە لە ئەنجومەنی میسر

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

دۆخی ئێستای عێراق سەربردەی ئەفسانەیی (سیزیف) پاڵەوانی یۆنانیم بیردێنێتەوە، ئەو کوڕەی کە خواوەند ئەوپەڕی سزای بەسەردا سەپاند، ئەویش ئەوە بوو کە دەبێت تاشەبەردێکی گەورە بکاتە پشتی و بەسەر چیادا سەرکەوێت، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە سەر چیاکە لە هێز دەکەوێت و تاشەبەردەکە خلۆری دامێنی چیاکەی دەکاتەوە، هەرچەندە دەزانێت کە ئەم کارە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، بەڵام چەندین جار هەوڵ دەدات و دووبارەی دەکاتەوە، بێ ئەوەی نائومێد بێت، ئەمەیە سزای خواوەند!

هەر بەم شێوەیەش عێراق هەرچەند هەنگاوێك بۆ پرۆسەی سیاسیی خۆی بهاوێژێت، دەبینین کە تەگەرە و لەمپەرێك بەری پێ دەگرێت و، بێئومێدییەك ڕوو لە خەڵکەکە دەکات، تا بە هیوای سەرکەوتن و گەڕاندنەوەی شکۆی وڵاتەکەیان نەبن، بۆیە پاڵەوانەکەی عێراق کە زۆری نەماوە بگاتە لووتکە کە هەموو خەم و کێشە و ناسۆری هاووڵاتیانی لە کۆڵ کردووە، هەڵدەخلیسکێت و ئەوەی هەشیەتی لە دەستی دەدات، هەر ئەوەندە نا، بەڵکو ڕووداوەکانی ئێستای عێراق مەترسین بۆ (خوانەخواستە) سەرهەڵدانی شەڕی نەگریسی ناوخۆ کە عێراق بەرەو هەڵدێرێکی نادیار ببات، لە هەمووی ناخۆشتر و کارەساتبارتر ئەوەیە کە خوێنی عێراقییەکان بە گوللەی خودی عێراقییەکان بڕژێت.

سەرباری تێپەڕبوونی زیاتر لە شازدە ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕژێمی عێراق و چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بەپێی ڕێکەوتننامەی ئەمنی (تائێستا بنکەو بارەگاکانی سەربازییان لە عێراقدا ماوە)، بەڵام

**عێراق هەرچەند هەنگاوێک بۆ پرۆسەی سیاسیی خۆی بهاوێژێت، تەگەرە و لەمپەرێک بەری پێ دەگرێت و بێئومێدییەک ڕوو لە خەڵکەکە دەکات، تا بە هیوای سەرکەوتن و گەڕاندنەوەی شکۆی وڵاتەکەیان نەبن**

**ئەستەمە کەس پێشبینیی ئەوە بکات کە ئایندەی عێراق بە کوێ دەگات، چونکە دەیان فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی کاریگەرییان بەسەر پرۆسەی سیاسییەوە هەیە**

**سەنگەرگرتنی تایفەگەری لە هەر دەوڵەتێکدا پڕە لە ململانێی نێوان پێکهاتەکان، ئەمە تەنیا بە سازان و ڕێککەوتنی نێوان پێکهاتەکانی ئەو دەوڵەتە کۆتایی دێت**

**لە عێراقدا تایفەگەری بە هێز و سەرکوتکردن چارەسەر ناکرێت، بە وشەی بریقەدار و ئومێد هەڵچنینیش کۆتایی نایەت، بەڵکو پێویستی بە هەوڵێکی زۆر جددی بۆ گەیشتن بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە هەیە**

هەر پاشاگەردانی و بێ سەروبەریی سیاسی لەم وڵاتە درێژەی هەیە، ئەستەمە کەس پێشبینیی ئەوە بکات کە ئایندەی عێراق بە کوێ دەگات، چونکە دەیان فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی کاریگەرییان بەسەر پرۆسەی سیاسییەوە هەیە، ئەو فاکتەرانە گۆڕانکاریی هەمەلایەنە لە پەیوەندی و بۆچوون و بەرژەوەندییە تێکچڕژاوەکانی ئەم وڵاتەدا دێننە ئاراوە. گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە ئەو خۆپیشاندان و گردبوونەوانەی ئێستای شار و شارۆچکەکان جەختیان لەسەر دەکەنەوە، بریتین لە: تایفەگەری، گەندەڵی، دەستێوەردانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی). لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەین.

تایفەگەری: هەڵەیەکی زۆریش باوە بگوترێت حوکمڕانیی بەعس و بەتایبەتیش سەردەمی سەدام حوسێن توانی سەرکەوێت لە لەناوبردنی تایفەگەری لە عێراقدا، لەو سەردەمەدا بە گوتەی سەدام(عێراق خێوەتێکی گەورەیە و هەموو پێکهاتەکان لەخۆ دەگرێت)، هەڵەکە لەمەدا ئەوەیە کە سەنگەرگرتنی تایفەگەری لە هەر دەوڵەتێکدا پڕە لە ململانێی نێوان پێکهاتەکان، ئەمە تەنیا بە سازان و ڕێککەوتنی نێوان پێکهاتەکانی ئەو دەوڵەتە کۆتایی دێت، واتا یەکدی قبووڵکردن و ڕێزگرتن لە کولتووری هەموو ئەو پێکهاتانەی لەسەر خاکی ئەو دەوڵەتەدا دەژین، بەمەش پێکەوەژیانێکی نموونەیی ڕووی تێ دەکات و لە پەرتەوازەیی کۆمەڵایەتی ونیشتمانی بە دوور دەبێت، بەڵام لە سەردەمی بەعس و سەدامدا ڕژێم بە زەبری هێز توانیبووی ئەو تایفەگەرییە دامرکێنێتەوە، لە کاتێکدا خودی ڕژێم تایفەگەرییانە مامەڵەی لەگەڵ پێکهاتەکاندا دەکرد، ئەمەش لە کاتی پاڵاوتنی کەسێك بۆ پۆستێك یان بۆ نێردەیەکی خوێندن لە دەرەوەی وڵات بە ئاشکرا دیاربوو، لەو سەردەمە لەم جۆرە کارو بەرنامانەدا دادپەروەری نەبوو، بۆیە لەگەڵ نەمانی ئەو هێزە ستەمکارە لە ساڵی ٢٠٠٣دا، سەنگەر لێکگرتنی تایفەگەری و ململانێی خوێناوی بە شێوەیەکی بەربڵاوتر و بەهێزتر هاتە ئاراوە، ئەم ململانێیانە بە جۆرێك تەشەنەی کرد، تا کار گەیشتە شەڕو پێکدادانی ناوخۆ، لەوەش زیاتر ڕووخان و تەقاندنەوەی مەرقەدو مزگەوتەکان، لەوانە تەقاندنەوی مەرقەدی عەسکەری لە سامەڕا و سەدان مزگەوتی سوننەش، ئەمە پێچەوانەی دیباجەی دەستووری تازەی عێراقە کە داوای بنیادنانی عێراقێکی تازە دەکات و بە دەق دەڵێت: « هەوڵمان داوە دەست لەناو دەست و شان بە شان بۆ دروستکردنی عێراقێکی تازە، عێراقی ئایندە، دوور لە تەوژمی تایفەگەری و ڕەگەزپەرستی و ناوچەگەری، نابێ تەکفیر و تیرۆر ڕێمان لێ بگرن، کە بۆ بنیادنانی دەوڵەتی یاسا پاشگەزبینەوە و سستی بنوێنین، نابێ تایفەگەری و ڕەگەزپەرستی ڕێگربن کە یەکێتیی نیشتمانی پتە و نەکەین، هەروەها دەسەڵات دەستاودەست بکەین، شێوازی دادپەروەرانەی سامان پەیڕەوبکەین و هاوکوفیی دەرفەتیش بە هەموو لایەك بدەین».

ناتواندرێت هەر بە قسە و وشەی سەر زار عێراق لەو سەنگەر لێکگرتنە تایفەگەرییە قوتاربکرێت، ئەوانەی ئەو شتنە دەنووسن و باسی دەکەن، هەر ئەوانە بوون کە عێراقیان تووشی شەڕ و پێکدادانی ناوخۆ کرد، لە عێراقدا تایفەگەری بە هێز و سەرکوتکردن چارەسەر ناکرێت، بە وشەی بریقەدار و ئومێد هەڵچنینیش کۆتایی نایەت، بەڵکو پێویستی بە هەوڵێکی زۆر جددی بۆ گەیشتن بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە هەیە، ئەنجا باس لە هەنگاوەکانی چارەسەر بکرێت، چونکە ڕاستی ئەوە دەسەلمێنێت کە تایفەگەری ڕەگی لە نێو خاکی ڕافیدەین-دا داکوتاوە، تەنانەت پێش دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ و لە سەردەمی شا فەیسەڵی یەکەم، کە بەم شێوەیە و بە وردی باسی دەکات، کە دەڵێت: «دەیڵێم و دڵیشم پڕە لە ئێش و حەسرەت، من پێموایە تا ئێستا لە عێراقدا گەلێك نییە بە ناوی گەلی عێراق، بەڵکو پێکهاتەگەلێکی مرۆیی خەیاڵی هەن، کە دوورن لە هەر بیرۆکەیەکی نیشتمانی، بە داب و نەریت و ئەفسانەی ئایینیەوە کاریگەرن، شتێك نییە کۆیان بکاتەوە، گوێ لە شتی خراپ دەگرن و حەزیان لە ئاژاوەیە، ئامادەن ڕاپەڕین دژی هەر حکومەتێك بەرپابکەن) بۆیە لەجیاتی ئەوەی گەل دەوڵەت دروست بکات، بە وێنەی خۆی



و بەپێی خواستەکانی شا فەیسەڵ، دەوڵەت دروستبوو، بەڵام گەل رووبەڕووی کێشەی (بێ گەل) ی بۆتەوە.

خاکی رافیدەین لە ماوەی رابردوودا بۆتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان دەوڵەتی خەلافەتی (سوننە) و دەوڵەتی سەفەوی (شیعە)، پێشتریش سەرکوتکردنی خوێناویی ئەمەوی بووە بەرامبەر ئال بەیت و ئەوەی لە کەربەلا رووی دا، ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە تایفەگەری لە عێراق رەگ دابکوتێت، کە هەندێ جار دەپووکایەوە و هەندێ جاریش زۆر بەهێز سەری هەڵدەدایەوە. تایفەگەری و ئەو مەترسییەی کە بۆ سەر دەوڵەت هەیەتی، راستەوخۆ پەیوەستە بە گەندەڵییەوە، هەر ئەوەش وای کردووە کە گەلی عێراق رووبەڕووی ببێتەوە و بەتایبەتیش سەرانی ئەو دیاردەیە، کە هیوا دەخوازن هەرچی زووترە لە و تایفەگەرییە و ئەو سەرکردانە رزگاریان بێت، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە نێو خودی پێکهاتە تایفەگەرییەکانیشدا ناکۆکی و ململانێ سەرهەڵبدات، کە دواجار لێکترازانی لەنێوانیاندا هێنایە ئاراوە، بەڵام دووپاتی دەکەینەوە کە رزگاربوون لە کۆت و بەندی تایفەگەری بە فەرمانی گەلی عێراق و سەرکردەکانی نییە، کێشەکە زۆر لەوانە گەورەترو قووڵترە.

پۆڵ برێمەری حاکمی مەدەنیی ئەمریکی لە عێراق، لە سەروبەندی پێکهێنانی ئەنجومەنی راگوزەری حوکم، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەپێی رێژەی دانیشتوان بەشداریی حوکمڕانیی عێراق بکەن، بەم شێوەیە بوو: (١٢) ئەندام عەرەبی شیعە (٥) ئەندام عەرەبی سوننە (٥)ئەندام کورد، دوو ئەندامی تورکمان، ئەندامێك کلدۆئاشووری) ئەم رێژەیەش بوو بە نیمچە یاسایەك کە زەحمەتە عێراقییەکان لێی رزگار بن، مەترسییەکەش ئەوەیە کە ئەم یاسایە دوای هەڵوەشاندنەوەی سوپای پێشوو هاتە نێو سوپای نوێی عێراقیشەوە، کە بە شێوەی خۆبەخش دروستبوو نەك بە بەسەربازکردنی زۆرداری، ئەوە بوو هەموویان پابەندبوون بەو یاسا تایفەگەرییەی برێمەر، دواجار هەر یەکێك بیەوێت خۆبەخشانە بێتە نێو سوپاوە پێویستە تەزکیە لە تایفەکەی خۆی بهێنێت، لە چوارچێوەی ئەو پشکەی کە بۆ تایفەکەی دیاری کراوە، ئەمەش لەسەر بیروباوەڕی پابەندبوون و وەلا بۆ سوپای عێراق کاریگەریی مەترسیداری لێ کەوتەوە، چونکە ئەو ئینتیمایە دابەش بوو بۆ هەریەك لە نیشتمان و تایفە، کە زۆرجار وەلا و ئینتیما بۆ تایفەکە لە نیشتمان زیاتر دەبێت. لە هەوڵەکانی سیزیفی عێراقی بەردەوام دەبین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بەو ئومێدەی عێراق لەو مەینەتییە دەربچێت، بەڵام دواتر و جارێکی دیکە لێی دەدوێین.

**خاکی رافیدەین لە ماوەی رابردوودا بۆتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان دەوڵەتی خەلافەتی (سوننە) و دەوڵەتی سەفەوی (شیعە)، پێشتریش سەرکوتکردنی خوێناویی ئەمەوی بووە بەرامبەر ئال بەیت و ئەوەی لە کەربەلا رووی دا، ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە تایفەگەری لە عێراق رەگ دابکوتێت**

**هەر کەسێک بیەوێت خۆبەخشانە بێتە نێو سوپاوە پێویستە تەزکیە لە تایفەکەی خۆی بهێنێت، لە چوارچێوەی ئەو پشکەی کە بۆ تایفەکەی دیاری کراوە، ئەمەش لەسەر بیروباوەڕی پابەندبوون و وەلا بۆ سوپای عێراق کاریگەریی مەترسیداری لێ کەوتەوە**

ساسان عەونی
وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ گوڵان:

# بڕیاری گۆڕانکاریمان هەموو ئاستە جیاوازەکانی ناوەند و جومگەکانی کارکردنی وەزارەت دەگرێتەوە





**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار یەکێکە لە وەزارەتە گرنگەکانی حکومەت و راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیانەوە هەیە، لەوانە: دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و خزمەتگوزارییەکانی ناوشار وەك کۆکردنەوەی زبڵ و پاشماوە و سەوزکردنی شارەکان و بایەخدان بە گەشتوگوزار و شوێنەوار و زۆر بواری دیکە کە هەر هەموویان جێگەی بایەخی هاووڵاتین و هەر بۆیە گوڵان بە پێویستی زانی ئەم دیدارە لەگەڵ ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ساز بکات، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لە نزیکەوە بە بەرنامەی کاری ئەم وەزارەتە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئاشنا بن.**

**بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە رایگەیاند سنوور بۆ گەندەڵی دانراوە و لە شوێنی خۆی راگیراوە، ئەمە راستییە و ئەم هەنگاوە بە شێوەیەکی گشتگیر و لەسەر ئاستی هەموو وەزارەتەکان جێبەجێ کراوە**

**ئەگەر یاسا و رێنماییەکان وەک خۆیان جێبەجێ بکرێت، بە دڵنیایەوە بوار بۆ گەندەڵی و گەندەڵکاران نامێنێتەوە**

*** وەك دەزانن، ئامانجی سەرەکیی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابینکردنی هەموو جۆرەکانی خزمەتگوزارییە بۆ هاووڵاتیان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاریش یەکێکە لە وەزارەتە گرنگەکان، ئایا لە ماوەی ئەو چەند مانگەی رابردوودا، چ بەرنامەیەکتان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لە چوار ساڵی داهاتوودا ئەو بەشەی بەرنامەی کابینەکە جێبەجێ بکەن کە پەیوەستە بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە؟**

- پێش هەموو شت خۆشحاڵم وەك وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، یەکەم دیداری رۆژنامەوانیم لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندایە، دیارە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار یەکێکە لە وەزارەتە گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیانەوە هەیە، لەبەر ئەوەی لەسەر چەند سێکتەرێکی گرنگ کاردەکات، کە ئەوانیش ئەو خزمەتگوزارییانەی شارەوانین کە چەندین بواری جیاواز دەگرێتەوە، لەوانە: خزمەتگوزارییەکانی ناوشار، شەقام و شۆستەکان، ئاوەڕۆ، هەروەها دابینکردنی خزمەتگوزاریی ئاوی خواردنەوە بۆ سەرجەم هاووڵاتیان، کۆکردنەوەی خاشاك و خاوێنکردنەوەی شارو شارۆچکەکان، سەوزکردنی شارەکانیش، ئەمانە ئەو بوارە گرنگانەن کە هەر یەکەیان بەپێی گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی کاری لەسەر دەکەین و بایەخی رۆژانەی کارکردنی ئەم وەزارەتەیە، ئەم خزمەتگوزارییانە هەموویان جێگەی بایەخی وەزارەتن، بەڵام لە سەرووی هەموو خزمەتگوزارییەکانەوە دابینکردنی ئاوی خواردنەوەیە بۆ هاووڵاتیان، ئەمە بێجگە لەوەی دوو سێکتەری زۆر گرنگی دیکە لە پسپۆڕییەکانی کاری وەزارەتن کە بریتین لە سێکتەری گەشتوگوزار، هەروەها سێکتەری شوێنەوار. دیارە هەر لەدوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم و لەسەر راسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەك هەموو وەزارەتەکانی دیکە دەستمان کرد بە دانانی پلانی چوار ساڵەی وەزارەت، ئەو پلانەش هەموو پڕۆژە و رێکارەکانی تێدایە کە دەمانەوێت وەکو وەزارەت لە ماوەی چوار ساڵی ئایندە جێبەجێیان بکەین. ئێستا ئەم بەرنامەیە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کراوە و دیراسەت و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و، پاش ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی دەکات، بەرنامەکە بە فەرمی رادەگەیەندرێت و، بەکردەیی هەوڵدەرێت کە بودجەی بۆ تەرخان بکرێت و بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە.

*** وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە بواری بۆ گەندەڵی زۆر تیا بووە لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا، ئەوەی تا ئێستا لە سەرۆکی حکومەت گوێمان لێ بووە، ئەوەیە کە گەندەڵی راگیراوە، بەڵام ئایا بەرنامەی ئێوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لەم وەزارەتەدا چییە؟**

- پرسیارەکەتان گرنگە و جێگەی بایەخی هەموو هاووڵاتیانە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پرسی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پرسێکە پەیوەستە بە ژیانی هەر هاووڵاتیەك و بە ئایندەی وڵاتەکەمانەوە، هەروەها ئەم پرۆسەیە راستگۆیی دامەزراوەکانی حوکمڕانی و

دەزگاکانی چاودێری و دەزگا کارگێڕییەکانیش بە دیار دەخات، لەم بارەوە بەڕێز سەرۆکی حکومەت کە رایگەیاند سنوور بۆ گەندەڵی دانراوە و لە شوێنی خۆی راگیراوە، ئەمە راستییە و ئەم هەنگاوە بە شێوەیەکی گشتگیر و لەسەر ئاستی هەموو وەزارەتەکان جێبەجێ کراوە، لە وەزارەتی شارەوانیش و لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا جێبەجێ کراوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە راگرتنی گەندەڵی قۆناخی یەکەمە و ئەوەی دەمانەوێت ئەنجامی بدەین، ئەوەیە کە هەوڵی چاکسازی تەواو لە هەموو سێکتەرەکاندا بدەین، چاکسازییەکانیش بوارەکانی گرتنەبەری رێکارە کارگێڕییە دروستەکان، پابەندبوون بە یاسا کارپێکراوەکان، ئامادەسازیی زیاتر بۆ توانای مرۆیی شارەزا دەگرێتەوە، لایەنێکی دیکە ئەوەیە کە کارەکانی وەزارەتی شارەوانی بە یاسا رێکخراون، رێکارەکانی خاورووتریش کە دەگیرێنەبەر هەمووی بە یاسا رێکخراون، بۆیە ئەگەر یاسا و رێنماییەکان وەك خۆیان جێبەجێ بکرێت، بە دڵنیاییەوە بوار بۆ گەندەڵی و گەندەڵکاران نامێنێتەوە. بڕیاری گۆڕانکاریمان لە سەر هەموو ئاستە جیاوازەکان و ناوەندەکان و جومگەکانی کارکردن هەیە، بۆ ئەمەش بەرنامەیەکی گشتگیرمان ئامادە کردووە، دوای ئەوەی ئەم بەرنامەیەش پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین و پەسەند دەکرێت، دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڵام ئێمە لەسەر ئەوەش نەوەستاوین و هەر کات زانیبێتمان فەرمانبەرێك لە هەر ئاستێکی کارگێری بەدەر لە یاسا و رێنمایی کاری کردبێت، دوای لێکۆڵینەوە و رێکارە یاساییەکان، بڕیاری کارگێڕیی دروستی بەرامبەر وەرگیراوە و سزای کارگێڕی دراون. ئەم پرۆسەیەش بەردەوام دەبێت و هەر فەرمانبەرێك جگە لە خزمەتکردنی هاووڵاتیان دەسەڵاتی خۆی بەدەر لە یاسا خراپ بەکار بهێنێت، رێکاری یاسایی بەرامبەر پیادە دەکرێت. هەروەها چەندین کەیسی گرنگ لەسەر راسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران راگیراوە و بە جددی بەدواداچوونی تێدا دەکەین.

*** کاروبارەکانی ئەم وەزارەتە دەستێوەردانی زۆریان تێدا کراوە، جاری وا هەبووە کەسێکی خاوەن دەسەڵات خۆی فەرزی کردووە، ئایا لەم کابینەیەدا توانیوتانە سنوورێك بۆ ئەو دەستێوەردانانە دابنێن؟**

- هەر لە یەکەم رۆژی دەستبەکاربوونمان وەك وەزیر لەم کابینەیەدا، لەسەر راسپاردەی سەرۆکی حکومەت، ئەو بابەتانە سنووریان بۆ دانراوە، بۆیە لەو ماوەیەی ئەم ئەرکە بە ئێمە سپێردراوە، هەستمان نەکردووە کەسێك لە دەرەوەی حکومەت بیەوێت دەستێوەردان لە کارەکانمان بکات، یان گوشارمان بخاتەسەر، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەرۆکی حکومەت زۆر بە توندی پشتیوانیی هەموو وەزیرەکان دەکات و، دەیەوێت حکومەت حکومەتی هاووڵاتیان بێت و ئامانجی ئەوەیە دامودەزگاکانی حکومەت، حکومڕانییەکی باش پیادە بکەن و خزمەتگوزاری بۆ هەموو خەڵکی کوردستان پێشکەش بکەن، هەروەها هەموو خەڵکی کوردستان لە کارەکانی حکومەت سوودمەند بن، و حکومەت بەپێی یاسا کارپێکراوەکان کار بکات، بۆیە بە دڵنیاییەوە سەرۆکی حکومەت رێگە بە دەستێوەردانی هیچ کەسێك لە دەرەوەی حکومەت بۆ هیچ وەزارەتێك نادات.

*** ماوەیەك پێش ئێستا نزیکەی ٨٠-٩٠ هەزار خانووی نیشتەجێی زیدەرۆ، یاسای بۆ دەرچوو بۆ ئەوەی لەسەر ئەو هاووڵاتییانە تاپۆ بکرێت، بێگومان ئەم یاسایە بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کەمدەرات هەنگاوێکی باشە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمە کۆتایی بە دیاردەی زیدەرۆیی زەوی دەهێنێت؟**

- سەبارەت بە بابەتی زیدەرۆیی زەوی، ئەم دیاردەیەکە لەو حاڵەتەدا روودەدات کە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان ناتوانن یاساکان وەك خۆیان جێبەجێ بکەن، بەمەش بوار دەرەخسێنن بۆ ئەوەی خەڵك زیدەرۆیی لەسەر زەوی میریی بکات، بەتایبەتیش لە کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتی وەك کۆمەڵگەی کوردستاندا، دیارە پرسی زیدەرۆیی لەسەر زەوی بە یاسای ژمارەی ٢ی ساڵی ٢٠١٨ چارەسەر کراوە، ئەم یاسایە سنوور بۆ زیدەرۆیی دادەنێت و زۆر بە توندی و راشکاوی دەسەڵاتی بە هەموو بەرپرسانی یەکە کارگێڕییەکان و

**پرسی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پرسێکە پەیوەستە بە ژیانی هەر هاووڵاتیەک و بە ئایندەی وڵاتەکەمانەوە، هەروەها ئەم پرۆسەیە راستگۆیی دامەزراوەکانی حوکمڕانی و دەزگاکانی چاودێری و دەزگا کارگێڕییەکانیش بە دیار دەخات**

**هەر کات زانیبێتمان فەرمانبەرێک لە هەر ئاستێکی کارگێڕی بە دەر لە یاسا و رێنمایی کاری کردبێت، دوای لێکۆڵینەوە و رێکارە یاساییەکان، بڕیاری کارگێڕیی دروستی بەرامبەر وەرگیراوە و سزای کارگێڕی دراون**

**چەندین کەیسی گرنگ لەسەر راسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران راگیراوە و بە جددی بەدواداچوونی تێدا دەکەین**

**لەو ماوەیەی ئەم ئەرکە بە ئێمە سپێرداوە، هەستمان نەکردووە کەسێک لە دەرەوەی حکومەت بیەوێت دەستێوەردان لە کارەکانمان بکات، یان گوشارمان بخاتەسەر**

**سەرۆکی حکومەت زۆر بە توندی پشتیوانی هەموو وەزیرەکان دەکات و، دەیەوێت حکومەت حکومەتی هاووڵاتیان بێت و ئامانجی ئەوەیە دامودەزگاکانی حکومەت، حوکمڕانییەکی باش پیادە بکەن و خزمەتگوزاری بۆ هەموو خەڵکی کوردستان پێشکەش بکەن**

**سەبارەت بە بابەتی زیدەڕۆیی زەوی، ئەم دیاردەیەکە لەو حاڵەتەدا روودەدات کە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان ناتوانن یاساکان وەک خۆی جێبەجێ بکەن، بەمەش بوار دەڕەخسێنن بۆ ئەوەی خەڵک زیدەڕۆیی لەسەر زەوی میریی بکات**

**یاسای ژمارەی ٢ی ساڵی ٢٠١٨ سنوور بۆ زیدەڕۆیی دادەنێت و زۆر بە توندی و راشکاوی دەسەڵاتی بە هەموو بەرپرسانی یەکە کارگێڕییەکان و بەرپرسانی شارەوانییەکان و دەسەڵاتی دادوەری داوە، بۆ ئەوەی بوار بە دیاردەی زیدەرۆیی نەدەن و رێکاری توندی یاسایی لەدژی ئەوانە بگرنەبەر کە زیدەڕۆیی لەسەر زەویی میریی دەکەن**

بەرپرسانی شارەوانییەکان و دەسەڵاتی دادوەری داوە، بۆ ئەوەی بوار بە دیاردەی زیدەرۆیی نەدەن و رێکاری توندی یاسایی لەدژی ئەوانە بگرنەبەر کە زیدەڕۆیی لەسەر زەویی میریی دەکەن، بۆیە لە ماوەی ئەو ساڵەی ئەم یاسایە دەرچووە، دەتوانم بڵێم بە رێژەیەکی زۆر بەرچاو دیاردەی زیدەڕۆیی بۆ سەر زەوی زۆر کەم بۆتەوە، سەبارەت بەو یاسایەش کە ئەو یەکە نیشتەجێ زێدەڕۆیانە بۆ هاووڵاتیان تاپۆ دەکات، هەتا ئێستا ئەو یاسایە بە فەرمی دەرنەچووە، ئێمەش وەك وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەشداریی کارامان لە باشترکردنی بڕگەکانی و دەرچواندنی ئەو یاسایە هەبووە، بۆیە ئەگەر ئەو یاسایە دەرچوو، سوودەکەی تەنیا ئەوە نییە کە ئەو ژمارە خەڵکە کەمدەرامەتە لێی سوودمەند دەبن، بەڵکو نەخشە و پلانێکی جوان بۆ رێکخستنی ئەو شوێنانە دادەنرێت و هەموو خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی (ئاو، کارەبا، شوێنی سەوزایی، شەقام و شۆستە و.. هتد) یان بە دیزانێکی ئەوتۆ بۆیان دابین دەکرێت کە شایستەی خەڵکی کوردستان بێت.

*** بە شێوەیەکی گشتی لە سەرجەم کوردستان و بەتایبەتیش لە شاری هەولێر، زەوییەکی زۆرتان بۆ نیشەجێکردن دابەش کردووە، بەڵام مۆڵەتی دروستکردنی خانوویان پێ نادەن، بۆچی مولەتیان پێ نادەن؟**

- لە شاری هەولێر، ئەم پرسە تایبەتە بە تەنیا یەك کەرتی نیشتەجێ کە ئەویش کەرتی هەشتی حەسارۆکە، گرفتی سەرەکی، نەبوونی خزمەتگوزاری نییە، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێم دەتوانێت چەندین خزمەتگوزاری وەك (دروستکردنی شەقام، ئاوەڕۆ و کارەبا)یان بۆ دابین بکات، یان لە رێگەی وەبەرهێنانەوە دەکرێت ئەم بابەتە جێبەجێ بکرێت، بەڵام گرفتی سەرەکی لە کەرتی هەشتی حەسارۆك نەبوونی پڕۆژەی ئاوە بۆ ئەو سنوورە، لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی کەرتی هەشتی حەسارۆك لەگەڵ کەرتی هەولێری نوێ ناوچەیەکی بەرزترە و مەنسوبی ئاوی ژێر زەوی تێیدا نزمە، شارەوانییش ناتوانێت زیاتر بیری ئاوی ژێر زەوی لێ بدات، لەبەر ئەوەی ئەو کەرتە زۆر فراوانە و ١٦ هەزار پارچەی زەویی نیشتەجێی هەیە، بۆیە ناتوانێت ئەو ژمارە زۆرەی بیری ئاوی ژێر زەوی لێ بدات، چونکە ئێستا لە هەولێر ١١٠٠ بیری ئاوی ژێر زەوی هەیە، بێجگە لەو بیرانەی بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان لێدراون، یەکێك لە پلانەکانی حکوومەت دەستگرتنە بە ئاو و سوودوەرگرتنی زیاترە لە ئاوی سەر زەوی، بۆیە حکومەت پلانی هەیە کە پڕۆژەی ئاوی ئیفرازی چوار کە بە پڕۆژەی (بای وەتەر) ناسراوە، دەست پێ بکات، ئەم پڕۆژەیەش تایبەت دەبێت بە چارەسەکردنی کێشەی ئاو لەو سنوورە کە کەرتی هەشتی حەسارۆك و هەولێری نوێش دەگرێتەوە و تا ماوەیەکی درێژمەودا گرفتی کەمیی ئاو لە هەولێر چارەسەر دەکات، بۆیە لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم پڕۆژەیە، وێڕای ئەوەی خزمەتگوزارییەکانی دیکەی وەك شەقام و دروستکردنی ئاوەڕۆیان بۆ جێبەجێ دەکرێت، ئەوسا لەلایەن شارەوانییەکانەوە مۆڵەتیان پێ دەدەرێت بۆ ئەوەی خانوو لە سەر زەوییەکانیان دروست بکەن.

*** ئایا پڕۆژەی ئاوی ئیفرازی چوار بەم زووانە دەکەوێتە جێبەجێکردن؟**

- بۆ ئەم پڕۆژەیە کۆنتراکت کراوە، هەندێك گرفت ماوە بۆ ئەوەی دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت، بەڵام سەرۆکایەتیی حکومەت هاتوونەتە ناو پرسەکە و هەوڵیان خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو گرفتانە چارەسەر بکەن.

*** ئەگەر راشکاوانە ئەو پرسیارەی هاووڵاتیان لە وەزیری شارەوانی بکەین، ئایا گرفتی کێشەی کەمیی ئاو کەی چارەسەر دەبێت؟**

- لە رووی بەرهەمهێنانی ئاوی خواردنەوەوە گرفتمان نییە، بۆ بەرهەمهێنانی ئاوی خواردنەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئاوی سەر زەوی دەبەستین و بەشێکیشی ئاوی ژێر زەوییە، لە هەرێمی کوردستان ١٤ پڕۆژەی گەورەی بەرهەمهێنانی ئاو هەیە، بێجگە لە پڕۆژە مامناوەندی و بچووکەکان، بەگشتی رۆژانە بڕی ٢,١ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی خواردنەوە بەرهەم دەهێنین، ئەم رێژەیە ئەگەر لەگەڵ رێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەراوردی بکەین کە نزیکەی پێنج ملیۆن کەسە، ئەوا هەر هاووڵاتییەك رۆژانە ٣٦٥ لیتر ئاوی بەردەکەوێت، کە ئاستی ستاندەری

جیهانی لە نێوان ١٨٠- ٢٠٠ لیتر ئاوە رۆژانە بۆ هەر تاکێك و لە باشترین حاڵەتدا دەگاتە ٢٢٠ لیتر بۆ هەر تاکێك لە رۆژێکدا، بۆیە کێشەی سەرەکیی ئێمە بەهەدەردانی ئاوی پاکی خواردنەوەیە کە رۆژانە بۆ هەر تاکێك ١٦٥ لیتر ئاو بەرهەم دەهێنرێت و بەفیرۆ دەڕوات.

*** دیارە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە چەند ساڵێکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیری لە دانانی پێوەری ئاو کردووەتەوە، بەڵام پێوەری ئاوەکەش ئەوەیە کە ناڕەزاییەکی زۆری لەسەر هەیە، بۆ چارەسەری ئەوە چیتان کردووە؟**

- پێش ئەوەی بێمە سەر باسی پێوەری ئاو، دەمەوێت ئەوە بڵێم، خەرجی یەك مەترسێجا بەرهەمهێنانی ئاوی خواردنەوە لەسەر حکومەت ٤٠٠ دینار دەکەوێت، ئەوجا ئەگەر بە ستاندەری جیهانی پێداویستی ئاوی خواردنەوەی هەر هاووڵاتییەکی کوردستان دابین بکەین، ئەوا هەرێمی کوردستان پێویستی بە ١,٢٥ ملیۆن مەتر سێجایە لە رۆژێکدا، بەڵام رۆژانە ٢,١ ملیۆن مەتر سێجا ئاو بەرهەم دەهێنێت، کە بڕەکەی لە ٨٥٠ هەزار مەتر سێجا زیاترە، ئەوە ئەگەر ئەم بڕە لەگەڵ تێچووی هەر مەتر سێجایەك پێکەوە لێك بدەین، ئەوا رۆژانە حکومەت ٣٤٠ ملیۆن دینار پارەی بەهەدەردانی ئاو دەدات، بۆ رێگرتن لە بەهەدەردانی ئاویش هەموو وڵاتانی جیهان بە رێگەی دانانی پێوەر ئەم کێشەیان چارەسەر کردووە، بۆ ئەوەی هاووڵاتی بەشی پێداویستیی خۆی ئاو بەکار بهێنێت و لەبەرامبەردا بڕێك پارە بداتەوە بە حکومەت، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو پەنای بۆ دانانی پێوەری ئاو بردووە، بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، ئاشکرایە ئەم پێوەرەش وەك پێوەرەکانی هەموو وڵاتانی دیکە، لەوانەیە لە چەند حاڵەتیکدا غەڵەت خوێندنەوەی بۆ کرابێت، یان غەڵەت بەسترا بێت، یان دەستکاری کرابێت، بۆیە کێشەکە بەو جۆرە نییە کە راگەیاندن بەو ئاستە گەورەی کردووە، بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستی ئێمەن کە هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ یە، بە رێژەی ٨٤٪ی خوێندنەوەی پێوەرەکان بۆ ئاوی ماڵان لە دوو مانگدا تەنیا ٢٥ هەزار دینار بووە کە بۆ هەر مانگێك دەکاتە ١٢- ١٥ هەزار دینار، بوونی چەند حاڵەتێك، یان چەندین حاڵەتیش لە هەموو کوردستان نابێت ببێتە هۆکاری ئەوەی بەهەدەردانی ئاو بەردەوام بێت و سنووری بۆ دانەنرێت. هەر حاڵەتێکی قۆرخکاری، بەدەربوون لە یاسا و رێنمایی، جیاوازی لە پرۆسەی کارگێری، گرفتی تەکنیکی، کێشەی بەستان و گرفتی مرۆیی، هەمووی قابیلی چارەسەرن، بۆیە پێویستە سنوورێك بۆ بەهەدەردانی ئاوی خواردنەوە دابنرێت و داوا لە هاووڵاتییانی بەڕێزیش دەکەین لەم پرسەدا کە لە خزمەتی نەوەکانی داهاتوومان دەکات، هاوکار بن. با دڵنیاش بن لە نییەتی حکومەتی هەرێم کە ئەو کێشانەی تایبەتن بەم بوارە، بە هەوڵی دڵسۆزانە کە لە خزمەتی خەڵك و حکومەتە، چارەسەر دەکرێن.

*** یەکێك لە خزمەتگوزارییە گرنگەکانی وەزارەتی شارەوانی (دوای دابینکردنی ئاوی خواردنەوە) قیرتاوکردنی شەقامە ناوخۆییەکانی شارو شارۆچکەکانە، بەڵام وێڕای ئەوەی وەزارەتی شارەوانی وەزارەتێکی زۆر دەوڵەمەندە، سستییەك لە نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردنەوەی شەقامەکان دەبینرێت، بەرنامەتان لەو بوارەدا چییە؟**

- ئەوە راستە، وەزارەتی شارەوانی یەکێکە لە وەزارەتە دەوڵەمەندەکان، بەڵام ئەو داهاتەی وەزارەت پێویستی بە رێکخستنەوەی زیاترە، ئەمەش یەکێکە لە خاڵە سەرەکییەکانی بەرنامەی چاکسازیی وەزارەتمان، سەبارەت بەوەش کە بۆچی ئەم داهاتە زۆرەمان هەیە و قیرتاوکردن، یان نۆژەنکردنەوە کەمە؟ ئەوە هەموو هاووڵاتییەکی کوردستان ئەو راستییە دەزانێت کە لە ساڵی ٢٠١٤وە هەرێمی کوردستان دوچاری قەیرانێکی قورسی ئابووری و دارایی بووە و هەتا ئێستاش ئەو قەیرانەمان تێنەپەڕاندووە، ئەم قەیرانە ئابوورییەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە نەتوانرابێت بە تەواوەتی خزمەتگوزاریی شایستە و بەردەوام لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەبێت، داهاتی شارەوانییەکان هەر چەندێك بن، رێژەی ٨٣٪ی دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی

**ئێستا لە هەولێر ١١٠٠ بیری ئاوی ژێر زەوی هەیە، بێجگە لەو بیرانەی بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان لێدراون، یەکێك لە پلانەکانی حکوومەت دەستگرتنە بە ئاو و سوودوەرگرتنی زیاترە لە ئاوی سەر زەوی، بۆیە حکومەت پلانی هەیە کە پرۆژەی ئاوی ئیفرازی چوار کە بە پرۆژەی (بای وەتەر) ناسراوە، دەست پێ بکات**

**لە هەرێمی کوردستان ١٤ پرۆژەی گەورەی بەرهەمهێنانی ئاو هەیە، بێجگە لە پرۆژە مامناوەندی و بچووکەکان، بەگشتی رۆژانە بڕی ٢,١ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی خواردنەوە بەرهەم دەهێنین**

**هەر هاووڵاتیەک رۆژانە ٣٦٥ لیتر ئاوی بەردەکەوێت، کە ئاستی ستاندەری جیهانی لە نێوان ١٨٠- ٢٠٠ لیتر ئاوە رۆژانە بۆ هەر تاکێک و لە باشترین حاڵەتدا دەگاتە ٢٢٠ لیتر بۆ هەر تاکێک لە رۆژێکدا**

**ڕۆژانە حکومەت ٣٤٠ ملیۆن دینار پارەی بەهەدەردانی ئاو دەدات، بۆ ڕێگرتن لە بەهەدەردانی ئاویش هەموو وڵاتانی جیهان بە ڕێگەی دانانی پێوەر ئەم کێشەیان چارەسەر کردووە**

**داهاتی شارەوانییەکان هەر چەندێک بن، ڕێژەی ٨٣٪ی دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت و ١٧٪ی دەدرێتەوە بە شارەوانییەکان بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری پێ ئەنجام بدەن، لەوانەیە بەم ڕێژەیەش شارەوانییەکان نەتوانن هەموو پڕۆژەکانیان ئەنجام بدەن**

**یەکێک لەو شتانەی کە خەریکە لەسەر ژینگەی کوردستان دەبێتە مەترسی، دروستنەبوونی پڕۆژەکانی ریساکلینی ستاندەرە، ئەمەش یەکێکە لە بایەخە گرنگەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەیەوێت لەم کابینەیەدا کارگەی ریساکلین لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان دروست بکرێت**

حکومەت و ١٧٪ی دەدرێتەوە بە شارەوانییەکان بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری پێ ئەنجام بدەن، لەوانەیە بەم ڕێژەیەش شارەوانییەکان نەتوانن هەموو پڕۆژەکانیان ئەنجام بدەن، داهاتی فەرمانگاکانی ئاویش، ڕێژەی ٨٠٪ی دەگەڕێتەوە بۆ خەزینەی حکومەت، تەنیا ٢٠٪ بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان و چاککردنەوەی پڕۆژەکانی ئاو بەکاردەهێندرێتەوە.

*** ئایا لە ئێستادا دەستان کردۆتەوە بە قیرتاوکردنەوەی شەقامە ناوخۆییەکان؟**

- ئەوەی ئێستا بەشێك لە شارەوانییەکان دەستیان پێ کردۆتەوە، لەو بڕە پارەیەی ١٧٪ یە کە لە کۆی گشتی داهاتی شارەوانییەکە بۆی دەگەڕێتەوە، لەمەشدا هەندێك لە شارەوانییەکان ریژەی داهاتیان بەرزە، بۆیە دەتوانن بەو پارەیەی بۆیان دەگەڕێتەوە، هەندێك پڕۆژەی نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردنەوە ئەنجام بدەن، بەڵام هەندێکی دی لە شارەوانییەکان داهاتەکەیان کەمە و ناتوانن ئەو پڕۆژانە ئەنجام بدەن، بۆ ئەمەش پێویستیمان بە هەماهەنگیی نێوان شارەوانییە داهات زۆرەکان هەیە لەگەڵ ئەو شارەوانییانەی کە داهاتیان کەمە، لە رابردوو ئەمە کراوە و هەوڵدەدەین بەردەوام بێت.

*** لەماوەی ئەو چەند مانگەی کابینەکە دەست بەکار بووە، لەسەر راسپاردەی سەرۆکی حکومەت بڕی ٣٠-٤٠ ملیۆن دۆلار بۆ نۆژەنکردنەوە و دووبارە قیرتاو کردنەوەی ڕێگەی نێوان شارو شارۆچکەکان تەرخان کراوە، ئایا ئێوە بەرنامەیەکی لەو شێوەیەتان نییە کە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بودجەی بۆ تەرخان بکات؟**

- ئێمە لە بەرنامەی خۆماندا کە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانمان کردووە، داوامان کردووە کە ئەنجومەنی وەزیران بودجەیەك بۆ نۆژەنکردنەوەی شەقامەکانی ناوخۆیی شارو شارۆچکەکان پەسەند بکات، بەڵام ئەم بەرنامەیە دەبێت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت، بە دڵنیاییەوە ئەگەر پەسەند بکرێت و بودجەی بۆ تەرخان بکرێت، هەموو ئەو پڕۆژانە دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە.

*** هەموو ئەو کۆمەڵگە و گوندە هاوچەرخانەی کە لە شارەکانی کوردستان دروست کراون، لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە خزمەتگوزارییان بۆ دابین ناکرێت، بەڵکو لەلایەن ئەو کۆمپانییانەوە خزمەتگوزارییان بۆ دابین دەکرێت کە ئەو کۆمەڵگە و گوندانەیان دروست کردووە، ئایا لە بەرنامەتاندا هەیە خزمەتگوزاری بەو کۆمەڵگە و گوندە هاوچەرخانەش بگەیەنن؟**

- لە دوایین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای وەبەرهێنان ئەو بابەتە یەکێك بوو لەو پرسانەی باس کران، بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو جۆرەیە کە ئەو جیاوازییە لە خزمەتگوزاری نەهێڵێت و وەك هەر گەڕەکێکی ناو شارەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و خزمەتگوزارییەکان لەلایەن شارەوانییەوە دابین دەکرێت، لە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەش هاووڵاتیانی دانیشتووی ئەم شوێنانە سوودمەند دەبن کە نرخی خزمەتگوزارییەکانی ئێستا دەیدەن، کەم دەبێتەوە و هەمان کوالێتیی خزمەتیش بەردەوام دەبێت.

*** ئەی سەبارەت بە تاپۆکردنی ئەو یەکەی نیشتەجێیانە؟**

- پرسی تاپۆکردنی یەکە نیشتەجێیەکانی ئەو کۆمەڵگە و گوندە هاوچەرخانەش، یەکێکە لە بڕیارەکانی لیژنەی باڵای وەبەرهێنان، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی هاوبەش لە وەزارەتی داد و دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی شارەوانی پێکهاتووە بۆ ئەوەی پەلە لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیە بکەن.

*** کاروبارەکانی وەزارەتی شارەوانی لە چەند روویەکەوە هاوشێوەی کاری پارێزگاکانە، ئایا چۆن هەماهەنگی و هاوکاریتان لە نێوان وەزارەت و پارێزگاکان ڕێکخستووە؟**

- کاروباری وەزارەتی شارەوانی بە یاسای وەزارەت و یاسای شارەوانییەکان ڕێکخراوە، لە چوارچێوەی ئەم دوو یاسایە فەرمانگاکان کارەکانی خۆیان دەکەن، لەسەر ئاستی هەماهەنگییش لە پارێزگاکان و یەکە ئیدارییە سەربەخۆیەکانیش، هەماهەنگییەکی زۆر باشمان هەیە، بەردەوام ڕێنمایی فەرمانگاکانمان و شارەوانییەکان و بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانییەکانمان کردووە کە هەماهەنگی و پابەندبوونی تەواو

لەگەڵ یەکە ئیدارییەکانی خۆیان بکەن، ئەمەش بەرجەستەکردنی گیانی هاوکارییە بۆ گەیاندنی باشترین خزمەتگوزاری بە خەڵکی کوردستان. بەڵام ئەو بابەتانەی کە بە یاسا ئێمە لە بەرامبەری بەرپرسیارین، وەك خۆی مومارەسەی دەسەڵاتەکانمان دەکەین.

*** لایەنێکی دیکەی گرنگ پرسی کۆکردنەوەی خاشاك و پرۆسەی (ریسایکلین)ـە لە شارەکاندا، دیارە زبڵ و خاشاك کۆدەکرێتەوە، بەڵام ریساکلین وەك پێویست نییە، ئایا لەم لایەنەوە هیچ بەرنامەیەکتان هەیە؟**

- بێگومان یەکێك لەو شتانەی کە خەریکە لەسەر ژینگەی کوردستان دەبێتە مەترسی، دروستنەبوونی پرۆژەکانی ریساکلینی ستاندەرە، ئەمەش یەکێکە لە بایەخە گرنگەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەیەوێت لەم کابینەیەدا کارگەی ریساکلین لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان دروست بکرێت. بۆیە ئەمە بەشێکە لە بەرنامە گرنگەکانی وەزارەتی شارەوانی کە هەوڵدەدات پەرە بەو کارگەی ریساکلینانە بدات کە ئێستا لە کوردستان بوونیان هەیە، وەك کارگەکانی (دهۆك، ئاکرێ، سلێمانی و ئامێدی کە لە ژێر دروستکردنایە)، ئەویش بە رێگەی چارەسەرکردنی ئەو خاشاك و پاشەڕۆیانە بە رێگەیەکی زانستی کە هیچ زیانێکی بۆ ژینگەی کوردستان نەبێت، سەبارەت بەو شوێنانەشی کە کارگەی ریسایکلینی تێدا نییە، هەوڵدەدین کە کۆمپانیای پێشکەوتوو بانگهێشت بکەین بۆ ئەوەی باشترین کارگەی ریسایکلین لە شارەکانی کوردستان دروست بکات.

*** سەبارەت بە دووبارە بەرکارهێنانەوەی ئاوی قورس بۆ ئاوی ئاسایی، ئایا هیچ پرۆژەیەکتان هەیە؟**

- یەکێك لەو پرۆژە ستراتیژییە گەورانەی کە پێشتر ماستەرپلانەکەی بۆ ئامادە کراوە و ئێستا لە قۆناخی ئەوەدایە کە جێبەجێ بکرێت، پرۆژەی ئاوەڕۆی شاری هەولێرە، ئەم پرۆژەیە لەسەر قەرزی ژاپۆنی ئەنجام دەدرێت و پێویستی بە رەزامەندیی بەغدا بوو، پێشتر بەغدا ئامادە نەبوو کە رەزامەندی بدات بەوەی ئەم پرۆژەیە لەسەر قەرزی ژاپۆنی دروست

## ساسان عەونی

- لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٠ لە کۆیە.
- دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری لە بەشی ئەندازیاریی شارستانی/ زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر.
- هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر لە بەڕێوەبردن و ئیکۆنۆمی لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی.
- یەکەم سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە دوای ڕاپەرین، لە ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٨.
- چەندین پێگەی سیاسی و ڕێکخراوەیی بینیوە.
- ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە ساڵی ٢٠١٠وە.
- بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە ٢٠١١-٢٠١٧.
- بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە ٢٠١٧-٢٠١٩.
- لە ١٠ی تەمموزی ٢٠١٩ وەك وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سوێندی یاسایی خوارد.
- حەفت کتێبی چاپکراوی لە بوارەکانی مێژوو، هزر و سیاسەت هەیە.



بکرێت، بەڵام لە مانگی رابردوو حکومەتی بەغدا رەزامەند بوو لە سەر جێبەجێکردنی، بە تەواوبوونی ئەم پرۆژە ستراتیژییە، پرۆژەی دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی قورس دەچێتە قۆناخێکی دیکە.

*** دیارە وەزارەتی شارەوانی موڵکێکی زۆری هەیە، بەڵام وەك باس دەکرێت هەندێك جار زیدەڕۆیی دەکرێتە سەر ئەو موڵکانە، ئایا لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەی بۆ چاکسازی داتانرشتووە، بەڕێوەبردنی موڵکەکانی شارەوانییش دەگرێتەوە؟**

- بەڵێ، ئەمیش بەشێکی ئەو بەرنامە چاکسازییەیە کە دامانڕشتووە، بەڕێوەبردنی ئەو موڵکانە یەکێکە لە کێشە موزمینەکانی شارەوانی و شارەوانییەکان، بۆیە داوامان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی نەخشەدانانی ئاوەدانیی شارەکان و سەرۆکایەتیی شارەوانییەکان کردووە کە پێکەوە لیژنەیەکی هاوبەش دروست بکەن و سەرلەنوێ ئاماری موڵکەکانی شارەوانی بکەن بە پرۆسەی GIS (واتە وێنەگرتن لە رێگەی کامێرای درۆن)، بۆ ئەوەی وێنە و نەخشەکان بخرێنە سەر شاشەی کۆمپیوتەر و وردەکاریی تەواوی لەسەر تۆمار بکرێت و بە شێوەیەکی ئەندازەیی زۆر باش رێکبخرێت، لەم پرۆژەیەدا بە رێگەی ئەلیکترۆنی کۆنترۆڵی تەواوی موڵکەکانی شارەوانی دەکرێت، بەوەش لەو دیاردەیە رزگارمان دەبێت کە ئەوە فلان لاپەڕە و فلان نەخشە ون بووە، سەبارەت بە پێشێلکاری بۆ سەر موڵکەکانی شارەوانی، لەگەڵ ئەوەی موڵکەکانی شارەوانی بەشی زۆریان بە گرێبەست دراون بە کرێ و بەپێی ئەو گرێبەستە ساڵانە گرێبەستەکانیان بۆ تازە دەکرێتەوە، بەڵام هەندێك لە موڵکەکانی شارەوانی هیچ کارێکی تیا ناکرێت، یان زێدەڕۆیی کراوەتە سەر و شارەوانییەکان نەیانزانیوە، یان کەمتەرخەمی لە بەدواداچوونی بۆ کراوە.

*** دیارە دەستەی گەشتوگوزاریش بەشێکە لەم وەزارەتە، لە بواری گەشتوگوزار بەرنامەتان چییە و ئایا دەتوانین بڵێین لەماوەی چوار ساڵی داهاتوو کەرتی گەشتیاری دەبێتە پیشەسازی و سەرچاوەیەکی دیکەی داهات بۆ کوردستان؟**

- دەستەی گەشتوگوزار ماستەرپلانێکی گرنگی بۆ گەشتیاریی کوردستان دارشتووە کە ٦٧ پرۆژەی گەشیاریی گەورە و مامناوەند لەخۆی دەگرێت، ئەم ٦٧ پرۆژەیە، ١٩یان لە هەولێرن، ٢٠یان لە سلێمانین، ١٩ یان لە دهۆك و ٩ پرۆژەشیان لە ئیدارەی گەرمیانە. ئەم پرۆژانە ئامادەکراون بۆ ئەوەی بە رێگەی وەبەرهێنان (ناوخۆی و دەرەکی) بکەونە بواری جێبەجێکردنەوە، بەمەش گەشتوگوزار لە کوردستان دەچێتە قۆناخێکی باشتر، بۆیە گەشەیەکی بەرچاو لە بواری وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتوگوزار هەیە، بەڵام ئەگەر ئێمە تمووحمان زیاتر بێت و حەزبکەین ئەم کەرتە زیاتر پێش بکەوێت، ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام بەرزترین رێژەی وەبەرهێنان بەپێی ئامارە تازەکان لە کەرتی گەشتوگوزاردایە.

*** پرۆژەی شەقامی ١٥٠ مەتری، گەورەترین پرۆژەی ئێستای کوردستان و هەولێری پایتەختیشە، ئەم پرۆژەیە قۆناخی یەکەمی دەستی پێ کردووە، ئایا قۆناخەکانی دیکەش دەستی پێ دەکرێت؟**

- راستە، پرۆژەی شەقامی ١٥٠ مەتری لەسەر ئاستی هەرێم و پارێزگای هەولێریش پرۆژەیەکی گەورەیە، قۆناخی یەکەمی ئەم پرۆژەیە لە رێگەی مەسیف – شەقڵاوە دەستی پێ کردووە هەتا دەگاتە رێگەی بەحرکە، گرنگیی ئەم شەقامە لەوەدایە کە بە پێنج کیلۆمەتر گرێ دەدرێتەوە بە رێگای دووسایدیی نێوان هەولێر- دهۆك و دەچێتەوە سەر رێگای شەقڵاوە -سۆران.

*** هەر لە ماستەرپلانی هەولێردا، ماستەرپلانێکشیش بۆ پشتێنەی سەوز هەیە، ئایا ئەمیش دەبێتە یەکێك لە پرۆژە جوانەکانی پایتەخت؟**

- بێگومان وا دەبێت، کە ئەویش پرۆژەیەکی گەورەیە، لە ئێستادا چەند دەزگایەکی بیانی هاتوونەتە کوردستان و لێکۆڵینەوە لەسەر خۆڵی ئەو پرۆژەیە دەکەن، بۆ ئەوەی بزانن چ دار و رووەکێك بە باشی لەسەر ئەو خۆڵە گەشە دەکات و لەگەڵ کەشوهەوای ئەو شوێنە دەگونجێن، ئەمەش ئامادەباشییەکە بۆ ئەوەی لە ئایندەدا دەست بەم پرۆژەیە بکرێت. ئەم پرۆژەیە زیاتر بە رێگەی وەبەرهێنان (دەرەکی

**بە رێگەی ئەلیکترۆنی کۆنترۆڵی تەواوی موڵکەکانی شارەوانی دەکرێت، بەوەش لەو دیاردەیە رزگارمان دەبێت کە ئەوە فلان لاپەڕە و فلان نەخشە ون بووە**

**دەستەی گەشتوگوزار ماستەرپلانێکی گرنگی بۆ گەشتیاریی کوردستان دارشتووە کە ٦٧ پرۆژەی گەشیاریی گەورە و مامناوەند لەخۆی دەگرێت، ئەم ٦٧ پرۆژەیە، ١٩یان لە هەولێرن، ٢٠یان لە سلێمانین، ١٩ یان لە دهۆك و ٩ پرۆژەشیان لە ئیدارەی گەرمیانە**

**ئێستا شارەوانییەکان مۆڵەت نادەنە هیچ پرۆژەیەکی پیشەسازی، یان ئەپارتمان و تەنانەت خانووی ئاسایی هاووڵاتیانیش ئەگەر بەشێکی باش بۆ سەوزایی تەرخان نەکەن**

یان ناوخۆیی ) دەچێتە بواری جێبەجێکردن، بۆیە ئەگەر ئاستی فراوانبوونی شاری هەولێر گەیشتە ئەو زۆنە، ئەوا بێگومان ئەم پڕۆژەیەش دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، بەڵام بێجگە لەم پشتێنەیە، پرۆسەی سەوزکردن لەسەر چەند بوارێکی دیکە بایەخی زۆری پێ دراوە و هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی بەردەوام کوردستان سەوز بکرێت، هەر بۆ نموونە ئێستا شارەوانییەکان مۆڵەت نادەنە هیچ پڕۆژەیەکی پیشەسازی، یان ئەپارتمان و تەنانەت خانووی ئاسایی هاووڵاتیانیش ئەگەر بەشێکی باش بۆ سەوزایی تەرخان نەکەن.

*** دەستەی پاراستنی شوێنەوارەکانیش هەر بەشێکی دیکە و گرنگی ئەم وەزارەتەیە، دیارە لەو ماوەیەی پێشوو، ئێوە بە یاوەریی سەرۆکی حکومەت پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێرتان بەسەر کردەوە، ئایا ئامانج لەم بەسەرکردنەوەیە چی بوو؟**

- قەڵای هەولێر جیا لەوەی سیمبۆلێکە بۆ کوردستان و پایتەختی کوردستان، لە هەمانکاتدا شوێنەوارێکی جیهانییە و لە لیستی یونسکۆ تۆمار کراوە، بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جیا لەوەی بایەخێکی گرنگ بە پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی قەڵا دەدات، لە هەمانکاتدا دیدوبۆچوونی تایبەتیشی بۆ قەڵای هەولێر هەیە، بۆیە لە میانەی ئەم سەردانەیەدا سەرۆکی حکومەت ویستی بزانێت پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی قەڵا بەپێی ئەو ماستەرپلانەی یونسکۆ بۆی داناوە، بە چ ئاستێك گەیشتووە، هەروەها مەبەستی بوو ئەو دیوارە ببینێت کە ماوەیەکە دۆزراوەتەوە و ئێستا لێکۆڵینەوەی ئەرکیۆلۆژی لەسەر دەکرێت، لەمەش زیاتر سەرۆکی حکومەت دیدێکی ئایندەییشی بۆ قەڵا هەیە، بەوەی چۆن وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، وەك شوێنێکی گەشتیاری و شوێنەوارییش، کە بگاتە ئەو ئاستەی ٢٤ کاتژمێر شەو و رۆژ ژیان تێیدا بەردەوام بێت، هەر بۆ زانیاریی خوێنەرانتان، پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی ناو قەڵای هەولێر، تەنیا نۆژەنکردنەوەی ناو قەڵاکە نییە، بەڵکو بازنەی دەوری قەڵاش دەگرێتەوە لەگەڵ گەڕەکەکانی و تەکیە و عەرەب و تەعجیل کە ئێستا لەلایەن حکومەتەوە بەشی زۆری ئەو گەڕەکانە موڵکەکانی ئیستمیلاك کراون و بەنیازین ئەوانیش لەگەڵ قەڵا نۆژەن بکرێنەوە و ببنە شوێنێکی سەرنجڕاکێش، هەروەها بەرنامەکە بەو جۆرەیە لە جێگەی بینایەی ئێستای پارێزگا و لە نیوە بازنەی دەوری قەڵا هەموو بکرێتە مۆزەخانە و پارك و نافورە، بۆ ئەم پرسەش جیا لەوەی قسە لەگەڵ کۆمپانیا راوێژکارییەکان کراوە، لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان و بەتایبەتی ئەندازیارانی تەلارسازی و قوتابیانی ئێستای تەلارسازی راوێژ دەکرێت بۆ ئەوەی بیروبۆچوونی خۆیان سەبارەت بەم پڕۆژەیە پێشکەش بکەن و پڕۆژەکە زیاتر دەوڵەمەند بکەن.

*** ئایا پڕۆژەی پێکەوە گرێدانەوەی شوێنەوارەکان بە گەشتیارییەوە، پلانی بۆ ئامادە کراوە، یان بەنیازن پلانی بۆ ئامادە بکەن؟**

- هەرێمی کوردستان خاوەنی ٨٠٠٠ ناوچەی شوێنەوارییە کە ئەم ژمارەیە ئەگەر نموونەیی نەبێت، لە ریزی ئەو وڵاتانەیە کە شانازی بە شارستانیەتی خۆیانەوە دەکەن، بەشێکی زۆری ئەم ناوچە شوێنەوارییانە ئێستا لە ناوچەکانی (گەرمیان، سلێمانی، هەولێر و دهۆك)، کنە و پشکنینی زانستییان لەسەر دەکرێت و لێکۆڵینەوەی ئەرکیۆلۆژییان لەسەر ئامادە دەکرێت، بۆیە لەبەر گرنگیی ئەم شوێنەوارانە یەکێك لە بەرنامەکانی حکومەت ئەوەیە تەنیا دیراسەتی ئەرکیۆلۆژی بەس نییە، بەڵکو دەبێت وەبەرهێنان لەو ناوچە شوێنەوارییانە بکرێت و بکرێنە ناوچەی گەشتیاری، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەوانەیە ئێمە نەتوانین کێبڕکێی گەشیتاری لەگەڵ ئەو وڵاتانە بکەین کە لەسەر دەریان، بەڵام بە ئاسانی دەتوانین لە رووی شوێنەوارەوە کێبڕکێیان لەگەڵ بکەین لەبەر ئەوەی کوردستان لانکی شارستانیەتە، لەو شوێنە گرنگانەی کە دەکرێت وەبەرهێنانی گەورەی تێدا بکرێت، وەك ئەشکەوتەکانی (شانەدەر، هەزارمێرد، شوێنەوارەکانی خنس، قەڵای هەولێر و.. هتد)، ئەمانە ئەگەر وەبەرهێنانی گەورەی تێدا بکرێت، دەبنە ناوچەیەکی گرنگی گەشتیاری لە کوردستاندا.

**بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جیا لەوەی بایەخێکی گرنگ بە پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی قەڵا دەدات، لەهەمانکاتدا دیدوبۆچوونی تایبەتیشی بۆ قەڵای هەولێر هەیە**

**هەرێمی کوردستان خاوەنی ٨٠٠٠ ناوچەی شوێنەوارییە کە ئەم ژمارەیە ئەگەر نموونەیی نەبێت، لە ریزی ئەو وڵاتانەیە کە شانازی بە شارستانیەتی خۆیانەوە دەکەن**

**لەوانەیە ئێمە نەتوانین کێبڕکێی گەشیتاری لەگەڵ ئەو وڵاتانە بکەین کە لەسەر دەریان، بەڵام بە ئاسانی دەتوانین لە رووی شوێنەوارەوە کێبڕکێیان لەگەڵ بکەین لەبەر ئەوەی کوردستان لانکی شارستانیەتە**



**دکتۆر عەرەفات کەرەم ستونی**

**بەرپرسی کاروباری عێراق و پەرلەمان و حکومەت لە بارەگای بارزانی بۆ گوڵان:**

# پێکهێنانی هاوپەیمانیی کوردستانی لە بەغدا یەکهەڵوێستی و یەکدەنگیی کورد بەهێزتردەکات

**ئـەو خۆپیشـاندانانەی کـە بەغـداو پارێزگاکانـی باشـووری عێراقیـان گرتۆتـەوە، رۆژ بـە رۆژ دۆخەکـە ئاڵۆزتـر دەکـەن و تـا ئێسـتاش حکومەتـی عێراق لەئاسـت داخوازییەکانـی خۆپیشـاندەران هەنگاوی جددی نەهاویشـتووە، بـۆ زیاتـر قسـەکردن لەسـەر ئـەم بارودۆخـە و ئاینـدەی پرۆسـەی سیاسـی لـە عێـراق و رۆڵـی کـورد لـەم هاوکێشـەیەدا، ئـەم چاوپێکەوتنەمـان لەگـەڵ دکتـۆر عەرەفـات کـەرەم سـتونی بەرپرسـی کاروبـاری عێـراق و پەرلەمـان و حکومـەت لـە بـارەگای بارزانـی ئەنجـام دا و راشـکاوانە وەڵامـی پرسـیارەکانی گوڵانـی دایـەوە.**

**د.عادل عەبدولمەهدی پاوێکی تەوافوقییە و زۆر بە روونی لە رەوشی کوردستان و پەرەسەندنەکانی عێراق دەگات، هەروەها پەیوەندیی باشی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە هەیە، بەڵام کێشە کەڵەکەبووەکان لەسەردەمی ئەو تەقینەوە**

**هیچ خزمەتگوزارییەک پێشکەش خەڵکی عێراق نەکراوە و بێکاری و پاشاگەردانی و گەندەڵی هەموو کایەکانی کارگێڕی تەنیوە**

*** لـەم بارودۆخـە ناسـکەدا هاووڵاتیانـی عێـراق لـە بەغـدا و پارێزگاکانـی باشـوور رژاونەتـە شـەقام و گۆڕەپانـەکان و داواکارییـان هەیە،رەوشـەکەش تـا دێـت ئاڵۆزتـر دەبێـت، پێتوایـە حکومـەت تاکـەی دەتوانێـت بەرامبـەر ئـەم دۆخـە خۆڕاگـر بێـت؟**

- لە ئێستادا عێراق بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێـت، بۆیـە زۆر هەڵەیـە کـە ئـەم شکسـتە ئیدارییە بخەینە ئەستۆی د. عـادل عەبدولمەهدی (سـەرۆك وەزیـران)، واتـا لێکەوتەکانـی ئـەو شـازدە ساڵە بخەینـە ئەسـتۆی ئـەو پیـاوە جێگـەی حەیـف و سـتەمە، د. عـادل عەبدولمەهـدی پاوێکـی تەوا فوقییـە و زۆر بـە روونی لـە رەوشـی کوردسـتان و پەرەسـەندنەکانی عێـراق دەگات، هەروەهـا پەیوەندیـی باشـی لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆو دەرەوە هەیـە، بـەڵام کێشـە کەڵەکەبـووەکان لەسـەردەمی ئـەو تەقینـەوە و هاتنەئـاراوە، ئـەو خۆپیشـاندانانە میللییـە و مافـی خۆیانـە، لـە راسـتیدا هیـچ خزمەتگوزارییـەك پێشـکەش خەڵکی عێراق نەکراوە و بێـکاری و پاشـاگەردانی و گەندەڵـی هەمـوو کایەکانـی کارگێـڕی تەنیـوە.

*** کەواتـە لـەم گۆڕانکارییانـەدا تێڕوانیـن و بۆچوونـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان چـۆن دەبینیـت؟**

- ئێمـە وەك پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کاتێـك سـەردانی بەغدامـان کـرد، بـۆ ئـەوە بـوو قەناعەتـی چەسـپاوی لای خەڵـك بگۆڕیـن، بـەوەی کاتـێ بـێ سـەروبەری و پاشـاگەردانی لـە بەغـدا روودەدات، گوایـە سـەرکردەکان و خەڵکـی کوردسـتان پێـی دڵخـۆش دەبـن، ئـەو قەناعەتەمـان لایـان گـۆڕی کـە ئـەوەی لـە بەغـدا روودەدات بـە شـێوەی نەرێنـی کاریگەریـی بـۆ سـەر کوردسـتان دەبێـت، پێشـنیارمان کـرد کـە هاوپەیمانییـەك لـە ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق دروسـت بکەیـن، ئـەو هاوپەیمانییـە حکومـەت دەپارێزێـت، ئێمـە لەگـەڵ لەکارخسـتنی حکومەتـدا نیـن، چونکـە لـە بۆشـاییەك دەترسـین و حکومەتیـش تـا ئێسـتا تـەواو نەبـووە، چـۆن دەتوانیـن ئەلتەرناتیڤێکـی بـۆ بدۆزینـەوە، بەدیلەکـە دەبـێ توافوقـی بێـت، پاشـان خـودی سـەرۆك وەزیـران بـە تەوافـوق دانـراوە.

*** پێیتـان وایـە مانـەوەی د. عـادل عەبدولمەهدی لـەم ئـان و سـاتە ناسـکەدا لەبارتـرە و چارەسـەرێکی کاتییـە؟**

- بەڕێـز د. عـادل عەبدولمەهـدی سیاسـی و ئایدیۆلۆجـی و تایفەگەریـش نییـە، بەڵکـو رۆشـنبیر و بەڕێـزە، کێشـەکە لەوەدایـە ئـەو پیـاوە لاوازە، نـەك لـە خـودی خۆیـدا، بەڵکـو هیـچ فراکسـیۆنێکی لـە پەرلەمانـدا نییـە، هیـچ پەرلەمانتارێـك داکۆکـی لـێ نـاکات، بۆیـە پێشـنیارمان کـرد، بـۆ عەمـار حەکیـم و مالیکـی و هـادی عامـری و حەلبوسـی کـە قسـەمان لەگـەڵ کـردن کـە هاوپەیمانییـەك پێکبهێنیـن بـۆ ئـەوەی نەهێڵیـن لابچێـت و لێپێچینـەوەی لەگەڵـدا بکرێـت، بـەڵام دوای گەڕانەوەمـان سـەرنجمان دا، هەندێـك دەیانەوێـت لـەکار بخرێـت، بەتایبەتیـش عەبـادی کـە دەتوانـم بڵێـم زۆر خولیـای دەسـەڵاتە، تەنانـەت هاوڕێکانیشـی لـە مالیکـی و عامـری رەخنەیـان لـێ گـرت کـە ئـەو هـۆکاری ئـەو بـێ سـەروبەری و ئاژاوەیـە، لەسـەردەمی ئـەودا ئابووریـی عێراقـی وێـران بـووە. لـە بەغـدا بەڵێننامـەی شـەرەف ئیمـزا کـرا، دوای گەڕانەوەمـان بەڕێـز حەکیـم رازی بـوو لەسـەر پێشـنیارەکەمان و کۆبوونەوەیـەك لـە ماڵیـان ئەنجـام درا، کـە (١٢)حـزب و لەوانـەش پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە سـەرۆکایەتیی بەڕێـز نێچیرڤـان بارزانـی بەشـدار بـوو، بەڵێننامەیەکـی زۆر گرنـگ بـوو، بـەڵام درەنـگ کـەوت و لەلایـەن خۆپیشـاندەرانەوە دڕێنـدرا و سـووتێندرا، بۆیـە

هەندێ سەرکردەی سیاسی کە ئەمەیان بینی لێی پاشگەز بوونەوە.

*** لەکارلابردن و لێپێچینەوە لە سەرۆك وەزیران و هەڵوەشاندنەوەی حکومەت داوای سەرەکیی خۆپیشاندەران و هەندێ لە پەرلەمانتارانی عێراقە، ئایا لەو دۆخە هەستیارەدا تا چەند ئەم گۆڕینە رەوایە و ئایا پێتوایە سەربگرێت؟**

- لەم رۆژانە (١١٩) پەرلەمانتار واژۆیان کردووە کە لێپێچینەوە لە د. عادل عەبدولمەهدی بکرێت واتا لابرێت، بەڵام ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان پێمان وایە لەکارخستنی لەم قۆناغەدا هەرەسهێنانی پرۆسەی سیاسییە، چونکە رێسایەك هەیە کە گۆڕین لە کاتی قەیراندا ئاژاوە دەنێتەوە، هەمیشە گۆڕین لە کاتی ئاشتی و هێمنیدا روودەدات، هاوکات پێموایە خۆپیشاندەران کۆڵنادەن و حکومەتیش بەرامبەریان خۆی راناگرێت، بۆیە ئەگەر سوننە بەشداریی ئەو خۆپیشاندانانەی عێراقی بکردایە، ئەوە بە واتای بەداعشکردنی و ئەگەر کوردیش بەشدار بێت، بە واتای بە ئیسرائیلیکردنی خۆپیشاندانەکانە لە قەڵەمیان دەدا، بەڵام خۆپیشاندەران دەیانەوێت گۆڕانکاری بکرێت و بەرەنگاری گەندەڵی ببنەوە، ناکرێ ئەوەش نادیدەبگرین کە هەندێ لایەن و دەوڵەت هەن پشتیوانیی لێ دەکەن.

*** لیژنەیەك لە سەرۆکایەتیی کۆمار پێکهێنرا بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور، هاوشێوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانیش لیژنەیەکی دیکە پێکهێنرا، تا چەند لە رووی یاساییەوە دەکرێت ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدرێت و ئایا ئەگەر دەستوور هەموار کرایەوە، لێکەوت و کاریگەرییەکانی بۆ کورد چی دەبێت؟**

- هەموارکردنەوەی دەستوور لە سەرەتادا یەکێك نەبووە لە داواکاریی خۆپیشاندەران، بەرهەم سالح ئەو بیرۆکەیەی خستەڕوو، ئەوەش کارەساتە، چونکە ئەو دەستوورە بە خوێنی خەڵك و بە هێمنی و وردبینی نووسراوەتەوە و سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ماوەی پەنجا رۆژ لە بەغدا مایەوە. ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان پێمانوایە هەموارکردنی دەستوور شتێکی ئاساییە، لە زۆر وڵاتان بۆ پەرەپێدانی هەموارکراوەتەوە، بە شێوەیەك لە خزمەتی هاووڵاتیاندا بێت، ئەگەر بۆ خزمەتکردن بێت، ئەوا شتێکی باشە، بەڵام ئەگەر مەبەست کەمکردنەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان و قەبارەی رۆڵی بێت، ئەوا پێویستە بە تەواوی رەتبکرێتەوە. بە راشکاوی دەیڵێم: لیژنەیەك لە سەرۆکایەتیی کۆمار دروست کرا کە (٢٥) ئەندام لەخۆدەگرێت، هەروەها لیژنەیەکی دیکە لە ئەنجومەنی نوێنەران دروست کرا کە (٣٠) ئەندامن، ئەو لیژنەیەی لە سەرۆکایەتیی کۆمار پێکهات، پشتی بە ماددەی(١٢٦) بەستووە، لیژنەکەی پەرلەمانی عێراقیش پشتی بە ماددەی (١٤٢)بەستووە، جیاوازییەکەی ئەوەیە کە بڕیارێك لە دادگا هەیە، ئەمە دەقەکەیەتی: (بەپێی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (٥٤/ اتحادیة/٢٠١٧)لە رێکەوتی ٢٠١٧/٥/٢١) ئەم پرسەی یەکلا کردۆتەوە کە نابێت ماددەی (١٢٦) جێبەجێ بکرێت بۆ هەموارکردنی دەستوور، تاوەکو بڕیار لەسەر ئەو هەموارکردنانە نەدرێت کە لەلایەن لیژنەیەك پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت بەپێی ماددەی (١٤٢). ئەو لیژنەیەی کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پێکهێنراوە بۆ هەموارکردن دەستوورییە. ماددەی (١٤٢) دەڵێت: لە سەرەتای هەر خولێکدا ئەنجومەنی نوێنەران لیژنەیەك پێکدەهێنێت بۆ هەموارکردنی دەستوور، ئەم لیژنەیە لە ماوەی چوار مانگدا پێشنیارەکانی پێشکەش بە پەرلەمان دەکات، سەرۆك کۆمار دەستووری پێشێل کرد، کە داوای هەموارکردنی کرد، ئەو زانی کە تووڕەیی جەماوەر هەیە و ویستی دەستکەوتێك بۆ خۆی مسۆگەر بکات، بۆیە ئەم لیژنەیەی پێکهێنا، جێبەجێکردنی دەستووری عێراق ئینتیقائییە، کاتێ دادگا لێکدانەوەی سیاسی بۆ ماددەکانی دەستوور بکات، ئەوا دەستوورەکەش ئینتیقائی دەبێت، ئێمە لە سەر ئەوە کۆکین کە پێویستە پارێزگاری لەم دەستوورە بکرێت، بۆیە ئەگەر بینیمان کە هەوڵی جددی هەیە بۆ هەموارکردنی دەستوور بەپێی ئارەزووی خۆیان و بێ رەچاوکردنی هەرێمی کوردستان، ئەوا کارێکی مەترسیدارە، بۆیە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و لە بارەگای بارزانی وەك بەرپرسی ئەم فایلە و هەماهەنگیکردن لەگەڵ نووسینگەی جێگر و مەکتەبی سیاسی رێککەوتین کە سەرکەوتووترین چارەسەر بۆ ئەم قۆناغە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی کوردستانییە کە بەرەورووی ئەو تەوژمە ببێتەوە، هەوڵیش دەدەین ئەم هاوپەیمانیەتییە پێکبهێنین بۆ ئەوەی بە

**وەک پارتی دیموکراتی کوردستان کاتێک سەردانی بەغدامان کرد، بۆ ئەوە بوو قەناعەتی چەسپاوی لای خەڵک بگۆڕین، بەوەی کاتێ بێ سەروبەری و پاشاگەردانی لە بەغدا روودەدات، گوایە سەرکردەکان و خەڵکی کوردستان پێی دڵخۆش دەبن**

**ئەگەر سوننە بەشداریی ئەو خۆپیشاندانانەی عێراقی بکردایە، ئەوە بە واتای بەداعشکردنی و ئەگەر کوردیش بەشدار بێت، بە واتای بە ئیسرائیلیکردنی خۆپیشاندانەکانە لە قەڵەمیان دەدا، بەڵام خۆپیشاندەران دەیانەوێت گۆڕانکاری بکرێت و بەرەنگاری گەندەڵی ببنەوە**

**هەموارکردنەوەی دەستوور لە سەرەتادا یەکێک نەبووە لە داواکاریی خۆپیشاندەران، بەرهەم ساڵح ئەو بیرۆکەیەی خستەڕوو، ئەوەش کارەساتە، چونکە ئەو دەستوورە بە خوێنی خەڵک و بە هێمنی و وردبینی نووسراوەتەوە**

**هەموارکردنی دەستوور شتێکی ئاساییە، لە زۆر وڵاتان بۆ پەرەپێدانی هەموارکراوەتەوە، بە شێوەیەک لە خزمەتی هاووڵاتیاندا بێت**

ناوی هاوپەیمانیی کوردستانییەك پاكێج پێشكەش بكەین، ئەگەر توانیمان ئەوا بەغدا ناتوانێت بەرمان لێ بگرێت، بەڵام كێشەكە لەوەدایە كە ئەم هاوپەیمانییە نەكەوتۆتە واری جێبەجێكردنەوە، بۆ پتەوكردنی ئەم هاوپەیمانییە جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان سەردانی حزبەكانی كرد لە سلێمانی.

*** حزب و لایەنە سیاسییەكانی عێراق و بەتایبەتیش حزبە شیعەكان، تا چەند گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی كە دەبێت چارەسەرێكی خێرا بۆ ئەم دۆخە بدۆزرێتەوە؟**

- ئەم حكومەتە باشترین حكومەتە، بەڵام هاتە سەر ئابوورییەكی وێران كە كەڵەكەبووی حكومەتەكانی پێشووە، لەو كاتەدا هات كە هەندێ حزبی سیاسی نەیانتوانی پشكی خۆیان بەدەست بێنن و بوونە ئۆپۆزسیۆنێكی سەرسەخت، ئەو حزبانە شكستیان هێنا لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا و كاتێكیش د. عادل عەبدولمەهدی-یان هێنا، پێیان وابوو تەواو لە ئیسلامی سیاسی و حزبی دەعوە رزگاریان دەبێت و دەرفەت بە شیعەیەكی دیكە دەدەن، بەڵام كەموكورتییەكە لە كەسایەتیی د. عادل عەبدولمەهدی نییە، بەڵكو حزبگەلێكی سیاسی هەن دەست لە هەموو شتێك وەردەدەن، پێیانوایە كە ناكرێ نموونەی ئێران لە عێراق پیادە بكەین، لە ویلایەتی فەقیهی ئێران، خامنەیی و پێش ئەویش خومەینی وای لێك دەدەنەوە كە دەبێ ویلایەتەكە دەستوەربداتە گەورەو بچووكی دەوڵەت.

*** هاوشێوەی عێراق ئێستا لە ئێرانیش خۆپیشاندانەكان زۆربەی شارەكانیان گرتۆتەوە، ئایا هیچ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان خۆپیشاندانەكانی عێراق و ئێران لە رووی فیكر و بەرنامەی مەزهەبییەوە؟**

- لە عێراق هەندێ حزبی سیاسیی سەر بە ئێران ویستیان عێراق بە ئێرانی بكەن، واتا بەرنامەی ئێران لێرە پیادە بكەن، بۆ ئەمانەت ئێمە رێز لە مەرجەعییەت دەگرین، بەڵام پیرۆزی ناكەین، چونكە مەرجەعییەتی ئێمە نییە، مەترسیدارترین كارەساتیش سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی نێوان خودی شیعەیە، ئەوان لە شەڕی تایفەگەریی ناوخۆی نەگریس دەترسن، بەڵام چونكە رۆڵەی خۆیان بۆیە رووی نەداوە، نموونەیەك دێنمەوە لە ئێران خۆپیشاندانە، پاسداران سووكایەتی بە خۆپیشاندەران دەكەن، لە شیراز كاتێ خۆپیشاندانی فراوان رووی دا، كەس نەكوژرا، چونكە سەرباز و پۆلیس هەموویان كوڕانی خۆیانن، ئێستا ئێران فاتیمی و زەینەبی و پاكستانی و ئەفغانییەكان دێنێت تاكو خۆپیشاندان دابمركێنێتەوە.

*** پێكهێنانی هاوپەیمانیی كوردستانی گرنگە بۆ یەكدەنگی و یەكهەڵوێستی لەم گۆڕانكارییانەدا بەڵام رۆڵ و پێگەی كوردستان لەم هاوكێشەیەدا چۆن دەبینن؟**

- سەردانی پێنس بۆ كوردستان چاكترین پەیام بوو بۆ بەغدا، دەپرسن بۆچی هاتە كوردستان و نەچووە بەغدا؟ پەیامێكی بەهێز بوو، بەوەیكە دێمە كوردستان، چونكە پێشكەوتووە، دیموكراسییە و خاوەن بڕیاری سیاسییە و رێز لە خۆی و خەڵكی دیكە دەگرێت، بەڵام ئێوە دەوڵەتتان نییە و لایەنی دیكە دەستوەردەداتە كاروبارتان، یەكەم لێدوانی ئاراستە بوو بۆ سەرۆك وەزیران كە هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی بوو، گەورەترین سووكایەتی بوو كە بێتە كوردستان و پەیوەندی بە سەرۆك وەزیرانەوە بكات، ئەوان خاوەن بڕیار نین، بۆیە چارەسەر ئەوەیە هاوپەیمانییەكی كوردستانی پێكبهێندرێت، گرنگترین ئەركی سەرۆكایەتیی هەرێم كۆكردنەوەی حزبەكانە و دەستبەرداری هەندێ پۆست دەبین لەپێناو پێكهێنانی ئەو هاوپەیمانێتییە، تا بتوانین پێش لەو تەوژمە مەترسیدارە بگرن، لیژنەی هەمواركردنەوەی دەستوور لە سەرۆكایەتیی كۆمار بەشداربووانی لە خۆپیشاندەران تێدایە، بۆیە ئەوان بێدەنگن، بۆیە ئەگەر حكومەت لەكار خرا، پێویستە پێش ئەوە لەگەڵ بەغدا رێكبكەوین، بودجەش پێش هەڵوەشاندنەوەی حكومەت بكات، چونكە دەچینە نێو قەیرانێكی قووڵی ئابوورییەوە، كێ ئەوە زامن دەكات كە سەرۆك وەزیرانی تازە وەك عەبادی نابێت، كەواتە هەموو ئاراستەكان لە بەرژەوەندیی هەرێمی كوردستاندا نین، هەموو دروشم و لافیتە و هاتوهاوارەكان دژی هەرێمی كوردستانن، كەواتە هاوپەیمانییەكەمان زەمانەتی مافەكانمانە، ئەگەر حكومەت لادرا، ئێمە پێشنیار دەكەین كە دەبێ كەسێك بێت رەچاوی هەرێمی كوردستان بكات و بەپێی ژمارەی كورسی مامەڵەی لەگەڵدا نەكات، كە ٥٨ كورسییە.

**سەرۆك كۆمار دەستووری پێشێل كرد، كە داوای هەمواركردنی كرد، ئەو زانی كە تووڕەیی جەماوەر هەیە و ویستی دەستكەوتێك بۆ خۆی مسۆگەر بكات**

**لە عێراق هەندێ حزبی سیاسیی سەر بە ئێران ویستیان عێراق بە ئێرانی بكەن، واتا بەرنامەی ئێران لێرە پیادە بكەن، بۆ ئەمانەت ئێمە رێز لە مەرجەعییەت دەگرین، بەڵام پیرۆزی ناكەین، چونكە مەرجەعییەتی ئێمە نییە**

**سەردانی پێنس بۆ كوردستان چاكترین پەیام بوو بۆ بەغدا، دەپرسن بۆچی هاتە كوردستان و نەچووە بەغدا؟ پەیامێكی بەهێز بوو، بەوەیكە دێمە كوردستان، چونكە پێشكەوتووە، دیموكراسییە و خاوەن بڕیاری سیاسییە و رێز لە خۆی و خەڵكی دیكە دەگرێت، بەڵام ئێوە دەوڵەتتان نییە و لایەنی دیكە دەستوەردەداتە كاروبارتان**

**ئەگەر حكومەت لادرا، ئێمە پێشنیار دەكەین كە دەبێ كەسێك بێت رەچاوی هەرێمی كوردستان بكات و بەپێی ژمارەی كورسی مامەڵەی لەگەڵدا نەكات، كە ٥٨ كورسییە**



نیهاد لەتیف قۆجە

سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر بۆ گوڵان:

# قەڵای هەولێر دەبێتە ناوەندێکی رۆشنبیریی شوێنەوار و گەشتیاری

**لە ماستەرپلانی قەڵادا، رەچاوی پاراستنی دیزاین و کولتوورەکەی کراوە**

**قەڵای هەولێر لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە وەك شوێنەوارێكی جیهانی دەستنیشان کراوە، ئەم دەست نیشانکردنەش لەلایەن یونسکۆوە بۆتە هۆکاری ئەوەی زیاتر جێگەی بایەخ بێت، ماوەی چەند ساڵێکیشە لە چوارچێوەی ماستەرپلانێکی شایستەدا دەست بە نۆژەنکردنەوەی قەڵا کراوە، ڕێکخراوی یونسکۆش لە نزیکەوە چاودێریی نۆژەنکردنەوەی قەڵا دەکات. بۆ قسەکردن لەسەر شێوازی کارکردن و چۆنیەتی ئەو ماستەرپلانەی کە قەڵای لەسەر نۆژەن دەکرێتەوە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ نیهاد لەتیف قۆجە سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر ئەنجامدا، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** قەڵای هەولێر مێژوویەکی دێرینی هەیە، ئەم مێژووە جیا لەوەی بایەخێکی گرنگی بۆ کوردستان و تەواوی پێکهاتەکانی هەیە، لە هەمانکاتدا بۆ تێکرای مرۆڤایەتییش لەسەرانسەری جیهان بایەخی خۆی هەیە، ئایا دەکرێت باسێکی مێژووی قەڵای هەولێرمان بۆ بکەیت؟**

- قەڵای هەولێر تایبەتمەندییەکی مێژوویی خۆی هەیە و، سەلمێندراوە کە تەنیا شار و شوێنە لەسەر گۆی زەوی کە ماوەی شەش هەزار ساڵە ژیان تێیدا بەردەوامە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی زۆر لە شوێنەوارناس و مێژووناسان، دەڵێن ئەم مێژووە پتر لە ٨-١٠ هەزار ساڵ دەبێت. دیارە قەڵای هەولێر لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە وەك شوێنەوارێكی جیهانی دەستنیشان کراوە و ماستەرپلانی بۆ دروست کراوە، هەربۆیە بەپێی ئەم ماستەرپلانە لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ و دوای ئەوەی دانیشتووانی قەڵا قەرەبوو کرانەوە، دەست بە پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی کرا، بەڵام وەك هێمایەك بۆ مانەوەی ژیان لەو شوێنە، خانەوادەیەك لە ناو قەڵا مایەوە. لەم چوارچێوەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بایەخێکی گرنگی بە قەڵا داوە و بەرنامەیەکی بۆ داناوە، بۆ ئەوەی قەڵا بکرێتە ناوەندێکی ڕۆشنبیری و شوێنەوار و گەشتیاری، لە هەمانکاتدا هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ ئەوەی نۆژەنکردنەوەکە بە شێوەیەك بێت کە قەڵای هەولێر بایەخە مێژووییەکەی خۆی لەدەست نەدات و پارێزگاری لە ڕەسەنایەتیی قەڵاکە بکرێت و پارێزراو بێت. قەڵای هەولێر وەك شارێك وایە کە لە سێ گەڕەك پێکهاتووە بە ناوەکانی (سەرای و تۆپخانە و تەکیە) بەپێی ئەو سەرژمێرییانەی لە بەردەستە، کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٠٥ و دەوروبەری، دانیشتووانەکەی نزیکەی (٩) هەزار کەس بووە و زیاتر لە (٦٠٠) خانووی نیشتەجێبوونی تێدا بووە و بەڕێوەبردنی خۆی هەبووە، تا ئەو کاتەی لە ساڵی ٢٠٠٥ دانیشتووانی قەڵامان گواستەوە، کە نزیکەی (١٣٠٠) خانەوادە دەبوون و زیاتر ئەو کەسانە بوون کە لە گوندەکانی دەوروبەر و سنووری پارێزگای هەولێر لەو کاتەی کە ڕژێمی عێراق پرۆسەی ڕاگواستنی ئەنجام دا، هاتبوونە ناو قەڵا.

*** وەك باسی دەکەن، قەڵای هەولێر لە بنەڕەتدا تەنیا بریتی نەبووە لەم قەڵایە، بەڵکو چەندین ڕێگە و سەرچاوەی ئاوی تێدا بووە و ناوچەیەکی بەرفراوانی دەوروبەریشی گرتۆتەوە، ئایا نەخشە کۆنەکەی قەڵای هەولێر لە بنەڕەتدا چۆن بووە؟**

- قەڵای هەولێر و دەوروبەری تا ئێستا لێکۆڵینەوە و کنە و پشکنینی تەواوی بۆ نەکراوە، تاوەکو هەموو ڕاستییەکان بە تەواوی دەرکەوێت، بەڵکو بەپێی ئەو زانیاری و بەڵگانەی لە بەردەستن، کار دەکەین، بۆ نموونە: باسی ئەوە دەکرێت کە سەنحاریب لەکاتی خۆی لە بەستۆرەوە بە جۆگەلە و کەناڵێك ئاوی بۆ قەڵات هێناوە، بەڵام کاتێك بیری ئاوی تەنیشت گەرماوەکەی سەر قەڵامان پاك کردەوە و بە قووڵی زیاتر لە ٣٠ مەتر لە ئاستی بیرەکە چوینە خوارەوە، هیچ جۆگە و کەناڵ و شوێنێکمان نەدۆزییەوە کە بیسەلمێنێت سەنحاریب ئاوی هێنابێتە قەڵا، بەڵام نازانین لە داهاتوو ئەو بەڵگەیە دەدۆزرێتەوە، یان نا. لەلایەکی دیکەوە زۆر زانا و شوێنەوارناس و لێکۆڵەری دەرەوە هاتوونەتە قەڵا و باوەڕیان وابووە کە لە دەوروبەری قەڵاش شوورا و شوێنی نیشتەجێبوون هەبووە، لەمبارەشەوە بۆچوونێك هەیە، دەڵێن قەڵا دوو شوورای هەبووە، یەکێکیمان دۆزیوەتەوە لە دیوی پشتەوەی قەڵا،

**بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەڵێنی داوە بۆ بەرنامەکانمان و نۆژەنکردنەوەو پێشخستنی قەڵا پشتگیریی تەواومان بکات**

**لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ و دوای ئەوەی دانیشتووانی قەڵا قەرەبوو کرانەوە، دەست بە پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی کرا، بەڵام وەک هێمایەک بۆ مانەوەی ژیان لەو شوێنە، خانەوادەیەک لە ناو قەڵا مایەوە**

کە پێی دەگوترێت (شوورای ئاشوورییەکان) و گریمانەش هەیە لە خوارەوەی قەڵاش شوورایەکی دیکە هەبێت، کە چەند ساڵێك پێش ئێستا لە دیوی پشتەوەی خوار قەڵا لە شوێنێك بەردی بناغەی ئەو شوورایەش دۆزراوەتەوە، ئەگەر لێکۆڵینەوەکان ئەمەیان سەلماند، ئەوا مانای ئەوەیە لە نێوان هەردوو شوورادا خەڵکانێك ژیاون و بە کاری کشتوکاڵەوە خەریك بوون.

*** بەپێی ئەو ماستەرپلانەی نۆژەنکردنەوەیە قەڵای هەولێر تا ئێستا چەند کارەکانی تەواو بووە؟**

- قەڵای هەولێر ماستەرپلانێکی تەواو تێروتەسەلی هەیە و لەکاتی دانانی ماستەرپلانەکە، بیر لە هەموو وردەکارییەك کراوەتەوە، بۆ ئەوەی کار لەسەر نۆژەنکردنەوەی قەڵا بکرێت، بەڵام لەبەر قەیرانی دارایی و شەڕی تیرۆریستانی داعش، زۆربەی کارەکانی نۆژەنکردنەوەی قەڵا راوەستان. بەپێی ماستەرپلانەکە، قەڵا بە شێوەیەك نۆژەن دەکرێتەوە کە ببێتە سەنتەرێکی رۆشنبیری، مێژوویی، کولتووری و گەشتیاری، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەستمان کردووە بە کارکردن لەسەر خزمەتگوزارییە ژێرخانەکان، وەك ئاوەڕۆ و ئاو و کارەبا و تۆڕی ئینتەرنێت، لە دوای ئەو کارانە ئینجا دەست بە بەردڕێژی شەقامەکەی ناوەڕاستی قەڵا دەکەین، نۆژەنکردنەوەی گەرماوەکەش لەسەر بودجەی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا دەستی پێ کراوە و لە دوای ساڵێکی دیکە ئامادە دەبێت بۆ پێشوازیکردن لە خەڵك، هەروەها دوو سەنتەری رۆشنبیری، کولتووری دەکرێتەوە کە یەکێکیان بەپێی ئەو زانیارییانەی هەیە، بۆ گەشتیاران و خەڵکی بەتەمەنە، کە بە ئەلیکترۆنی دەتوانن سەیری مێژووی هەولێر بکەن، سەنتەری دووەم کە ئەمریکییەکان پشتگیریی دەکەن بۆ منداڵان و قوتابیانی قۆناغی سەرەتاییە تاوەکو بزانن مێژووی قەڵا چۆن بووە، هاوکات شوێنێکی دیکە بۆ سەنتەری کولتووری و کاری دەستکرد نۆژەن دەکرێتەوە.

*** قەڵای هەولێر پێویستی بە بازنەیەکی بۆشایی بە چواردەوریدا هەیە، بۆ ئەوەی لە هەموو شوێنکی هەولێرەوە دیار بێت، ئەو بازنەیەی دەوری قەڵا چەند شوێن دەگرێتەوە و ئایا بەنیازن ئەو شوێنانەش بخەنە سەر قەڵای هەولێر؟ هەروەها ئایا بەنیازن ئەو گەڕەکە کۆنانەی لە دەوری قەڵان وەك شوێنەوارێکی کۆن بیکەنە موڵکی شوێنەوار و نۆژەنیان بکەنەوە؟**

- گومان لەوەدا نییە کە گرنگیی قەڵا پەیوەستە بە گرنگیی دەوروبەرەکەشیەوە، کە چەند گەڕەکێکی کۆن وەك گەڕەکی (تەعجیل و خانەقا و عەرەبان) دەگرێتەوە، لە ماستەرپلانی نۆژەنکردنەوەی قەڵاشدا هاتووە کە شوێن و گەڕەکەکانی دەوروبەری گرنگی و تایبەتیی خۆیان هەیە، یەکێك لە بەرنامەکانی پلانەکە بریتییە لە لادانی باڵەخانەی پارێزگا تا دەگاتە شەقامی دوای باڵەخانەی وەزارەتی تەندروستی، کە هەموو ئەو رووبەرە دەکرێتە شوێنی پیادە و سەوزایی، بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانەش، دوو، سێ دیزاین دانراوە و لە نێوان ١٣ کۆمپانیای بیانی کێبڕکێ لەسەر جێبەجێکردنی ئەو دیزاینانە ئەنجام درا و یەکێك لە کۆمپانیاکان توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام دووبارە ئەم کار و پلان و پڕۆژەیەش لەبەر قەیرانی دارایی و شەڕی داعش ئەنجام نەدرا، سەبارەت بە گەڕەکە کۆنەکانی دەوروبەری قەڵا، حکومەتی هەرێم زۆربەی خانووەکانی ئیستیملاك کردووە و بڕیار و بیرۆکە بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو گەڕەکانە ئەوەیە، کە هەر کۆڵانێك لەو گەڕەکانە بە وەبەرهێنێك بدرێت، تا نۆژەنی بکەنەوە، کە هەم لەسەر رێنمایی ئێمە و یونسکۆ بێت، هەم شوێن و خانووەکان وەك بازرگانی بەکار بهێنرێن و بکرێنە مۆتێل و هۆتێلی بچووك بچووك و قاوەخانە و ریستۆرانت، بە مەرجێك نابێت دەستکاری تایبەتمەندیی دیزاینی خانووەکان بکرێت و دەبێت لەسەر شێواز و دیزاینی خۆی نۆژەن بکرێتەوە، وەك ئەوانەی کە هاتوچۆی شام و دیمەشقیان کردووە، نموونەی ئەو کارانە ببینن و دەمانەوێت دەوروبەری قەڵاش بەو شێوەیە نۆژەن بکرێتەوە.

*** هەفتەی رابردوو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی پرێزنتەیشنك بوو سەبارەت بە کارەکانی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر، ئەم سەردانە ئەو مانایەی لێ خوێندرایەوە کە کارکردن لە نۆژەنکردنەوەی قەڵا بەردەوام دەبێت، ئایا چۆن سەردانی سەرۆکی حکومەت بۆ قەڵا دەخوێننەوە و تاچەند ئەم سەردانە کارەکانی نۆژەنکردنەوە خێراتر دەکات؟**

- بێگومان سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ قەڵای هەولێر گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی گڕوتینێکی نوێ بە پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەکە دەدات، لەکاتی سەردانی سەرۆکی حکومەت بۆ قەڵا، ماستەرپلان و بەرنامەی قەڵا و دەوروبەریمان بۆ شیکردەوە،

**لە ساڵی ١٩٠٥ و دەوروبەری، دانیشتووانەکەی نزیکەی (٩) هەزار کەس بووە و زیاتر لە (٦٠٠) خانووی نیشتەجێبوونی تێدا بووە و بەڕێوەبردنی خۆی هەبووە**

**زۆر زانا و شوێنەوارناس و لێکۆڵەری دەرەوە هاتوونەتە قەڵا و باوەڕیان وابووە کە لە دەوروبەری قەڵاش شوورا و شوێنی نیشتەجێبوون هەبووە**

**نۆژەنکردنەوەی گەرماوەکەش لەسەر بودجەی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا دەستی پێ کراوە و لە دوای ساڵێکی دیکە ئامادە دەبێت بۆ پێشوازیکردن لە خەڵك**

بەوەی کە چی بکرێت و چۆن بێت، بەڕێزیشی سەرنجی خۆی لەسەر دەربڕی، وەك سەرۆکی حکومەت ئاماژەی پێ کردووە، لەوانەشە لەم نزیکانە دانیشتنێکی تایبەت لەسەر نۆژەنکردنەوەی قەڵا و دەوروبەری بکرێت. هەروەها سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەڕێز مسرور بارزانی بەڵێنی داوە بۆ بەرنامەکانمان و نۆژەنکردنەوەو پێشخستنی قەڵا پشتگیریی تەواومان بکات.

*** هەموو شوێنەوارە جیهانییەکان کە دەبنە شوێنێکی گرنگ بۆ سەردانی گەشتیاران، دەوروبەری شوێنەوارەکەش تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆ نموونە: دەبێت دیزاینی ئەو شوێنانە خۆماڵی بێت، هەروەها دەبێت ئەو کەلوپەلانەشی دەیفرۆشن، دەستکردی خۆماڵی و بەرهەمی خۆماڵی بێت، ئێستا لە دەوروبەری قەڵا تا رادەیەك ئەم شتانە بوونی هەیە، ئایا بەنیاز نین لە دوای دووبارە نۆژەنکردنەوەی قەڵا، ئەم تایبەتمەندییانە لەسەر ئەو شوێنانە فەرز بکەن؟**

- زۆر سوپاس بۆ ئەو پرسیارە گرنگە، بەڵێ، لە بەرنامەماندایە و بەپێی ماستەرپلانەکەش لە ئایندەدا قەڵا دەبێتە شوێنێکی رۆشبیری و کولتووری و هونەری و کاری دەستکرد، بۆ ئەو مەبەستەش لە ساڵی داهاتوودا کاردەکەین بۆ ئەوەی پێش هەموو شتێك چەند قاوەخانە و کافتریا و ریستۆرانتێك لەسەر قەڵا بکەینەوە، تاوەکو گەشتیاران زیاتر لەسەر قەڵا بمێننەوە و لەو شوێنانە پشوو بدەن، هاوکات کار دەکەین بۆ ئەوەی چەند سەنتەرێکی کاری دەستی لەسەر قەڵا بکەینەوە، پەیوەندیشمان بە چەند هونەرمەندێکی شاری هەولێرەوە کردووە، بەتایبەتی خۆشنووس و نەخشەسازەکان، بۆ ئەوەی بەیەکەوە کار بکەین بۆ بووژاندنەوە و پێشخستنی قەڵا، لە هەموو وڵاتان دەبینین هونەرمەندان لە ناوچە شوێنەوارییەکانیان دەمێننەوە بۆ ئەوەی هەم بەهرە و بەرهەمی خۆیان نمایش بکەن، هەمیش سەرنجی گەشتیاران بە کار و هونەرەکانیان زیاتر رابکێشن، کاریش دەکەین بۆ ئەوەی ئەو کارە کولتووری و دەستکردانەی خوار قەڵا بهێنینە سەر قەڵا، بۆ یەکەمجارە هەوڵدەدەین خانووەکانی سەر قەڵا نۆژەن بکەینەوە و بیانکەینە قاوەخانە و کافتریا و ریسۆرانت و لە چوارچێوەی بازرگانی بە کرێیان بدەین، لەمبارەیەشەوە کێشەمان هەیە، چونکە تا ئێستا یاساکەمان نییە بۆ ئەو مەبەستە و لەمبارەیەوە لەگەڵ نوێنەرانی یونسکۆ گفتوگۆمان کردووە، بۆ ئەوەی ئەو کێشانەی هەمانە چارەسەریان بکەین. تاوەکو بتوانین لە ژێر رۆشنایی ئەو یاسا و رێنماییانەدا هەندێ خانوو و شوێن لە قەڵا و دەوروبەری لە چوارچێوەی بازرگانیدا بەکرێ بدەین و گرێبەستی یاساییان بۆ ئەنجام بدرێت، ئەو شوێنانەی بۆ سەنتەرەکانە ئەوە بێ بەرامبەرە و هەر شوێنێکیش لە قەڵا و دەوروبەری فازانجی دارایی تێدا بکرێت، ئەوە حکومەت دەتوانێت گرێبەستی بازرگانییان لەگەڵدا بکات. لەمەش زیاتر چەندین سەنتەر و ناوەندی کولتووری و مێژوویی هەیە، لەوانە سەنتەرێکی گەورەی فەرنسی بە ناوی ئێڤۆ هەیە کە سەنتەری لێکۆڵینەوەی فەرنسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لەم نزیکانە تا ساڵی ئایندە لە نێوان سەنتەری ئیڤۆی فەرەنسی و ئینیستوتی ئەڵمانی پرۆژەیەکی هاوبەشیان لە قەڵا هەیە و ئێمە لە هەوڵداین بۆ دابینکردنی خانوو و شوێنێکی باش و گونجاو بۆیان، چونکە بوونی ئەو وڵات و سەنتەرانە بۆ ئێمە یەکجار گرنگە.

*** ئایا بۆ بەردەوامیی ژیان لەسەر قەڵا چ بەرنامەیەکتان هەیە، تاوەکو لە رووی مێژووییەوە پارێزگاری لە قەڵا بکەن بۆ ئەوەی لە جهاندا پێشەنگ بێت؟**

- بەپێی پلان لە بەرنامەدایە (٤٠ تا ٥٠) خانوو بە مەبەستی نیشتەجێکردنی خەڵك لەسەر قەڵا نۆژەن بکرێتەوە، ئەو خانووانەش دەدرێت بەو کەسانەی کە لە ئایندە دەستنیشان دەکرێن. چونکە بەردەوامیی ژیان پابەندە بە هەبوونی ژیان و هەبوونی چەند خانەوادە و خەڵکێك لەسەر قەڵا و ئەو کارەش لە بەرنامەکانی یونسکۆیە.

*** ئایا لەگەڵ یونسکۆ بۆ خێراترکردنی نۆژەنکردنەوەی قەڵا و دەوروبەری کار و هەماهەنگیتان لە چ ئاستێکدایە؟**

- هەماهەنگیمان باشە و بەردەوامە و کاری یونسکۆ بریتییە لە یەکەم: چاودێریکردنی نۆژەنکردنەوەی قەڵا بەپێی ئەو بەرنامە و ماستەرپلانەی هەیە. دووەم: کاری یونسکۆ بریتییە لە کۆکردنەوەی هاوکاری و یارمەتیی دارایی بۆ نۆژەنکردنەوەی قەڵا، هەر لەمبارەیەوە یونسکۆ لەم ماوەیەدا ئاگاداری کردینەوە کە یەکێتیی ئەورووپا شەش ملیۆن و نیو یۆرۆیان بۆ شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان تەرخان کردووە، کە ئەو برە پارەیە تەنیا بۆ قەڵای هەولێر نییە، بەڵکو بۆ چەندین شوێنەواری دیکەشە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەن.

**یەکێک لە بەرنامەکانی پلانەکە بریتییە لە لادانی باڵەخانەی پارێزگا تا دەگاتە شەقامی دوای باڵەخانەی وەزارەتی تەندروستی، کە هەموو ئەو رووبەرە دەکرێتە شوێنی پیادە و سەوزایی**

**بەپێی پلان لە بەرنامەدایە (٤٠ تا ٥٠) خانوو بە مەبەستی نیشتەجێکردنی خەڵک لەسەر قەڵا نۆژەن بکرێتەوە، ئەو خانووانەش دەدرێت بە بەو کەسانەی کە لە ئایندە دەستنیشان دەکرێن**

**یەکێتیی ئەورووپا شەش ملیۆن و نیو یۆرۆی بۆ شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان تەرخان کردووە، ئەو برە پارەیەش تەنیا بۆ قەڵای هەولێر نییە و بۆ چەندین شوێنەواری دیکەشە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەن**



نادر هاشمی بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە سکوولی جۆزێف کێربۆڵ بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی دەنڤەر. تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك: تێوری سیاسی، پرسەکانی پەیوەست بە ئایین و سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سیاسەتی بەراوردکاری، پەیوەندیی نێوان ئیسلام-ڕۆژئاوا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە و سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیەدا.

دیمانەی تایبەت

نادر هاشمی

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی دەنڤەر بۆ گوڵان:

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم ڕۆژگارێکی درێژخایەنی ناسەقامگیردایە

**سیاسەتەکانی ترەمپ بوونەتە هۆی ئەوەی لە مەودای دوور و نزیکدا پێگەی هێزە خۆسەپێنەکان و سەرکوتکاریی دەوڵەت و توندڕەوەی لەم ناوچەیەدا بەهێزتر بن**

*** بە شێوەیەکی گشتی لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ دەڕوانیت؟**

- من پێم وایە سیاسەتەکانی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ گەلانی ناوچەکە و هەروەها بۆ پرسەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیی مایەی کارەسات بوون، لە هەمان کاتدا بۆ هێزە خۆسەپێنەکان و تاکڕەویی سیاسی سەرکەوتنێکی گەورە بووە. بە هەمان شێوە مایەی سەرکەوتن بووە بۆ گرووپە رادیکاڵە توندڕەوەکان، کە پێم وایە لە مەودای دووردا لەم سیاسەتانە سوودمەند دەبن.

*** کەواتە لە دەرئەنجامی ئەم سیاسەتەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ دەبێت پێشبینی ئەوە بکەین کە لە ئایندەدا کارەسات و تەنگژەی زیاتر ڕووبەڕووی ئەم ناوچەیە دەبنەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە سیاسەتەکانی ترەمپ بوونەتە هۆی ئەوەی لە مەودای دوور و نزیکدا پێگەی هێزە خۆسەپێنەکان و سەرکوتکاریی دەوڵەت و توندڕەوەی لەم ناوچەیەدا بەهێزتر بن، لە هەماندا کاتدا هێزە دیموکراسیخوازەکان و هێزەکانی پشتیوانی لە مافەکانی مرۆڤی لاواز کردووە.

*** باشە ئەم جۆرە سیاسەتەی ئیدارەی ترەمپ بە شێوەیەکی سەرەکی چ پاڵنەرێکی لە پشتە؟**

- من پێم وایە بە شێوەیەکی سەرەکی پاڵنەرەکەی بریتییە لە بەرژەوەندییە شەخسی و

سیاسی و ئابوورییەکانی خودی سەرۆك ترەمپ، کە زیاتر تەرکیزی لەسەر ئەوەیە دووبارە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێتەوە. کەواتە پاڵنەرەکەی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی گەلانی ناوچەکە و هێنانەئارای ئاسایش و سەقامگیری نییە لەم ناوچەیەدا، هەروەها ئەو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەبەرچاو ناگرێت، بەڵکو سیاسەتەکانی خۆویستانە و خۆپەرستانەن و بڕیارەکانیشی بێ پرس و راوێژکردن و بێ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی ئیدارەکەیدا دەردەکات. واتە ئەو خۆی و هاوسەری کچەکەی و چەند کەسێکی کەم کە متمانەیان پێ دەکات لە ماوەی شەو و رۆژێکدا بڕیار دەدەن و بۆی هەیە لەو ماوە کورتەدا سیاسەتی ئیدارەکە بگۆڕێت. نزیکەی دوو مانگ پێش ئێستا دۆناڵد ترەمپ دەستی دایە تەلەفۆن و پەیوەندیی بە ئەردۆغانەوە کرد و بە شێوەیەکی ریشەیی سیاسەتی ئەمریکای لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا بۆ شیکردەوە، ئەمەش سەریکێشا بۆ ئەو کارەساتەی کە ئێستا لە ئارادایە.

*** ئێوە لە ئاست سووریادا ئاماژەتان بە گۆڕینی کتوپڕی سیاسەتی ئەمریکا کرد، ئایا پێت وایە دەرئەنجامی ئەم بڕیارە ئەوەیە کە ئەمریکا گۆڕەپانەکەی بۆ هێزە ئیقلمیی و جیهانییەکانی وەك رووسیا و تورکیا چۆڵکرد؟**

- سەرۆك ترەمپ رێککەوتنێکی لەگەڵ تورکیا ئەنجام دا و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش رێککەوتنی لەگەڵ رووسیادا کرد، کە هەردووکیان سوودمەند بوون، ئەوەتا تورکیا بە ناوی زۆنی پارێزراوەوە دەتوانێت لە باکووری سووریا هەر کارێك کە بیەوێت ئەنجامی بدات، رووسیاش توانیویەتی پەرە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە هەمان کاتدا بەشار ئەسەدیش توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بەرفراوان بکاتەوە و بەشێکی زیاتری خاکی سووریا کۆنترۆڵ بکاتەوە. کەواتە ئەمانە دەرئەنجامی سیاسەتە کورتبین و خۆپەرستانەکەی ترەمپن.

*** ئایا پێت وایە بە شێوەیەکی گشتی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی ئەمریکا بایەخێکی کەمتری هەیە؟**

- نەخێر، من پێم وایە هەمان بایەخی پێشووی هەیە و هیچ شتێك نەگۆڕدراوە، یەکێك لە بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەستە بە مەترسی و هەڕەشەی داعشەوە، چونکە لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا چوار راپۆرتی سەربەخۆ بڵاو کرانەوە، کە سێیان ئەمریکی بوون و یەکێکیان نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوی کردەوە، ئەو راپۆرتانە ئاماژە بە دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش دەکەنەوە، کەواتە ئەمە بۆ ئەمریکا و بۆ جیهان بەگشتی هەڕەشەیەکی گەورەی ئەمنییە، کە ترەمپ بایەخی پێ نادات. لە هەمان کاتدا سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. لە ئێستادا تێڕوانینەکە لە نێو خودی ئەمریکا (بە دیموکراتی و کۆمارییەکانەوە) ئەوەیە کە خەڵکی لە دەستی شەڕەکان شەکەت بوون، کاتێك دۆناڵد ترەمپ رایدەگەیەنێت کە هێزەکانی لە ناوچەکە دەکێشێتەوە، ئەوا لە ئەمریکا پێشوازی لێ دەکرێت، چونکە دوای شەڕە درێژخایەنەکان لە عێراق و ئەفغانستان خەڵکی دەیانەوێت کۆتایی بەو شەڕانە بێت.

*** سیاسەت و سزاکانی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا چۆن هەڵدەسەنگێنێت؟ بەتایبەتی کە بۆتە هۆی دروستبوونی کێشە و دژواریی ئابووری بۆ ئەو وڵاتە، ئایا پێت وایە ئامانجە راگەیەندراوەکانی خۆی بەدەست هێناوە؟**

- نەخێر، من پێم وایە ئامانجی پێچەوانەی لێ بەدی هاتووە، چونکە ئەوەی بەدی دەکرێت لە ئێستادا ئەوەیە کە هێشتا ئێران دەتوانێت دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانی بەکار بهێنێت و کەسانی سەختگیری نێو ئێرانیش بەراورد بە رابردوو لە پێگەیەکی بەهێزتردان. هەروەها بە هۆی سیاسەتەکانی ترەمپەوە لە ئێستادا پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران کە پێشتر کۆنترۆڵ کرابوو، لە بەرفراوانبووندایە. بە دڵنیاییەوە دۆڕاوی سەرەکی لەم نێوەندەدا خەڵکی ئێرانە کە کەوتۆتە بەر بەرداشی سیستمێکی خۆسەپێن، کە بە توندی خۆپیشاندەران سەرکوت دەکات، کەواتە ئەمەش یەکێکە لە نموونەکانی

**لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا چوار راپۆرتی سەربەخۆ بڵاو کرانەوە، کە سێیان ئەمریکی بوون و یەکێکیان نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوی کردەوە، ئەو راپۆرتانە ئاماژە بە دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش دەکەنەوە**

**کاتێک دۆناڵد ترەمپ رایدەگەیەنێت کە هێزەکانی لە ناوچەکە دەکێشێتەوە، ئەوا لە ئەمریکا پێشوازی لێ دەکرێت، چونکە دوای شەڕە درێژخایەنەکان لە عێراق و ئەفغانستان خەڵکی دەیانەوێت کۆتایی بەو شەڕانە بێت**

**هێشتا ئێران دەتوانێت دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانی بەکار بهێنێت و کەسانی سەختگیری نێو ئێرانیش بەراورد بە رابردوو لە پێگەیەکی بەهێزتردان**

سیاسەتی شکستخواردووی ترەمپ لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** ئاماژەتان بە خۆپیشاندان کرد، کە ئێستا لە چەندین وڵاتی ئەم ناوچەیە وەك ( عێراق و ئێران و لوبنان) بە دیاریکراوی لە دژی گەندەڵی و نەبوونی هەلی کار لەئارادان، ئایا خوێندنەوە و شرۆڤەی ئێوە بۆ ئەم پەرەسەندنانە چییە؟**

- ئەمانە ئاماژەن بەوەی ئەم ناوچەیە دوچاری تەنگژە و پشێوییەکی قووڵ بۆتەوە، کە بە ئاسانی چارەسەر ناکرێت. خاڵی هاوبەشی نێوان خۆپیشاندانەکانی لوبنان و عێراق و ئێران ئەوەیە کە پاڵنەرەکەیان بریتییە لە هەستێکی قووڵ بە نیگەرانی و تووڕەییەکی زۆرەوە لە ئاست دۆخە ئابوورییەکەدا، کە بەهۆی بێکاری و هەڵکشانی هەژاری و ڕەوشی سەختی ئابوورییەوە کاریگەریی لەسەر ژیانی ملیۆنان کەس هەیە. لە هەمان کاتدا ئەم خۆپیشاندانانە مۆرکێکی سیاسیشیان هەیە، لەبەر ئەوەی ڕەتکردنەوە و نارەزایەتی و تووڕەییەکی قووڵ هەیە لە ئاست حوکمڕانیی سیاسی لە وڵاتەکەدا. کەواتە ئەمانە بەشێکن لە تەوژمێکی بەرفراوانی ناوچەکە، کە لە ماوەی ڕابردوودا خۆپیشاندان لە وڵاتی جەزائیر و میسر و سوودان روویان دا. کەواتە ئەمە پەرەسەندنێکی بەرفراوانە لە ناوچەکەدا و نارەزایەتی و نائومێدییە لە ئاست ڕەوشە ئابوورییەکەدا و لە هەمان کاتدا تووڕەییە لە ئاست نوخبەی سیاسیی دەسەڵاتدار، لەگەڵ خواستێکی قووڵ بۆ لابردنی ئەو نوخبە گەندەڵکارە لە دەسەڵات. کەواتە ئەمانە ئاماژەن بە ناسەقامگیرییەکی گەورە کە ڕووبەڕووی ناوچەکە بۆتەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم پەرەسەندنانە نیگەرانمان دەکەن لەبارەی ئەگەرەکانی داهاتووە، چونکە ناکرێت ئەم پەرەسەندنانە سەرکوت بکرێن، ئەمانە کێشەی گەورە و قووڵن و بۆ ڕۆژگارێکی درێژخایەن ئەم ناوچەیە پێیانەوە گرفتار دەبێت.

*** کەواتە دەبێت لەم ناوچەیەدا چاوەڕوانی ڕۆژگارێکی دوورو درێژی دیکەی ناسەقامگیر بکەین؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، چونکە دەبینین نوخبەی دەسەڵاتدار ئامادە نییە دەستبەرداری دەسەڵات بێت، لە هەمان کاتدا ئامادە نییە لە سیستمەکەدا چاکسازیی ریشەیی و بونیادییش بکات، خۆپیشاندەرانی شەقامەکانیش پاشگەزبوونەوە لە داواکارییەکانی خۆیان ڕەتدەکەنەوە. ڕاستە خۆپیشاندەرانی ئێران سەرکوت کران، بەڵام دەبینین خۆپیشاندانەکانی عێراق و لوبنان درێژەیان هەیە، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، چارەسەرێکی ئاسان بۆ ئەم کێشانە لە ئارادا نییە، لەبەر ئەوە بەڵێ، منیش هاوڕام کە ناسەقامگیری بۆ ڕۆژگارێکی درێژخایەن بەردەوام دەبێت.

*** لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەخنەیەکی زۆرتان لە سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا گرت، بە تێڕوانینی ئێوە ئەمریکا چۆن دەتوانێت لە کەمکردنەوەی کێشەکانی ئەم ناوچەیەدا هاوکار بێت؟**


- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە و پێم وایە لەم ڕووەوە ئومێدێکی کەم هەیە کە لە ماوەی کەمتر لەساڵێکدا سەرۆکێکی دیکە لە ئەمریکا دەسەڵات بگرێتەدەست و سیاسەتێك بگرێتەبەر کە هاوکار بێت بۆ وڵاتانی ناوچەکە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی تەندروستتر و بنیاتنەرانەتر کاروبارەکان بەڕێوە ببەن. کەواتە پێویستە ئەمریکا دەست لە پشتیوانیکردنی دەسەڵاتدارە خۆسەپێنەکان هەڵگرێت و دەستبەرداری بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییە بەرتەسك و کورتمەوداکان بێت، کە لە دەرئەنجامدا پەرەسەندنی درێژخایەنی ئەم ناوچەیەیان لێ ناکەوێتەوە. لە هەمان کاتدا دەبێت پێداگری لەسەر گرێدانەوەی هاوکاری و کۆمەکەکانی بە پرسەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و حوکمڕانی باش و دابەشکردنی دەسەڵاتەوە بکات، بۆ نموونە: ئەگەر بەرگری لەم وڵاتانە بکات و بازرگانییان لەگەڵدا بکات، ئەوا ئەم کارە مەرجدار دەبێت بە ئەنجامدانی چاکسازیی سیاسی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، من پێم وانییە جۆ بایدن لە حاڵەتی بوونی بە سەرۆکی ئەمریکا بتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات، بەڵام پێم وایە ئەگەر بێت و بێرنی ساندەر دەسەڵات بگرێتەدەست، ئەوا دۆخەکە بەرەو باشتر بچێت.

**دۆڕاوی سەرەکی لەم نێوەندەدا خەڵکی ئێرانە کە کەوتۆتە بەر بەرداشی سیستمێکی خۆسەپێن، کە بە توندی خۆپیشاندەران سەرکوت دەکات**

**نوخبەی دەسەڵاتدار ئامادە نییە دەستبەرداری دەسەڵات بێت، لە هەمان کاتدا ئامادە نییە لە سیستمەکەدا چاکسازیی ریشەیی و بونیادییش بکات، خۆپیشاندەرانی شەقامەکانیش پاشگەزبوونەوە لە داواکارییەکانی خۆیان ڕەتدەکەنەوە**

**پێویستە ئەمریکا دەست لە پشتیوانیکردنی دەسەڵاتدارە خۆسەپێنەکان هەڵگرێت و دەستبەرداری بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییە بەرتەسک و کورتمەوداکان بێت**

## دیمانەی تایبەت



ستیڤن جەی پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە و خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوەیە لەبارەی ئاسایشی نێودەوڵەتی، سیاسەتی بەرگری و چەکی ناوکی و کۆنترۆڵکردنی چەك و بواری هەواڵگری. پرۆفیسۆی ستێڤن بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری زانستی سیاسی لە زانکۆی ویسکۆنسین بەدەست هێناوە. هەروەها کاری راوێژکاری بۆ چەندین دامەزراوەی حکومەتی ئەمریکا ئەنجامداوە. لە ئێستادا وانەبێژی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی بەراوردکاری، سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی و فیکری سیاسییە لە زانکۆی پێن ستەیت. گولان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئاڵۆزی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەتایبەتی هەلومەرجی پڕ لە پشێویی وڵاتی سووریا، لەگەڵ تاوتوێکردنی پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم دواییە لەو وڵاتەدا هەر لە بڕیاری ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە بۆ رێگەدان بە تورکیا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و رۆڵی رووسیا بۆ هێنانەئارای چارەسەرێکی سیاسی کە زۆرینەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم وڵاتە لەبارەیەوە هاوهەڵوێست بن.

ستیڤن جەی

تایبەتمەندی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# پەیامەکانی ئیدارەی ئەمریکا تێکەڵن و دۆست و رکابەرەکانیش نازانن ئامانجەکانی چین

*** لە دوای بڕیارەکەی ئەم دواییەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە دۆخی سووریا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و پەرەسەندن و پێشهاتی نوێ لەو وڵاتەدا هاتوونەتەئاراوە، ئێوە چۆن وەسفی بارودۆخەکە لە ئێستادا دەکەن؟**

- زۆر جار لە دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەکانەوە گوێبیستی ئەوە دەبین کە رووسیا براوەی سەرەکیی ئەم پێشهاتە و پەرەسەندنە نوێیانەیە و لە هەمان کاتدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لایەنی دۆڕاوی سەرەکییە، بەڵام من پێم وایە ئەمە سادەکردنەوەیەکی زیاد لە پێویستی دۆخێکی یەکجار ئاڵۆزە. چونکە ئێمە دەبێت بپرسین ئایا رووسیا براوەی چییە و چی بردۆتەوە، چونکە لە ئێستادا بەرپرسیارێتی و ئەرکی گەیشتن یان هێنانەدی رێککەوتنی ئاشتی کەوتۆتە ئەستۆی رووسیا کە ببێتە مایەی رەزامەندیی سەرجەم لایەنە ناکۆك بە یەکەکانی نێو سووریا.

*** ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن لە ئێستادا بە شێوەیەکی سەرەکی بەرپرسیارێتی هێنانەئارای، یان گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی بۆ دۆخی ئاڵۆزی سووریا لە ئەستۆی رووسیایە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا رووسیا کە هاوکار بوو لە یەکلاکردنەوەی دۆخەکە لە رووی سەربازییەوە دەتوانێت هەمان کار لە رووی سیاسییەوە بکات؟**

- لە راستیدا ئەمە پرسیارەکەیە کە ئایا رووسیا دەتوانێت ئەم دەرئەنجامە بەدی بهێنێت؟ چونکە ئەوەی تا ئێستا بەدی کراوە، ئەوەیە کە رووسیا هەوڵ و کۆششێکی دیپلۆماتیی بەهێز و ژیرانەی خستۆتەگەڕ هاوشان بە دەستێوەردانێکی

**نابێت ئێمە هەوڵە دیپلۆماسییە چڕەکانی رووسیا نادیدە بگرین کە دەیەوێت تورکیا لە هەندێ لە پابەندبوونەکانی بە رێکخراوی ناتۆوە دووربخاتەوە**

**ئیدارەی سەرۆک باراک ئۆباما ئاراستەیەکی راستی گرتەبەر کاتێک هەوڵیدا پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێراندا بەرەو پێش ببات و کاتێک رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا واژوو کرد**

**رووسیا هەوڵ و کۆششێکی دیپلۆماتیی بەهێز و ژیرانەی خستۆتەگەڕ هاوشان بە دەستێوەردانێکی سەربازیی سنووردار، واتە رووسیا لە گفتوگۆدایە لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانی ناوچەکەو بەتایبەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە سووریاوە**

**ئەمریکا دەبێت هاوسەنگراگرێکی ستراتیژی بێت لەم ناوچەیەدا، واتە دەبێت کارێک بکات کە دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە هەوڵی بەدەستهێنانی پاڵپشتیی ئەمریکا بدەن نەک ئەمریکا پێشوەختە لایەنگیری لایەنێکی دیاریکراو بکات**

سەربازیی سنووردار، واتە رووسیا لە گفتوگۆدایە لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانی ناوچەکەو بەتایبەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە سووریاوە. لە کاتێکدا ئەمریکا کەمتر دڵنیایە لەبارەی ئامانجە دیپلۆماتییەکانیەوە، کە رەنگە ئەمە رەنگدانەوەی ئەو نادڵنیاییە بێت کە لە کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە.

*** پرسیارێکی دیکەی پەیوەندیدار بە وەڵامی پرسیاری یەکەمەوە ئەوەیە کە ئێوە ئاماژە بە چارەسەرێك دەکەن کە هەمووان پێی رازی بن، بەڵام ئایا دۆخی سووریا بە ئاست و ئەندازەیەکی گەورە ئاڵۆز نەبووە؟ ئایا پێتان وایە هیچ هیوایەك لە ئاسۆدا بەدی دەکرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرێك کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان پێی رازی بن؟**

- ئاشکرایە کە ئەمە رێگایەکی دوور و درێژە، مەبەستم لە گەیشتن بە چارەسەر و رێگاچارەیەکی هەمەلایەن و سەقامگیرە بۆ ئەم دۆخە، بەڵام من پێم وایە پێویستە رووسیا و تورکیا و ئێران، رەنگە هێزە ئیقلیمییەکانی دیکەش لە خۆبگرێت، هەروەها دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بەشدار بێت لە هەوڵێکی دیپلۆماتیی جددییەوە. کە ئەمەش تەرخانکردنی کۆمەڵێك دیپلۆماتکاری پێویستە کە شارەزایی و تایبەتمەندییان هەبێت لە کاروبارەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەدا و متمانە بەخۆبوونێکی پێویست بەدی ناکەین لەم رووەوە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە مایك پۆمپیۆ سەرکردایەتی دەکات و تەنانەت ئەمە بۆ سەروەختی رێك تێلێرسۆن-یش راست بوو.

*** ئەی پێتان وایە لە ئێستادا ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد چ سیاسەتێك لە ئاست سووریادا پیادە دەکات؟**

- ئەوەی لەم رووەوە بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیامی تێکەڵ دەنێرێت بۆ هاوپەیمانەکان و هەروەها بۆ رکابەرەکانیشی لە بارەی ئامانجەکانیەوە، راستکردنەوەی ئەم حاڵەتەش پێویستی بەوە دەبێت لەسەر ئاستی سەرەوە، واتە لەسەر ئاستی کۆشکی سپی، روونکردنەوە بدرێت کە ئایا ئامانجەکانی ئەمریکا چین لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چۆن دەیەوێت بەدییان بهێنێت.

*** لە ماوەی رابردوودا پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تورکیا هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە بینی، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەمریکا ناتوانێت بە تەواوەتی دەستبەرداری تورکیا بێت، پێت وایە لە ئێستادا ئەم پەیوەندییانە بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن، بەتایبەتی دوای کڕینی سیستمی ئێس ٣٠٠ لەلایەن تورکیاوە لە رووسیا؟**

- لە راستیدا دەکرێت و پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تورکیا باشتر بکرێن و بەرەوپێش ببردرێن، پێمان خۆش بێت، یان نا، تورکیا ئەندامی رێکخراوی ناتۆیە و ئەڵقەی گرێدانەوەی نێوان ئەوروپا و ئاسیایە و دوپاتی دەکەمەوە تورکیا ئەندامێکی ناتۆیە کە ناتوانین دەستبەرداری بین و دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەندییەکی دیپلۆماتییانەی بنیاتنەری لەگەڵ تورکیادا هەبێت، بە چاوپۆشین لەوەی چ لایەنێك لەو وڵاتەدا حوکمڕانە.

*** ئەی پێت وانییە رووسیا زۆر بە باشی کەڵکی وەرگرتووە لە هەڵکشانی هەندێك جاری گرژییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تورکیا و ئایا پێت وانییە لەم رووەوە رووسیا هەوڵیدابێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە ئەمریکا جێی هێشتووە؟**

- بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە نابێت ئێمە لەم رووەوە هەوڵە دیپلۆماسییە چڕەکانی رووسیا نادیدە بگرین کە دەیەوێت تورکیا لە هەندێ لە پابەندبوونەکانی بە رێکخراوی ناتۆوە دووربخاتەوە، لە هەمووشیان زەقتر فرۆشتنی سیستمی بەرگریی ئاسمانیی رووسی بوو بە تورکیا، هەروەها لە رێی گرێدانەوەی کۆمەڵێك رێککەوتنی ئابوورییەوە و گرتنەبەری هەڵوێستی هاوبەش لەگەڵ تورکیا لەبارەی سووریاوە. کەواتە دەبێت لەم رووەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وریا بێت لەوەی رووسیا گرەوی لێ نەباتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەمریکا و ناتۆ پێویستیان بە شەراکەتێکی بەهێز هەیە لەگەڵ تورکیا. کەواتە تاوەکو ئەمریکا پەیوەندییەکانی



پەرە پێ بدات لەگەڵ تورکیادا ئەوا پێگەی لەسەر ئاستی جیۆستراتیژی باشتر دەبێت.

*** ئەی چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەڕوانیت لە ئاست ئێراندا، بەتایبەتی ئەوەی پێی دەوترێت هەڵمەتی ئەوپەڕی فشار لە ئاست ئەو وڵاتە و گرتنەبەری سیاسەتی سزای ئابووری بۆ ناچارکردنی بە گۆڕینی سیاسەتەکانی؟**

- سەرەتا دەبێت من ئەوە بڵێم کە من پێم وایە ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما ئاراستەیەکی راستی گرتەبەر کاتێك هەوڵیدا پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێراندا بەرەو پێش ببات و کاتێك رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا واژوو کرد. لەم روانگەیەوە باوەڕم وایە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هەڵەی کرد کاتێك لەم رێککەوتنە کشایەوە و پێم وایە بارودۆخەکەی نالەبارتر کرد.

*** کەواتە ئێوە پێتان وایە ئەو ستراتیژیەتەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ گرتوویەتیەبەر لە ئاست ئێراندا و ناوی لێناوە «هەڵمەتی ئەوپەڕی فشار» ناکارا بووە و بگرە دەرئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتۆتەوە ؟**

- ئەمە دەقاودەق راستە.

*** بە شێوەیەکی گشتی دەبێت ئەمریکا چ سیاسەتێك لە ئاست ئەم ناوچەیە و بەتایبەتی بەرامبەر بە ئێران بگرێتەبەر؟**

- بە تێڕوانینی من ئەمریکا دەبێت هاوسەنگڕاگرێکی ستراتیژی بێت لەم ناوچەیەدا، واتە دەبێت کارێك بکات کە دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە هەوڵی بەدەستهێنانی پاڵپشتیی ئەمریکا بدەن نەك ئەمریکا پێشوەختە لایەنگیری لایەنێکی دیاریکراو بکات. کەواتە بە دیدی من پێویستە ئەمریکا کار لەسەر خاوکردنەوەی ناکۆکییەکان بکات لەگەڵ ئێران، ئەگەرچی ئەمە ئەرك و کارێکی دژوار و پڕ لە تەحەددیشە. لەم گۆشەنیگایەوە من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەو رێگاچارەیەی بەرامبەر ئێران گیراوەتەبەر، چونکە ئەمە بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ شەڕێکی نەخوازراو و دوایین کارێك کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستی پێی بێت، بریتییە لە هەڵگیرسانی شەڕێکی دیکە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کەواتە ئەگەر پوختی بکەمەوە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ئیدارەیەکی باشی دۆخەکەی نەکردووە.

*** باشە پێت وانییە هەڵەی ئەمریکا لەوەدایە کە دەیەوێت گۆڕانکاری لە ئێراندا بکات، لە بری ئەوەی کە بیەوێت رێککەوتنی لەگەڵدا بکات؟**

- لە راستیدا ئێمە نازانین دەقاودەق ئەمریکا چی دەوێت لەگەڵ ئێراندا، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە حەماسێکی زۆر نییە لە نێو پەنتاگۆندا بۆ چونە نێو شەڕێکەوە لە دژی ئێران، من پێم وایە دەبێت ئەمریکا سزا و پاداشت تێکەڵ بکات، واتە دەبێت ئەمریکا لەلایەك هەوڵی دیپلۆماسی بدات و شتێك بە ئێران ببەخشێت کە دەیەوێت و لە هەمان کاتدا سوپای ئەمریکاش ئامادە بێت بۆ کاردانەوە ئەگەر هاتوو ئێران یان وەکیلەکانی کارێکیان کرد کە ئێمە پەسەندی ناکەین.

**دەبێت ئەمریکا لەلایەک هەوڵی دیپلۆماسی بدات و شتێک بە ئێران ببەخشێت کە دەیەوێت و لە هەمان کاتدا سوپای ئەمریکاش ئامادە بێت بۆ کاردانەوە ئەگەر هاتوو ئێران یان وەکیلەکانی کارێکیان کرد کە ئێمە پەسەندی ناکەین**

# نیعمەتی نیشتمان

نیشتمان واتە شوێنی لەدایکبوون و نیشتەجێی مرۆڤەکان، دیارە خۆشەویستیی نیشتمان لە دڵی هەر کەسێکمان پێگەی خۆی هەیە و شوناسی هەر مرۆڤێکە لە سەر گۆی ئەم زەمینە و جێی ئیفتیخاریەتی و حەقی خۆیەتی ئێمەی موسڵمانیش بزانین و بپرسین: ئایا لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (دخ) ئەم بابەتە چۆن قسەی لە سەر کراوە؟

بڕوانە خودا چۆن باسی ئەو پیلانەی بێباوەڕانمان بۆ پێغەمبەر(دخ) دەکات، سەبارەت بە لەناوبردنی کە چۆن تەدبیرەکانیان پووچەڵ دەکاتەوە، کە دەفەرموێت: (وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ)[١].

واتە تەدبیری ئەوەیان دەکرد، ئەی محەمەد دەست بەسەرت بکەن، یا لەناوت بەرن، یان دەرتپەڕێنن لە زێدی دایك و باوکت..

ئەوەی دەمانەوێت قسەی لەسەر بکەین، دوورخستنەوە لە شوێنی نیشتەجێ و زێد و شوێنی لەدایکبوونە. دیارە دەرپەڕاندن لە نیشتمان کاریگەریی خۆی هەیە، چونکە بە ڕاستی مرۆڤ وا بە سانایی ناتوانێت دەستبەرداری نیشتمان بێت، هەر بۆیە یەکێك لە بژاردەی بێباوەڕو موشریکەکان چەکی دوورخستنەوەی پێغەمبەر (دخ) بوو لە مەککەی موکەڕەمە و سوپاس بۆ خودا سەرکەوتوو نەبوون.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دابەزینی وەحی بۆ سەر پێغەمبەر (دخ) کاتێ کە لە ئەشکەوتەکەدا بوو، دواجار گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان، حەزرەتی خەدیجەی خێزانی دڵنیای کردەوە و بردیە لای وەرەقەی کوڕی نەوفەلی ئامۆزای کوێر بوو، بەڵام شارەزاییەکی باشی



**د. سیروان ئەحمەد قادر**
مامۆستای ئایینی و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەبوو لە ئینجیل، کاتێ پێغەمبەر (دخ) بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، وتی: هەر ئەو پەیامەیە کە دابەزیوەتە سەر حەزرەتی مووسا (دخ) ئەگەر بهاتایە تەمەن بواری بدامایە، پشتیوانیم دەکردی، چونکە قەومەکەت دەرت دەکەن لە مەککە، ئا لەو ساتە پێغەمبەر(دخ) سەرسام بوو، فەرمووی قەومەکەم دەرم دەکەن! بڕوانن دوورخستنەوە لەو خاکەی تیایدا لەدایکبوون و دەژین و چاوتان تێدا هەڵهێناوە، زۆر زەحمەت و ئەستەمە، بۆیە قسەکەی وەرەقەی کوڕی نەوفەل کاری تێکرد. ئا ئەوەیە خۆش ویستنی نیشتمان .

(فَانْطَلَقَتْ بِهِ خَدِيجَةُ حَتَّى أَتَتْ بِهِ وَرَقَةَ بْنَ نَوْفَلِ بْنِ أَسَدِ بْنِ عَبْدِ العُزَّى ابْنَ عَمِّ خَدِيجَةَ وَكَانَ امْرَأً تَنَصَّرَ فِي الجَاهِلِيَّةِ ، وَكَانَ يَكْتُبُ الكِتَابَ العِبْرَانِيَّ ، فَيَكْتُبُ مِنَ الإِنْجِيلِ بِالعِبْرَانِيَّةِ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَكْتُبَ ، وَكَانَ شَيْخًا كَبِيرًا قَدْ عَمِيَ ، فَقَالَتْ لَهُ خَدِيجَةُ : يَا ابْنَ عَمِّ، اسْمَعْ مِنَ ابْنِ أَخِيكَ ، فَقَالَ لَهُ وَرَقَةُ : يَا ابْنَ أَخِي مَاذَا تَرَى ؟ فَأَخْبَرَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خَبَرَ مَا رَأَى ، فَقَالَ لَهُ وَرَقَةُ : هَذَا النَّامُوسُ الَّذِي نَزَّلَ اللَّهُ عَلَى مُوسَى ، يَا لَيْتَنِي فِيهَا جَذَعًا ، لَيْتَنِي أَكُونُ حَيًّا إِذْ يُخْرِجُكَ قَوْمُكَ ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : أَوَ مُخْرِجِيَّ هُمْ ، قَالَ : نَعَمْ ، لَمْ يَأْتِ رَجُلٌ قَطُّ بِمِثْلِ مَا جِئْتَ بِهِ إِلَّا عُودِيَ ، وَإِنْ يُدْرِكْنِي يَوْمُكَ أَنْصُرْكَ نَصْرًا مُؤَزَّرًا . ثُمَّ لَمْ يَنْشَبْ وَرَقَةُ أَنْ تُوُفِّيَ ، وَفَتَرَ الوَحْيُ)[٢].

بڕوانن کاتێك پێغەمبەر (دخ) هیجرەتی کرد لە مەککەوە بەرەو مەدینە، لە جوحفە ئاوڕێکی دایەوە تاکو تەماشای مەککە بکات، خودا پێی فەرموو: (إِنَّ الَّذِي فَرَضَ عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لَرَادُّكَ إِلَى مَعَادٍ)[٣].

**ئەو ئینتیما و خۆشەویستییەی پێغەمبەر (دخ) بۆ نیشتمان پێمان دەڵێت، هیچ ناشەرعییەک نییە لە رووی شەرعەوە کەسێک نیشتمانی خۆی خۆش بوێت، بە مەرجێک لەسەر حیسابی بیرو باوەڕەکەی نەبێت**

**ئینسان بە (فگرە) واتە خودا وا خەڵقی کردووە، خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ شوێنی لەدایکبوونی هەبێت و هەست و سۆزی بۆی بجووڵێت، لە هەر شوێنێک بێت، هەر بۆیە لەزۆر شوێنی دونیا سزای دوورخستنەوە (النفی) دەسەپێندرێت بە سەر سیاسییەکاندا، کاتێک دژی حوکمڕانەکانیان دەوەستنەوە**

أي (لرادك إلى معاد في الظاهر إلى مكة وكان يقول كثيرا الوطن الوطن فحقق الله سؤله)[٤].

واتە هەر دەگەڕێیتەوە بۆ مەككە، پێغەمبەر (دخ) بەردەوام دەیفەرموو نیشتمان نیشتمان، خودا ئاواتەكەی بۆ هێنایەدی كاتێك كە فەتحی مەككە كرا، دیارە ئا ئەم ئینتیما و خۆشەویستییەی پێغەمبەر (دخ) بۆ نیشتمان پێمان دەڵێت، هیچ ناشەرعییەك نییە لە رووی شەرعەوە كەسێك نیشتمانی خۆی خۆش بوێت، بە مەرجێك لەسەر حیسابی بیرو باوەڕەكەی نەبێت. ئەوە نییە خودا مزگێنیی گەڕانەوە بە پێغەمبەر (دخ) دەدات، كاتێك ئاوڕ لە مەككە دەداتەوە لە جوحفە وەك ئاماژەمان پێكرد.

ئینسان بە (فطرة) واتە خودا وا خەڵقی كردووە، خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ شوێنی لەدایكبوونی هەبێت و هەست و سۆزی بۆی بجووڵێت، لە هەر شوێنێك بێت، هەر بۆیە لەزۆر شوێنی دونیا سزای دوورخستنەوە (النفی) دەسەپێندرێت بە سەر سیاسییەكاندا، كاتێك دژی حوكمڕانەكانیان دەوەستنەوە، جا ئەم دوورخستنەوەیە بە زیندانی بێ، یان بۆ شوێنێكی دیكەی نیشتەجێبوونی، یان نەفیكردن بێ، واتە دوورخستنەوە لە وڵات.

چۆن؟؟ دەسەڵاتی داگیركەری بەریتانیا شێخ مەحموودیان نەفی كرد بۆ هیندستان، ئەو كاتەی رووبەڕوویان بووەوە لە كوردستان.

تۆ بڕوانە بێباوەڕەكان كاتێك كە خودای مەزن پێغەمبەری بۆ دەناردن، چ هەڵوێست و رەفتارێكی خراپیان لە گەڵ دەكردن، خودا سەبارەت بە رەفتاری ئەو بێباوەڕانە چ دەفەرموێت: (وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُمْ مِنْ أَرْضِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ الظَّالِمِينَ)[٥].

واتە بێباوەڕان لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو پێغەمبەرانە (دخ)، هاتن بە شێوازی جۆراوجۆر رەفتاریان لەگەڵ كردن، بە ترساندن و تۆقاندن و دەركردن و دوورخستنەوە لە زێدی دایك و باوكیان. ئەوەی دەمانەوێت ئاماژەی پێ بكەین سیاسەتی نەفیكردنە لە نیشتمان، دیارە دوورخستنەوە و دەركردن (ترحیل) كاریگەریی زۆر گەورە دروست دەكات لەسەر كەسەكان، بۆیە بەردەوام دەسەڵاتداران و ستەمكاران بۆ سزادانی نەیارەكانیان ئەم سیاسەتەیان بە كارهێناوە.

قَالَ رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لمكة: (مَا أَطْيَبَكِ مِنْ بَلَدٍ وأَحبَّكِ إلَيَّ، وَلَوْلَا أَنَّ قَوْمِي أَخْرَجُونِي مِنْكِ مَا سكنت غيرك)[٦].

واتە ئەی مەككە لە دڵمدا چەند خۆشەویست و جوانی، ئەگەر قەومەكەم دەریان نەكردمایە لێت، لە هیچ شوێنێكی دی نیشتەجێ نەدەبووم. ئەم كەسەرەی پێغەمبەر (دخ) بۆ شوێنی لەدایكبوون و گەورەبوونی پێمان دەڵێت: نیشتمان نیعمەتە، كاتێك ئەم نیعمەتەت لە دەست دەچێت، بە هەر هۆكارێك بێت، كاریگەریی خۆی دروست دەكات لەسەر تاكەكان و كەسەكان، هەر بۆیە پێغەمبەر (دخ) دوعای دەكرد و دەپاڕایەوە و دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ حَبِّبْ إِلَيْنَا الْمَدِينَةَ كَحُبِّنَا مَكَّةَ أَوْ أَشَدَّ)[٧].

واتە خودایە چۆن مەككەت لا خۆشەویست كردووین، ئاوهاش مەدینەمان لا خۆشەویست بكەیت.

سەرجەم ئەم ئایەت و فەرموودانە ئەوەمان بۆ دەخەنەڕوو كە خۆشەویستیی خاك و نیشتمان دروست و شەرعییە، بەڵكو نیعمەتێكە خودا پێی داوین، دەبێت وەكو چاومان پارێزگاری لێ بكەین و داكۆكی تەواوی لێ بكەین، بەتایبەت ئەو كاتانەی دەستدرێژی بۆ دەكرێت، لە لایەن دوژمنان و نەیارانەوە، بەڵكو گیانی خۆمانی بۆ فیدا بكەین، وەكو چۆن لە فەرموودەدا هاتووە .

قال رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (من قتل دون ماله فهو شهيد)[٨].

نابێت بە هیچ جۆرێك خیانەت بكەین بەرامبەر بە خاك و نیشتمان، بەوەی دەست بكەینە نێو دەستی دوژمنان و نەیاران بۆ داگیركردنی، چونكە بە خیانەتكار ناوزەند دەكرێین وەكو (أبورغال)[٩] كە هێمای خیانەتكارییە لە نێو خێڵەكانی عەرەبدا ئەوەی خیانەت بكات پێی دەڵێن (ابورغال)، دیارە ئەم ناوە لە خۆیەوە نەهاتووە كاتێك ئەبرەهە كە حاكمی یەمەن بوو، ویستی پەلاماری ماڵی خوا بدات لە مەككە، شارەزای رێگا و بانەكانی نەبوو، ئەوە بوو (أبورغال) دەلیل بوو، واتە رێپیشاندەریان بوو بۆ مەككە، تا لەو ساتە وەختەدا كەسێك ئامادە نەبوو ئەو خیانەت و بێ

وەفاییە بکات بەرامبەر بە نیشتمانی خۆی، لەگەڵ ئەوەی پارەیەکی زۆریان تەرخان کردبوو بۆ ئەم مەبەستە، تەنیا (أبورغال) نەبێت خیانەتی لە خاك ونیشتمان کرد، هەربۆیە لەو ساتەی کە خودا سوپاکەی ئەبرەهەی تێکشکاند و لە ناوی بردن و فەوت بوون لە ساڵی ٥٧١ زایینی پێش هاتنی ئیسلام، عەرەبەکان دەبوو لە دوای زیارەتی حەجیان، قەبری (أبورغال) یش ڕەجم بکەن، ئینجا بگەڕێنەوە بۆ لای کەسوکارەکانیان.

خودای باڵا دەست ئەم بەسەرهاتە بۆ پێغەمبەر(دخ) دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: (أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ* أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ* وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ* تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ* فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ*)[10].

قال الأصمعي[11] سمعت أعرابيا يقول: (إذا أردت أن تعرف الرجل فانظر كيف تحننه إلى أوطانه وتشوقه إلى إخوانه، وبكاؤه على ما مضى من زمانه)[12].

دیارە لە ناو هۆزەکان خۆشویستنی خاك و نیشتمان یەکێك بووە لەو پێوەرانە، کە جوامێری و پیاوەتی کەسەکانیان پێ هەڵسەنگاندووە، وەکو ئەوەی (أصمعی) گوێبیستی بووە لە پیاوێك.

ئێوە بڕوانن (ئیبراهیم کوڕی ئەدهەم)[13]، چ دەڵێت سەبارەت بە دوورکەوتنەوە لە نیشتمان، بە ڕاستی جێی تێڕامانە (ما قاسيت فيما تركت شيئا أشد علي من مفارقة الأوطان)[14].

واتە ئەوەی بەجێم هێشتوون، ئەوەندە کاری تێ نەکردووم، وەك دوورکەوتنەوەم لە وەتەن. دیارە دوورکەوتنەوە لە نیشتمان زۆر کاریگەر وجەرگبڕ بووە بەلایانەوە .

قال الأصمعي أيضا قالت الهند ثلاث خصال في ثلاثة أصناف من الحيوان، الإبل تحن إلى أوطانها، وإن كان عهدها بها بعيدا، والطير إلى وكره، وإن كان موضعه مجدبا، والانسان إلى وطنه، وإن كان غيره أكثرنفعا[15].

(أصمعی) دەڵێت: ئافرەتێك کە ناوی هیند بوو، ئاماژەی کرد کە سێ سیفەت هەن لە چەند گیانلەبەرێك شایەنی باسکردنن، وشتر خولیای شوێنی لەدایکبوونیەتی، ئەگەر چەندێکیش لێی دوور بخرێتەوە، هەروەها پەلەوەر هۆگری هێلانەکەیەتی، ئەگەر هیچیشی لێ نەبێت، مرۆڤیش خولیای نیشتمانەکەیەتی ئەگەر سوودێکی وەهاشی بۆی نەبێت.

قَالَ رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (السَّفَرُ قِطْعَةٌ مِنَ العَذَابِ، يَمْنَعُ أَحَدَكُمْ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ وَنَوْمَهُ، فَإِذَا قَضَى نَهْمَتَهُ، فَلْيُعَجِّلْ إِلَى أَهْلِهِ)[16].

واتە سەفەر ئازار و ناخۆشییە، لە بەر ئەوەی بەرنامەی ژیانت دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە خاك و نیشتمان دوور دەکەویتەوە، ئەمە بۆ خۆی ئازارێکە، هەروەها خواردن و خواردنەوە و خەوت لێ تێك دەچێت. تۆ بڕوانە سەروەرمان محەمەد (دخ) دەفەرموێت: ئەو کاتەی ئامانجی خۆت پێکا لەو سەفەرەت، هەر بە زوویی بگەڕێوە بۆ ناو کەسوکارت..

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە دیارە دوورکەوتنەوە لە کەسوکار و خاك و نیشتمان کاریگەریی خۆی هەیە، ئەگینا پێغەمبەر (دخ) بۆ وا دەفەرموێت: پەلە بکە لە گەڕانەوەت بۆ ناو خێزان و کەسوکارت. خۆ ئەم سەفەرکردنە مرۆڤ بە ویستی خۆی دەیکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئەی ئەگەر دوورت بخەنەوە، یا تەرحیلت بکەن بە زۆر، وەکو بەسەرماندا هات لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و سەددامییەکان، هەروەها لە هەموو پارچەکانی کوردستانی گەورە بەشی کوردی داماو هەر بە(عەرەب و تورك و فارس)کردن و ڕاگواستن و دەربەدەری و کوشتن و بڕین بووە، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی داوای مافی خۆی کردووە و ویستوویەتی بە سەربەرزی بژی.

ئەوانەی کە میللەتێك سەرگەردان دەکەن و خاکیان داگیر و دابەش دەکەن، بەرپرسیارن و لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، تەماشابکەن خودای مەزن چ دەفەرموێت لەم بارەیەوە: (وَتَرَى كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَى إِلَى كِتَابِهَا الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ* هَذَا كِتَابُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِالْحَقِّ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ)[17].

واتا گشتییەکەی ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت، دەسەڵاتداران و حوکمڕانەکانی هەموو ئوممەتێك لێپێچنەوەیان لەگەڵدا دەکرێت لەوەی کە ئەنجامیان داوە بەرامبەر هاووڵاتیانی خۆیان و

**سیاسەتی نەفیکردنە لە نیشتمان، دیارە دوورخستنەوە و دەرکردن (ترحیل) کاریگەریی زۆر گەورە دروست دەکات لەسەر کەسەکان، بۆیە بەردەوام دەسەڵاتداران و ستەمکاران بۆ سزادانی نەیارەکانیان ئەم سیاسەتەیان بە کارهێناوە**

**کاتێک ئەبرەهە کە حاکمی یەمەن بوو، ویستی پەلاماری ماڵی خوا بدات لە مەککە، شارەزای ڕێگا و بانەکانی نەبوو، ئەوە بوو (أبورغال) دەلیل بوو، واتە ڕێپیشاندەریان بوو بۆ مەککە، ئا لەو ساتە وەختەدا کەسێک ئامادە نەبوو ئەو خیانەت و بێ وەفاییە بکات بەرامبەر بە نیشتمانی خۆی، لەگەڵ ئەوەی پارەیەکی زۆریان تەرخان کردبوو بۆ ئەم مەبەستە، تەنیا (أبورغال) نەبێت خیانەتی لە خاک ونیشتمان کرد**

**وشتر خولیای شوێنی لەدایکبوونیەتی، ئەگەر چەندێکیش لێی دوور بخرێتەوە، هەروەها پەلەوەر هۆگری هێلانەکەیەتی، ئەگەر هیچیشی لێ نەبێت، مرۆڤیش خولیای نیشتمانەکەیەتی ئەگەر سوودێکی وەهاشی بۆی نەبێت**

**لە هەموو پارچەکانی کوردستانی گەورە بەشی کوردی داماو هەر بە(عەرەب و تورك و فارس) کردن و راگواستن و دەربەدەری و کوشتن و بڕین بووە، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی داوای مافی خۆی کردووە و ویستوویەتی بە سەربەرزی بژی**

میللەتانی دی بە هۆی ئەو پیلانگێڕییانەی بەرامبەر ئەو میللەتە هەژار و داماوانە کردوویانە، تەنیا بۆ ئەوەی دەسەڵات و حوکمڕانییان فراوان بکەن لە سەر حیسابی ئەو میللەتە بێ دەسەڵاتانە، بۆ نموونە کە لاپەڕەی مێژووی وڵاتی ئوستڕالیا هەڵدەدەیتەوە، بۆت ئاشکرا دەبێت کە چۆن دانیشتووانی رەسەنی ئەم شوێنە پەلامار دراون و کومەڵکوژ و جینوساید کراون، دوای ئەوەی خاکەکەیان لێ داگیر کراوە، ئێستا ژمارەی دانیشتووانی رەسەنی ئوستڕالیا (٢،٤٪) ئەوەندەن، واتە دانیشتووانی ئوستڕالیا لە ٩٧،٦٪ داگیرکەران پێکهاتووە، دیارە داگیرکەری بەریتانی هیچ بوارێکی پێ نەداون، بەڵکو لە کۆی ٢٥٠ زمانی گفتوگۆکردن، ١٢ زمانی لێ ماوەتەوە کە ئێستا ئاخاوتنی پێ دەکرێت، (سكان أستراليا الأصليون يقصد بالسكان الأصليون لأستراليا من سكنوا استراليا قبل الاحتلال البريطاني وهم الأبورجينيز حيث استوطنوها وسكنوا أيضاً الجزر التي المحيطة بها، ويشكلون نسبة ٢,٤٪ من مجموع سكانها، أي ٤٥٨,٥٢٠ نسمة حسب إحصائيات عام ٢٠٠١م، وبلغ عددهم حسب إحصائيات العام ٢٠٠٦م ٥١٧,٢٠٠ نسمة، كما يتحدّثون أكثر من مئتين وخمسين لغة، لكن اليوم انقرضت ولم يتبقَ منها إلا خمس عشرة لغة.

توزيع السكان الأصليين لأستراليا يتوزع السكان الأصليون في عدة ولايات كالآتي: اسم الولاية عدد السكان الأصليين فيها مقاطعة العاصمة الأسترالية ٤,٠٠٠ نسمة جزيرة تسمانيا ١٦,٩٠٠ نسمة ولاية جنوب أستراليا ٢٦,٠٠٠ نسمة ولاية فكتوريا ٣٠,٨٠٠ نسمة المقاطعة الشمالية ٦٦,٦٠٠ نسمة ولاية غرب أستراليا ٧٧,٩٠٠ نسمة ولاية كوينزلاند ١٤٦,٤٠٠ نسمة ولاية نيو ساوث ويلز ١٤٨,٢٠٠ نسمة سكان أستراليا اليوم يتألف المجتمع السكاني فيها اليوم من عدة مجموعات عرقية الآتي: المجموعة العرقية نسبتهم من مجموع السكان الأستراليون ٣٧,١٣٪ الإنجليز ٣٢٪ الإيرلنديين ٩٪ السكوتلنديون ٨٪ الإيطاليون ٤٪ الألمانييون ٤٪ الصينييون ٣٪ الإغريق ٢٪ لغة سكان أستراليا يتحدث غالبية سكانها اللغة الإنجليزية الأسترالية التي تعتبر لغة وطنية في أستراليا، وهناك أقليات تتحدث اللغة الإيطالية، والكانتونية، واليونانية، والصينية، واليونانية، والهندية، والفيتنامية. دين سكان أستراليا يدن غالبية السكان بالديانة المسيحية وتتخذ الأديان التوزيع الآتي: اسم الدين نسبة الذين يديون به من مجموع السكان المسيحية الرومانية الكاثوليكية ٢٥,٣٪ المسيحية الأنجليكية ١٧,١٪ مسيحية أخرى ١٨,٧٪ البوذية ٢,٥٪ الإسلامية ٢,٢٪ الهندوسية ١,٣٪ أديان أخرى ١,٢٪ لادينية ٢٢,٣٪ موقع أستراليا الموقع الفلكي: تقع فلكياً على خط طول ١٤١ درجة شرق خط جرينتش، وعلى دائرة عرض ٢٦ درجة جنوب خط الاستواء. الموقع الجغرافي: تقع جغرافياً في الجهة الجنوبية الشرقية من قارة آسيا وتحديداً في الجهة الغربية من المحيط الهادي، حيث يحدها من جهة الشرق ببحر كورال وبحر تسمان، ويحدها من جهة الشمال بحر أرفورا ومضيق تورز وبحر تيمور، ويحدها من جهة الجنوب ممر باس، ويحدها من جهة الجنوب الغربي المحيط الهندي)[١٨].

نموونە و هاوشێوەی ئەم وڵاتی ئوستڕالیایە زۆرن، تەماشا بکەن کوردستانیان چۆن دابەش کرد لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، ئەو وڵاتانە لە نێوان خۆیان بە هاوکاری و پشتیوانیی زلهێزەکانی وەکو فەرەنسا و بەریتانیا و...هتد، ئەو داگیرکەرانە ئێستاشی پێوە بێت، بە هەموو شێوازێك پەلاماری دانیشتووانی ئەم چوار پارچەی کوردستانە دەدەن، بە هەموو جۆرە چەکێکی قەدەغەکراو لێیان دەدەن و دەست ناپارێزن. ئەوەتا لە عێراق چی نەما بەرامبەر میللەتی کورد کرا لە لایەن حوکمڕانەکانیانەوە، لە دوای رووخانی سەدامییش دەسەڵاتی شیعە بە مالیکی و عەبادییەوە قوسوریان بە کورد نەکردووە و زۆرینەی سوننەی عەرەبیش ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت، هەروەکو مالیکی و عەبادی بیردەکەنەوە بەرامبەر میللەتی کورد، وەکو چۆن لەوەو پیش کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو، چییان بە کورد کرد!!! لە داگیرکردنی خاك و ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژی و زیندەبەچاڵکردنیان، جارێکیتر وادەکەنەوە، هەروەها لە تورکیا بڕوانن ئەتاتورك و دوای ئەویش ئەردوغانی ئیخوان و تاوانکار چۆن پەلاماری کوردستانی باشوور و

ڕۆژئـاوا دەدات بـە بەرچـاوی هەمـوو جیهانـەوە ئـەو قەتڵوعـام و گۆڕینـی دیموگرافیایـە دەکات لـە ناوچە کوردستانییەکانی ڕۆژئـاوا لـە عەفریـن و ناوچەکانـی دیکـە، بـە هەمـان شـێوە ڕژێمـی ئێرانیـش لـە دوژمنـاکاری خـۆی بەرامبـەر کوردانـی ئـەو پارچەیـە ڕانەوەسـتاوە، ئەمانـە و ئەو زڵهێزانـەش ڕووڕەشی دونیا و قیامەت دەبن. بڕوانن هەندێك لەوانەی تەفسیری ئەو ئایەتەیان کـردووە: (وَتَـرَى كُلَّ أُمَّـةٍ جَاثِيَـةً كُلُّ أُمَّـةٍ تُدْعَـى إِلَى كِتَـابِهَا الْيَـوْمَ تُجْـزَوْنَ مَـا كُنتُـمْ تَعْمَلُـونَ)[١٩].

أي (كل أمـة تدعـى إلى صحيفـة أعمالهـا وماسـطرعليها مـن خـير وشر التـي كتبتهـا الحفظة لتحاسـب عليها,ويقـال لهـم اليـوم تجـزون ماكنتـم تعملـون)[٢٠].

إذن فكـما يحاسـب الفـرد تحاسـب المجتمعـات والحضـارات والأمـم ، لتعـرف أن تعاونهـا , تماسـكها كان عـلى شر أو كان عـى خـير؟[٢١].

لێـرەوە نیعمەتـی نیشـتمان دەردەکەوێـت کـە چەندێـك شـیرین و گەورەیـە، بـەڵام خیانـەت و دەسـت تێکەڵکـردن لەگـەڵ دوژمنـان مایـەی سەرشـۆڕی و نەفرەتـی هەتـا هەتاییـە وەکـو (أبورغـال).

لـەم سـەردەمەی ئێسـتاماندا نموونـەی (أبورغال)مـان زۆرن، مێـژووش ڕەحم بـە کەسـیان نـاکات، ئەگـەر تەماشـای بەڵگەکانـی ویکیلیکس بکـەن، دەردەکەوێـت کێـن ئەوانـەی خیانەتیـان لـە قەومـی خۆیـان کـردووە، بەرامبـەر بـە هەندێـك پـوول و پایـە و دەسـەڵات کـە چارەنووسـی میللەتیـان بـە کـوێ گەیانـدووە، بێگومـان ئـەو جـۆرە خائیـن و خۆفرۆشـانە ڕووبـەڕووی سـزاییەکی تونـد دەبنـەوە لـە دونیـا و قیامەتـدا، بـەڵام بەپێچەوانـەوە ئەگـەر بەوەفایـی و دڵسـۆزی و گیـان فیداکاریـت بەرامبـەر نیشـتمان هەبـوو، ئـەو کات تـۆ لـە نێـو دڵـی میللەتـدا دەژیـت و سـەربڵند و بەڕێـز و بەحورمەتـی.

ئەگەر تەماشای بەڵگەکانی ویکیلیکس بکەن، دەردەکەوێت کێن ئەوانەی خیانەتیان لە قەومی خۆیان کردووە، بەرامبەر بە هەندێک پوول و پایە و دەسەڵات کە چارەنووسی میللەتیان بە کوێ گەیاندووە

دەسەڵاتداران و حوکمڕانەکانی هەموو ئوممەتێک لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت لەوەی کە ئەنجامیان داوە بەرامبەر هاووڵاتیانی خۆیان و میللەتانی دی بە هۆی ئەو پیلانگێڕییانەی بەرامبەر ئەو میللەتە هەژار و داماوانە کردوویانە، تەنیا بۆ ئەوەی دەسەڵات و حوکمڕانییان فراوان بکەن

---

١. سورة الأنفال الاية ٣٠
سورة الأنفال الاية ٣٠ .
فتـح البـاري شرح صحيـح البخـاري رقـم الحديـث ٣ ج١ ص٢٩ . صحيـح مسـلم رقـم الحديـث ١٦٠ ج٢ ص٢٥٢ .
سورة القصص الاية ٨٥ .
تفسير القشيري / ج٢ ص٤٤٨ .
سورة ابراهيم الاية ١٣ .
سنن الترمذي رقم الحديث ٣٩٢٦ ج ٣ ص ٧٢٢ .
صحيح البخاري رقم الحديث ١٨٨٩ ص٤٥٤ .
فتـح البـاري شرح صحيـح البخـاري رقـم الحديـث ٢٤٨٠ ج٥ ص ١٥٢ .
البداية والنهاية /لابن الكثير ج ١-٢ ص ٥٦٥
سورة الفيل .
هـو عبدالملـك بـن قريـب بـن عـلي بـن أصمـع الباهـلي (١٢٢ هـ - ٢١٦ هـ) ولادتـه ووفاتـه في اليـصرة – راويـة العـرب ، وأحـد أئمـة العلـم باللغـة والشـعر والبلـدان ، نسـبته الى جـده أصمـع كان كثـير التطـواف في البـوادي ، وكان الرشـيد يسـميه ( شـيطان الشـعر ) ، قـال الأخفـش : مـا رأينـا أحـدا أعلـم بالشـعر مـن الأصمعـي ، تصانيفـه ( المـترادف – ط ) و ( الفـرق – ط ) أي الفـرق بـين اسـماء الأعضـاء مـن الإنسـان والحيـوان . ترجمتـه الأعـلام للـزركلي ج٤ ص١٦٢ .
كشف الخفاء ج١ ص ٣٩٤ .
ابراهيـم بـن أدهـم بـن منصـور التميمـي البلخـي (١٦١هـ- ٧٧٨م) ابـو اسـحاق زاهـد مشـهور ، كان أبـوه مـن أهـل الغنـى في بلـخ فتفقـه ورحـل إلى بغـداد ، وكان يلبـس في الشـتاء فـروا لا قميـص تحتـه ولا يتعمـم في الصيـف ولا يحتـذي ، يصـوم في السـفر والإقامـة، أنـه مـات ودفـن في سـوفنن (حصـن مـن بـلاد الـروم) . ترجمتـه الاعـلام للـزركلي ج١ ص ٣١ .
حلية الأولياء ج٧ ص ٣٨٠ .
. المقاصد الحسنة ص ٢٩٢ .
فتـح الباريـشرح صحيـح البخـاري رقـم الحديـث ١٨٠٤ ج٣ص ٧٨٥، وصحيـح مسـلم رقـم الحدبـث ١٩٢٧ ج٦ص ٥٤٨ .
سورةالجاثية الاية ٢٨- ٢٩ .
لينـكي ٣https://mawdoo//com. و ar.wikipedia. org/wiki
سورة الجاثية الاية ٢٨.
تفسـير المراغـي / أحمـد مصطفـى المراغـي ج٢٥ ص١٦١ و تفسـير المنـان / للسـعدي ص٩١٧ و تفسـير جوامـع الجامـع / لأبي عـلي الفضـل الطـبرسي ج٣ ص ٣٤٠ . وتفسـير البيضـاوي ج٣ ص ٢٧٢ .
المحـاور الخمسـة للقـران الكريـم/ محمـد الغـزالي ص ١٣٦ .